ئەمینداریەتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان یارمەتی
لەچاپ دانی داوە

# فەرهەنگی
# ئێریەن قاچ

لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردی یە،
لە نێوان
هەندێ وشەی
گاتەکان و
هاوئاوازو هاو واتایان
لە زمانی کوردی ی
ئەمڕۆدا

محەمەد ئەمین هەورامانی

ئەم بەرهەمە

پێشکەشە بەو خێزانەی کە لە غەریبیدا دەژیو منداڵەکانی بە زمانی کوردیی گۆچ دەکات!

م. هەورامانی

ئەوەی، کە دەبێ دانی پیادا بنرێت و بوترێت، ئەوەیە، کە من بە هیچ جۆرێ، بە نیازی هێنانەدی بەرهەمێکی وەهای وەك ئەم فەرهەنگە، هەرگیز لە نەخشەی پشکنینم دا نەبووە!.

ئەو هۆیەی، کە ئەم بەرهەمە بچکۆلەیەی هێنایە ناوەوە، دەگەڕێتەوە بۆ جۆری ڕێبازی ئەو هەوڵ و تەقالای پشکنینە، کە ماوەیەکە خۆم پێیەوە خەریك کردووە، بە نیازی هێنانەدی بەرهەمی «مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی» و لەم ڕووەشەوە چ بە دەمەکی و چ بە وتار، خوێنەری ئەم جۆرە باسانەم (ئەم جۆرە باسە کوردیانە) ئاگادار کردووە، بەو مەبەستەی و بەو ئاواتەی، کە ئەگەر یەکێك – زۆر نەبێ کەم – بتوانێ، لەم ڕووەوە دەستی یارمەتیم بۆ درێژ بکات و پۆیەی ئەو داواکاریەش وتارێ بوو، کە لە ڕۆژی یادکردنەوەی شاری سلێمانی ئەمسالی ١٩٨٦ – لە هۆڵی یەکیەتی نیقابەکانی کرێکاران دا، خوێندرایەوە.

ئا، لەو پشکنینەدا، لەو ڕێبازە دوورو درێژەدا، بە هۆی وردبوونەوە، لە سەرچاوەی جۆربەجۆرەوە، بە تایبەتی، ئەوانەیان، کە بایەخیان بەزمانی ئێرانەیەکان داوە – بە شێوەیەکی سەرەکی زمانی کوردی و هی سانسکریتی و بلووجی و ئەفغانی و ئەرمەنی و لاتینی – کۆمەڵێکی زۆر، لە وشەو موفرەداتی ئاڤێستایی مان دەستکەوت، کە جێگای باوەری ڕاستین و لە ڕووی ئاوازو واتاو سازەوە لەگەڵ زمانی کوردی دا، زۆر نزیکترن، تا هەر جۆرە زمانێکی دیکەی ئێرانی!.

کۆبوونەوەی ئەو کۆمەڵە وشەو موفرەداتو زاراوانە، کە لەناو سەرچاوەی جۆراوجۆردا هەڵگۆرزاون، هانی منیاندا، کە بە زووترین کات - ئەگەر لووا - بیانخەینە بەردەم خوێندەواری بە ڕێز، بڕواشمان وەهایە، کە تا زوو بخرێنە بەردەم خوێنەری بەڕێز درەنگ‌ترە. چونکە لایەنی بەوداری لە لایەنی نابرەوی زۆر زۆرترە.

بە شێوەیەکی ڕۆشن‌تر، لەوانەیە، بەڵکو زۆر نزیکە، کە خوێنەر هان بدرێن بۆ هێنانەدی بەرهەمی دیکەی چاکتر لەمە، یان هیچ نەبێ هان دەدرێن بۆ ڕۆشن‌کردنەوەی هەندێ لایەنی نارۆشنی؛ کە خۆیان بە ڕەوای دەزانن. ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، لەوانەیە، شتی چاکترو بەڵگەی ڕەواترو سەرچاوەی باشتری بە لاوە هەبێو بە هۆیەوەو بە هۆیانەوە، بتوانێ ڕووناکی باشتر بخاتە سەرپشکنینو لێکۆڵینەوەی وەها.

ئەوجا، لەبەر ئەو هۆیەی، کە لە سەرەتاوە ناویمان هێنا، من مەبەستم هێنانەدی ئەم فەرهەنگە نەبوو! بۆیە لە یادم‌چوو - یان وەختی خۆی نەم دەزانی، کە کاتێکی وەها دێتە پێشەوە بۆ من، کە پێویستی تەواوم بە هەڵدانی ناوو نیشانی ڕاستەوخۆو یەکسەری ئەو کەرەستانە هەیە! لەبەر ئەوە، ئەوەی لە بارەی ناوونیشانیانەوە هەبێت هەر تەنیا سەرچاوەکەیە بە گشتی! بۆیە زۆر بە پێویستی دەزانم، کە لەم ڕووەوە داوای لێبوردن بکەم.

شایانی باسە، ئێمە، لە ڕووی دۆزینەوەی وشەی (کۆن)ەوە، کۆمەڵێکی ئێجگار فراوانو زۆرمان لایە. بەڵام گومان هەر تەنیا لەمانە نەبووو دڵنیاییشمان لەوەی پەیدا کرد، کە ئەمانە وشەی ئاڤێستایی (گاتەکان)بن - هەروەك سەرچاوەکان وایان وتووە - بۆیە بەبێ ترس‌ولەرز، زۆر بە ئارەزووی بلاوکردنەوەیانین.

ئەوەی، کە بەرەنگاری بووینو کێشەی هێنابوویە بەر هێزی تێگەیشتنمان، جۆری ڕووالەتی زۆری وشەیەك بوو بو تەنها تاکە واتایەك، لەگەڵ ڕوودانی لێك‌دانەوەی جۆربەجۆری لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا.

بەڵام پاش بەسەربردنو کوشتنی وەختێکی زۆر بەو کێشەیەوە، گەیشتینە ئەو ئەنجامەی، کە (ناو)و (ئاوەڵناو)و هەندێ وشەی دیکە، کە لە دەوروپشتی (ناو) یان (ئاوەڵناو) دان، لە زمانی ئاڤێستادا، بە پێی ڕێو شوێنی بەکارهێنانیان، کۆتایی - یان دەگۆردرێ، یان بە پێی جێگا جۆرە پاشبەندێك وەر دەگرێت، کە جیاوازە لەگەڵ پاشبەندی جێگایەکی دیکەدا.

هەر وەك زوربەی زۆری زمانە دێرینەکان - لاتینی، گریکی ئینگلیزی کۆن، سانسکریتی، پارسی کۆن، زمانی ئاڤێستاییش نزیکەی هەشت دۆخ، یان هەشت حاڵەتی، لە جێگای جۆر بە جۆردا هەیە.

درێژەدان، بەم جۆرە دۆخانەی هەندێ وشەی ئاڤێستایی و ئا لێرەدا، ناتوانین ماوەی بدەینێ. چونکە لە بەرهەمێکی دیکەماندا، کە زمانی (ئاڤێستا) یە - لە ئینگلیزییەوە بۆ کوردیی گۆڕیومانە - و لە بەرهەمی (مێژووی ڕێبازی زمانی کوردی)دا - لە ژێر هەوڵوتەقالای پشکنینو لێکۆڵینەوەمان دایە - بە درێژیو بە وێنەوەو بە شی کراوەیی بەرچاو دەکەوێت.

ئەوەی، کە زۆر جێگای سەرنجە، ئەمەیە:

- هەرچی دەنگی [ی = y]ی سەرەتای وشە هەن، هەموویان، یان سەرپاکیان بۆ دەنگی [ج = j] گۆڕاونو وێنەشمان، بۆ ئەمە، ئەم بەرهەمەی بەر دەستت زۆری تێدایەو لەگەڵ ئەوەشدا بۆ وێنە، وەك وشەی (یەزنە = یەسنە = yasna)یە، کە بووە بە (جەژن = jazn)، یان (جەژنە = jazna).

- زوربەی وەخت، دەنگی [و = w] و دەنگی [هـ = h]، لەگەڵ یەکتریدا، جێگایان ئاڵوگۆڕ کردووە. ئەو ئاڵوگۆڕەش، لە سەرپاکی زمانە ئێرانییەکاندا کارێکی سروشتیو دیارە. ئەم دیاردەیەش لە سەرپاکی شێوەزارە کوردییەکانی ئەمڕۆدا بەردەوامە.

- دەنگی [خ = x]ی سەرەتایی، یان ئەو دەنگەی کە یەکسەر پێش دەنگی [ش = sh] کەوتووە، وردە وردە بەرەو سووان چووەو تا وای لێ هاتووە، بە تەواوی سواوەو دەنگی [ش = sh]ش بە تەواوی دەر کەوتووە.

لەم جۆرە، وێنەی زۆر پیشان دراوەوە بۆ وێنەی ئێرەش وشەی (خشەپ = xshap)ە، کە بەرەبەرە دەنگی [خ = x]کەی سواوەو تا بووە بە (شەپ = shap)و ئەوجا بەرەو (شەو = shaw) خۆی کشاندووە.

- دەنگی [ل = l] چ قەڵەوو چ لاوازیان، لە زمانی ئاڤێستادا نی یە، ئەوجا، بیرورا بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو جۆرە [ل = l] یانە، لە زمانانی خەڵکەکانی مەنگۆلیاو تبتەوە، یا بە هەر شوێنەکەوە بووە، بۆیان هاتبێت.

- سەبارەت، بە وشەیەك، کە بە دەنگی[غ] دەستی پێ کردبێ، بەرچاو نەکەوت، هەروەها دەنگی [ع]ش! کەوابوو بۆمان هەیە، کە گومان لەو وشانەی ئێستای زمانی کوردی بکەین، کە بە دەنگی[غ]ی سەرەتایی دەستیان پێ کردووە.

- وشەیەك، کە دەنگی[ع]ی تێدا بێت بەرچاو نەکەوت، ئەگەرچی دەنگی[ع] لە ئەلفو بێی ئارامیو لاتینیدا دەر ناکەوێت. ئەو وشانەش، کە ناوبەناو بە دەنگی[غ] لە ناو، لەبەر گرتنەوە(ترانسکریپشن)ی وشەی ئاڤێستاییدا دەر دەکەوێت لەوە دەکات، کە دەوری دەنگسازیەتی هەر نەبێت، چونکە ؛ دوور نی یە، ئەو جۆرە وشانە، لە بنەڕەتدا، تەعریب نەکراین!

بۆ وێنە وشەی (ئەرەج = araj)ی ئاڤێستایی، بە واتای وشەی (اجرە)ی عارەبی هاتووە. ئەوجا بەو پێیە، بێ گوێدانە ئەو نەختە ئاڵو گۆڕەی نێوان هەندێ دەنگی، بیرمان بۆ ئەوە دەچێ، کە وشەی (اجرە)ی عارەبی لە وشەی (ئەرەج = araj)ی ئاڤێستاییەوە وەرگیراییو ئەوجا لەم جۆرە وشانەو لەناو ئەم بەرهەمەدا هی زۆرتر بەدی دەکرێن.

- زوربەی زۆری وشەی ئاڤێستایی قەبری (مە = ma)ی تێدایە. ئەم جۆرە بوونەش بڕوای پشکێنەر بۆ ئەوە دەبات، کە زمانی ئاڤێستایی زمانی دینی میدیەکان بووبێو ئەگەر واش بووبێ، بێگومان زمانی رۆشنبیریو هی رەسمیشیان بووە.

– زۆرتر لە جۆرێك دەنگی [س = s]مان بەرچاو دەکەوێت، بۆیە، بڕوا بۆ ئەوە دەچێت، کە دەنگی [ص]یش لە ئاڤێستادا هەبووبێ!
– لەگەڵ بڕینی ماوەیەکی تاریكو ناهەموارو ترسناکی دوورو درێژی زمانی کوریداو بەسەرچوونی ماوەیەکی زۆر دوورو درێژو نەهات بەسەر زمانی ئاڤێستادا، بۆمان هەیە بڵێین:
یەکەم: لە زمانی ئاڤێستاو زمانی کوردیدا، لایەنی نزیكو وێکچوون لەنێوان وشەو موفرەداتیاندا زۆر زۆرەو زۆرترە لەوەی ئەو وێکچوونە، کە هەیە لە نێوان هی ئاڤێستاداو هەر زمانێکی دیکەی ئێرانیدا.
دووەم: زمانی کوردی ئێستا بە هۆی دەوروبەری تایبەتی‌یەوە، بە هۆی دەیان پەیوەندیی دیکەی، وەك کۆمەلایەتیو رۆشنبیریو ئابووریو رامیاری، لە رووی کەرەسەوە ئێجگار دەوڵەمەندە. ئەوجا، لەبەر ئەو دەوڵەمەندی‌یەی، دەبینین، جگە لە بوونی وشە ئاڤێستایی‌یەکە (مانەوەی تا ئەمڕۆی زمانی کوردیو لە ناویدا) بە هەموو رووالەتێکی مۆسیقاییو ئاوازەییو واتایی‌یەوە، لەناو زمانی کوردیدا، زۆرتر لە وشەیەك – هەر بە هەمان واتا، بەلام بە رووالەتو ئاوازی دیکەوە – دەست دەکەون.
چونکە، بە لامانەوە وایە، کە ئەم بەرهەمە هەر تەنیا دەس کوردو خوێنەری کورد ناکەوێ (تا وای لەقەڵەم بدا کە هەموو و سەرپاکی ئەو وشانە دەزانێ) بەڵکو دەستی بێگانەش دەکەوێو لەوانەشە لێکۆڵینەوەو تۆژینەوەی لەسەر بکرێ، ئەمە، لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە پیشاندانی دەوڵەمەندی زمانی کوردی‌یەو لە هەمان کاتیشدا رێڕەوی باوی فەرهەنگی‌یە، لەم پێناوەدا، هەوڵمان داوە، کە وەرگرتەی هۆنراوە، لە هەموو شێوەزارەکاندا، بە پێی توانا، بۆ سەرپاکی وشەکانی هاوواتای وشەیەکی ئاڤێستایی بهێنینەوە.
سێیەم: بە پێی بەراوردی وشەو موفرەدات، لە رووی واتاو رووالەتەوە، لە نێوان هی زمانی پارسیو ئاڤێستاییو کوردیدا، ئەوەمان بە دەستەوە دەدات، کە:

– ئەو وشەو موفرەداتە ئاڤێستاییانەی، کە لە ئاڤێستادا بۆ پارسی هاتوونەتە خوارە، لە زمانی کوردیش‌دا هەر ماون .
– هەندێ وشەی کوردی رەسەن ئاڤێستایی هەن، کە لە پارسی نوێ‌دا نەماونو بەکار نایەن .
– بەو پێیە بۆمان هەیە، بڵێین، یان رێچکەی زمانی کوردی بەم جۆرە نەخشە بکێشین :

زمانی ئێریەن ڤاچ

زمانی دینی میدیا

زمانی ئاڤێستایی

زمانی کوردی

| شێوەزاری کرمانجی سەروو | زمانی دینی کوردیی ماچۆ (هەورامانی) | شێوەزاری کرمانجی خواروو | شێوەزاری لوڕی |
| --- | --- | --- | --- |

م. هەورامانی
٩٨٦/٣/٢٧

زارێکی تایبەتی بووبێ) و لە چەمو دۆڵێکی ئاوو هەوا تایبەتی دا، کە لەکاتی ڕێگە بڕینی کۆچ کردن دا، ڕێیان تێ ی کەوتووەو بە شایستەی ئەوەیان زانیوە بیکەن بە مەڵبەندی ژیانیان و تێدا نیشتەجێ بوون (٤)

ئەوەی کە لێرەدا، جێگای مەبەستی ئێمە بێ ئەوەیە، کە شەپۆلە پۆلێك، یان پتر لەو هۆزو تیرانە بەرەو چەمو دۆڵەکانی کوردستانی ئەمڕۆ هاتوون و تێدا نیشتەجێ بوون.

بڕوا بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەو شەپۆلە هۆزو تیرە ئاریایانەی بەرەو کوردستانی ئەمڕۆ هاتوون، لە شەش هوزی سەرەکی پێك هاتبن و بە ناوی ئێریەن قەچ)ەوە نیشتمانیان ناوبانگی دەرکردووە، هەروەك زمانەکەشیان بەو ناوەوە ناو براوە.

# □ هۆزەکانی ئێریەن ڤەچ (ڤاچ) □

دەربارەی کۆچ کردنی هۆزو تیرە ئارڕیایەکان، بۆ نیشتمانی ئەمڕۆیان، مێژوو هەواڵی ناجۆر بە دەستەوە دەدات. بەڵام لەگەڵ ئەوەش دا، زوربەی مێژوونووسانو جوگرافیا ناسانو پشکێنەرە دێرینەکان، بە تایبەتی ئەوانەی گریكو ئەوانەیش، کە دوا بەدوای ئەوانەوە هاتوون، لەوەدا یەك کەوتوون، کە پتر لە هەزاران هەزار[1] ساڵێك پێش زایینی، هۆزو تیرە ئاریایە جۆوبەجۆرەکان، بە هۆی ساردو سربوونەوەی ئاوو هەوای نیشتمانی بنەرەتی یانەوە، یەخبەندان بوونو بەستەڵەك کردنی بەرو بوومی ئەو نیشتمانەوە بەرەو نەزۆکی[2] چوونی! لە رووی رووواندنو هێنانەبەری بەرو بوومەوە، بە شێوەی پۆلە هۆزو تیرە، هەندێ لەوانە، بەرودوا، لە ڕێبازی ئەفغانستانی ئەمڕۆوە بەرەو چەمو دۆڵەکانی (پەنجاپ) – هیندستان – ی ئەمڕۆ کۆچیان کردووەو ئەوجا، کۆچی پۆلە هۆزو تیرەی دیکەش بەرەو بانو چەمو دۆڵەکانی ئێرانی ئەمڕۆ هاتوون[3]

هەر شەپۆلە پۆلەی لەو هۆزوتیرە کۆچ کردوانە، بریتی بووە، لە کۆمەڵە هۆزو تیرەی خزمو خوێش بە یەکتری، کە بە تەنیا شێوەیێ گفتوگۆیان کردووە (بەپێی پانو پۆری نیشتمانی بنەرەتی یان – کە بە ئاسیای ناوەڕاست دادەنرێت – لەوانەیە، هەر شەپۆلەی لەو کۆچ کردوانە، خاوەنی شێوە

پێش ئەوەی، دەم لە دەمەتەقێی زاراوی (ئێریەن قەچ)ەوە بدین بە پێویستی دەزانم کە لە (رووالەت) و ناوەرۆك)و (واتا)ی (گۆرانی بێژ) ورد بینەوەو بیدەینە بەر رۆشنایی لێکۆلینەوە.

زاراوی «گۆرانی بێژ» و «ستران بێژ» و «گۆرانی واچ» یەك واتاو یەك جۆرە رووالەتیان هەیە.

زاراوی «گۆرانی بێژ» لە دوو وشەی یەکگرتوو پێك هاتووە وشەی «گۆرانی»، کە (ناو)ەو لەگەڵ قەدی رانەبوردووی (بێژ)دا یەکی گرتووەو وشەی ناسادەی «گۆرانی بێژ» یان دروست کردووەو دەوری ناوی (پیشەی هونەری)و هی (ناو) و هی (ئاوەڵناو) یش دەبینێ.

زاراوی (ستران بێژ)یش لە وشەی (ستران)و هی (بێژ) پێك هاتووە، ئەگەرچی (ستران) خۆی لێك دراوە، لە (س — )و (تەرنیم).

زاراوی «گۆرانی واچ)یش ، هەر هەمان دەستوور پێك هاتووە، لە وشەی «گۆرانی» و وشەی «واچ».

هەر بەو پێیەی، کە یەك واتا دەبەخشی (واتە: هەر سێ زاراوەکە، گورانی بێژو ستران بێژو گۆرانی واچ) کەوابوو وشەی (بێژ) و هی (واچ) یەك واتا دەدەن و یەك واتایان هەیە. لەبەر ئەم هۆیە، پێویستە لە بنەرەتی ئاڵوگۆڕبوونی هەردووکیان ورد بینەوەو شوێنەواریان هەڵ بگرین.

هەر وەك لای زمانناسان ئاشكرایە، هەر (كار = فرمان)ێ، لە زمانی كوردیدا، دوو جۆرە قەدی هەیە، یان قەدێك و ریشەیەكی هەیە، ئەوانیش، قەدی (رابووردوو) و هی (رانەبوردوو)ن.

ئەوجا بەو پێیە «وات» قەدی (رابوردوو)ەو «واچ» یان «ڤاچ»یش هی رانەبوردووە.

وشەی (واچ) یان (ڤاچ)، بە هۆی وەرگرتنی پاشبەندی ( - ە)ەوە بووە بە (ناو) و (بوو) شە بە چاوگی (كار = فرمان).

وشەی (واچ) یان (ڤاچ)، بە واتای (بێژ) هاتووە. ئەمە لە لایەكەوە، لە لایەكی دیكەشەوە، بیروهۆشی زمانناس، وەها وردی دەكاتەوە، كە (ڤاچ) یان (ڤەچ)، لەبنەڕەتدا هەبوەو بەرەبەرە پاش بەسەرچوونی زەمان، بووە بە (ڤاژ)، یان (ڤەژ)و ئەوجا بەرەو (واژ)، یان بەرەو (وەژ) چووەو ئەوجا، لە هەندێ ناوچەدا بووە بە (وێژ)و لە هەندێ ناوچەی دیكەدا، بووە بە (بێژ)، كە حاڵی حازر، لە شارەزووردا، بە پانیو درێژیدا، هەردووكیان بەكار دەهێنرێن.

وشەی (واچ)، یان (ڤاچ) یش، وەك (قەدی) یان (رەگ)ی رانەبوردووی (كار = فرمان)، لەگەڵ ڕاناوی كەسی (لكاو)دا هەڵ دەسووڕێ و بەم جۆرە:

- بۆ كەسی سێیەمی تاك:

مواچۆ (ماچۆ)، كە بە واتای (بژێ، دێژێ، دەڵێ) دێ.

مواچوو (ماچوو)، كە بە واتای (دێژم، یەژم، دەڵێم) دێ

بۆ فەرمان: بواچە (واچە)، كە بە واتای (بێژە، بڵێ) دێ.

لە رووی ئاڵ و گۆڕی دەنگسازییەوە، سازگەی دەنگی [چ]، دەنگی [ژ] زۆر نزیكی یەكترین و وەك خێزانە كەرەسەی زمان، ئەم دەنگ دەبێ بەوو ئەویش بەم دەبێ.

لە لایەكی دیكەشەوە، سازگەی دەنگی [ت]، لە سازگەی دەنگی [ژ]ی وە زۆر نزیكە. بە شێوەیەكی رۆشنتر لە سێ پلەدا، كە (موو) یەك نێوان

پلەیەکو یەکێکی دیکە جیا دەکاتەوە، دەنگەکانی [چ، ژ، ت] ساز دەدرێن.

کەوابوو، زۆر نزیکەو زۆر رەواشە، کە دەنگی [چ] بەرەو دەنگی [ژ] بگۆردرێ‌و ئەمیش بەرەو دەنگی [ت] بە پێی رێرەوی بەرەو ئاسانچوون‌و جۆری کارتێ‌کردنی دەنگی دراوسێ، سەر دەنگە دراوسێیەکەی.

بەم پێیە بۆمان هەیە بڵێین:

- (واچە = ڤاچە) ⟵ (ڤاژە = واژە) ⟵ (وێژە = بێژە).

هەروەها:

- (واچە = ڤاچە) (واتە)و لەمیشەوە، چاوگی (گوتن)و (وتن) وەرگیراوە.

ئەگەر ئەم جۆرە ئاڵ‌وگۆڕە، بەو جۆرە رێرەوەدا نە رۆیشتبایێ هەرگیز، نە زاراوی (گۆرانی بێژ) و نە هی (ستران بێژ) هەبوو، یاخود ئەگەر ئەوان هەبوونایێ، دەبوایێ زاراوێکی دیکەی هەر بەو جۆرەی وەك (گۆرانی بڵێ) هەبوایێ!!

بە شێوەیەکی رۆشنتر، (واچ = ڤاچ) و (بێژ) تەمەنێکی درێژیان لە زمانی کوردی‌دا بەسەر بردووەوە وشەی (بڵێ)و هی (گوتن) یش وەچەی نوێی ناو زمانی کوردین.

●

بەر لەوەی بەرەو دوای دواوە، بەرەو دێرین، دەمی باووبرەوە وشەی (ماچۆ) برۆینەوە، یان بگەڕێینەوە، بە پێویستی دەزانین، کە فرەیزێکی سەرزاری خەڵکی کوردەواری ناو ناوچەی شارەزوور هەیە، بە یادی بهێنینەوەو ئەویش ئەوەیە، کە ناوبەناو بۆ پێناسەی کەسێ، یان یەکێ، کە لە بەر خۆیەوە دەئاخەفێ، یان لەگەڵ خۆیدا واتوویتیەتی (یەژێ)، دەوترێ (کابرا لەبەر خۆیەوە واچەواچیەتی!).

ئەم فرەیزەی (واچەواچ)ە، بە واتایەك دێ، کە مەبەستی بە دەستەوەدانی ناوی شێوەزارێکە، کە (رەگی)، یاخود قەدی (واچە)ی[٦١] زۆری تێدایە، ئەویش شێوەزاری (ماچۆ)یە.

کاکەیی یەکان، یاخود با بیژین ئەهلی (هەق)، بەزمانی نووسیاوی دەفتەرە دینی یە نووسراوەکانیان یەژن، زمانی کوردیی، یان شێوە زاری (ماچۆ) و بە شێوەی (سۆرانی)، یان شارەزووری شێوەزاری (جافی) یەژن.

بەم پێیەو بە تایبەتی پاش روونبوونەوەی ئەوەی، کە (قەد)ی وشەی (ڤاچ = واچ)و هی (ماچۆ) هەر یەکێ بوو ئەمە لە لایەکەوە، هەروەها بوونی ریشەی زۆری وەك (واچ = ڤاچ) و (وەچ = ڤەچ) و (وێژ = بێژ)و بوونی پەیوەندیی زۆر بە تینی دیکەی زمانی - (لەلایەکی دیکەوە، لەبەشی وشەو

موفرەدات و ریشەو قەددا، بە دریژی باسی ئەم خاڵە دەکەین‌و پەیوەندی‌یەکانی رۆشن دەکەینەوە) - لە نیوان زمانی (ئیریەن ڤەچ = Aryana vaeijah) و هی (ماچۆ)دا، وامان بە دەستەوە دەدەن، کە هەردووکیان وەك ریشەو قەدی داری بن وەهایە!

وشەی (ڤاچ = واچ)، زۆر کۆنەو لە ئاڤیستادا، بەو جۆرە واتایەی، کە لیکمان دایەوە، بۆ چەندان جاری هاتووەو بە زمانی ئاڤیستاش زمانی (ئیریەن ڤاچ) وتراوە.(**)

شایانی باسە، هەر وەك، بە زمانی ئاڤیستا زمانی (ئیریەن ڤاچ) وتراوە، بە نیشتمانی ئەو خەڵکەش کە بەو زمانە گفت‌و گۆیان کردووە، وتراوە نیشتمانی (ئیریەن ڤاچ)و گەل‌و هۆزو تیرەی (ئیریەن‌ڤاچ)یش یەکی بووە لەو شانزدە شەپۆلە کۆچەی ئاریانی‌یە، کە لە نیشتمانی بنەرەتی خۆیانەوە بەرەو بانەکانی ئیران - کوردستانی ئەمرۆ - کۆچیان کردووە.

پیش ئەوەی ئەم کورتە پیشەکی‌یە بەجی بهیلین‌و بەرەو لیك‌دانەوەی ناوەرۆکی فەرهەنگەکە برۆین، بە پیویستی دەزانین، کە خالیك هەیە رۆشنی بکەینەوەو ئەویش بەکورتی:

(١) - چونکە، تا ئیستە خاوەنی هیچ شتی نەبووین، ئەگەر هات‌و گەیشتینە راستی‌یەکیش، هەرگیز، لە دەست هەڵبەستی بیگانە سەرلەبەرتر - (لای‌خۆمان) - نابی، لەگەل ئەوەش‌دا، دەبی خوینەری بەریز ئاگادار بکەین، کە پاش بەراوردیکی سەرپیی نیوان ئاڤیستاو شیوەزارە کوردی‌یەکانی ئیستا، لە رووی (قەد) و (ریشە)و موفرەداتی دیکەوە، هەروەها هی نیوان پارسی باستان‌و زمانی ئاڤیستا، وای بۆ دەچم - هەرچەندە زۆرتری پی دەوی - کە زمانی کوردی (بە سەرپاکی ناوەرۆکی رەسەنی شیوە زارەکانیەوە) لە نەوەی نوی‌ی زمانی ئاڤیستاوە زۆرتر نزیکە، تاوەکو هەر زمانیکی دیکەی ئیرانی، کە وەك پارسی باستان بی، یان هی نەی!

---

• تەماشای، (ل - ١٩٩)، تاریخ زبان پارس، د. پرویزناتل خانلری. هەروەها بروانە تاریخ مشرق قدیم - حسن پیرنیا (مشیر الدوله) بەشی ایران باستان، ل - ١٥٦.

بوونی ئەو وشەو موفرەداتە هاوبەشانەش، کە بەشداری نێوان زمانی پارسی کۆنو زمانی ئاڤێستا دەکەن - بەلای منەوە وایە - دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە پارسەکان (حازر خۆر بوون، نەك بیسان ڕن) نیشتوونەتە سەر کەلەپووری ڕۆشنبیریی و دینیو دنیایی بنەڕەت هەڵبەستراو بەتینو وزەی میدیەکان (٧)

بە شێوەیەکی ئاشکراتر، پارسەکان، هەر وەك چۆن بە زۆر کوردستانیان داگیر کردووەو کردوویانە بە وڵاتی خۆیان، بەو جۆرەش سەروەتو سامانی کەلەپووریو ڕۆشنبیریی ی میدیەکانیان بە ناوونیشانی خۆیانەوە تۆمار کردووە.

(٢) - ئەوەی، کە پتر پاڵپشتی ئەم ڕاستییەمان بێ، ئەوەیە، کە ئەوەی دەربارەی دینی خەڵکی (پاسارگاد) و (پرسیپۆلس)و وڵاتی (ئانزان) - نیشتمانی دایگزادی پارسەکانە - دەگێڕێتەوە. لە پتپەرستی بەولاوە، هیچ جۆرە خوایەکیان نەناسیوە! ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی ترەوە، جگە لەوەی، کە ماوەیەکی زۆر دوورو درێژ لە نێوان سەرچاوەی دینی خاوەن ئاڤێستادا، لە کاتێك‌دا پەیدا بووەو پەرەی سەندووە، کە پارسەکان لە (پاسارگاد) و (پرسیپۆلی) و (ئانزان) دا، هێشتا بەروپشتی خۆیانیان نە ناسیوە.!

(٣) - سەرچاوەی پەیدا بوونی ئاڤێستاو زمانی ئاڤێستاو دینی ناو ئاڤێستا، هەر تەنیا بۆ لای سەروو و سەرووی ڕۆژئاوای ئێران (کوردستان) دەبرێتەوەو لە هیچ سەرچاوەیەکی بڕوایی‌کراوداو ئا لەو ڕووەوە، باسی (شیراز) یان دانیشتوانی دێرینی ناوچەی (ئانزان)و (پرسیپۆلی) و (پاسارگاد)، بە هیچ جۆرێ نەکراوە.

●

# ناوەڕۆک

# بەشی (ئ = a)

### ○ (ئاپ = āp): ○

لە ئاڤێستادا، وشەی (ئاپ = āp)، بۆ چەند جارێ پاتەکراوەتەوە. بە واتای (ئاڤ، ئاو، ئاب) هاتووە.

لە سانسکرتیی‌دا، لەبری وشەی (ئاپ)، وشەی (ئاپە = āpa) یە. لە پارسی کۆن‌دا، بە وشەی (ئاپی =āpi) هاتووە.

لە ئاڤێستادا، وشەی (ئاپ) کۆ کراوەتەوەو ئەویش بەم جۆرە وتراوە: (ئەپام = ap- ām)، کە بە واتای (ئاو + ان) = (ئاوان)ی ئێستا هاتووە.

کەوابوو، لێرەدا (–ا+م = ām-)، ئامرازی کۆیەو ئەمەش بەرامبەری (ئان = ān)ی زمانی کوردیی ئێستایە، یان بۆمان هەیە، بڵێین، کە (–ا+م = ām-) ئامرازی کۆی ئاڤێستایی یە لە جۆرە ناوی وەهاداو ئەمە بەرامبەری (ئان = ān)ی زمانی کوردیی ئەمڕۆیە.

لە پارسی ئەمڕۆدا، بۆ جۆرە ناوێ وەها ئامرازی کۆی (ها = hā) بەکار دەهێنرێ.

ئەمەش نزیکی نێوان ئاڤێستاو زمانی کوردی پیشان دەداو نزیکتر لەوەی کە لەنێوان ئاڤێستاو پارسی نوێ‌دا هەیە.

لە کوردیی ئەمڕۆدا، ئەگەر دوو ئاو (دوو جۆگە، دوو رووبار) یەك بگرنەوە، پێیان دەوترێ (دواوان). جگە لەوەش بۆشمان هەیە بڵێین (ئاوان)، یان (ئاوەکان).

بۆ وێنە گۆران دەڵێ:

«جۆگەی ئاوەکان تیایا قەتیس ماو

هەر ئەڕۆن ناکەن پێچی شاخی تەواو»

(ل - ١٣٧)

یان پیرەمێرد دەڵێ:

«لە دواوان‌دا کە یەك ئەکەوی
وەك دوو مەصرەعی فەردێ مەولەوی»

(ل - ١٣٤)

شایانی باسە، وشەی (ئەپۆ خفەرەنە = apō - xvarana)، یان (ئەڤۆ - خڤەرەنە = avō - xvarana) بە هۆی وشەی (ئاپ = āp)ەوە دروست کراوە، یان دەورێکی کاریگەری تێی‌دا دەبینێ.

بە هەرحاڵ، وشەکە، بە واتای (ئاوەخۆرە) یان (گۆزە) یان جامی ئاو خواردنەوە هاتووە.

لە هەندێ سەرچاوەی دیکەدا، هەر هەمان وشە، بەم جۆرە رووالەتانەش هاتووە:

- (ئاپۆ-خڤەرەنە = āpō - xvarana)
- (ئاڤۆ-خڤەرەنە = āvō - xvarana).

## ○ (ئائەنگ = āthang) : ○

لە ئاڤێستادا، (ئائەنگ)، بە واتای (ئاهەنگ = āhang) هاتووە. هەروەها بە واتای (خۆشی) و (بەزم) و (رابواردن) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (ئاهەنگ)، هەروەها لە پارسی ئەمڕۆش‌دا.

ئەو دیاردەیەی، کە لەم وشەیەدا بەدی دەکرێ، ئەوەیە کە دەنگی [ث = θ]ی ئاڤێستای بەرەو دەنگی [ه = h] لە کوردیی‌و پارسی نوێ‌و پالەوی‌دا گۆڕاوە.

لە کوردیی ی ئەمڕۆدا، جگە لەوەی، کە وشەی (ئاهەنگ) بە پامان‌و زامانی وەك خۆی ماوەتەوە، وشەی (شایی) و (زەماوەند)و (گۆڤەند = گۆیەند) و (بەزم) و (خۆشی) بە هەمان واتا، بەکار دێن.

وێنە، بۆ (ئاهەنگ) بێکەس دەڵێ:

«لە گوڵزارا، بە ئاهەنگ دابنیشین
بەرامبەر دەشت‌وشاخی سەوزو رەنگین»

وێنە، بۆ (شایی)، گۆران دەڵێ:

«بروانە: شایی‌یە چۆپی‌یە لەوماڵە
گوێ بگرە، زوڕنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە»

«ل – ١٦»

وێنە، بۆ گۆڤەند، سەبری بۆتانی یەژێ.

لەورا قەلەن گرانم
هەردەم لژێر پیلانم
مەیدانا دەردو ژانم
ئامانجا دل پیسانم
بێ گۆڤەندو دیلانم

«ل - ٦١»

●

## ○ (ئاتەر = ātar) : ○

وشەی (ئاتەر = ātar)، لە ئاڤێستادا، بۆ چەند جارێ، پات بووەتەوە ئەم وشەیە، بە واتای ئاور، ئاویر، ئادر – دیی کلۆر – لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا هاتووە.

لە پالەوی‌دا، بووە بە (ئاتەڕش = ātars) و بوویشە بە (ئاتۆر = ātōr).

ئەوەی، کە لەنێوان کوردی‌ی ئەمڕۆو ئاڤێستادا بە دی دەکرێ، ئەوەیە:

– ناوبەندی (– تە – = – ta –) لە وشەی (ئاتەر) دا بووە بە (گ = g) و (و = w) و (ی = y) و (وی = wi) لە زمانی کوردی‌دا.

لە زمانی کوری‌ی ئەمڕۆدا، بە تایبەتی لە هۆنراوەدا، زۆر نەبێ کەم، ئەو وشانەی هاوواتای (ئاتەر = ātar) بەو جۆرانە بەکار هێنراون.

بۆ وێنەی وشەی (ئاير)؛

مەولەوی دەڵێت:

«دووریت ئایر وست وە یانەلەی من
یانێ یانەی دڵ وێرانەکەی من
هەوا ئایرین، سەرووەخت ئایرین
دڵە ئایرین، بەدبەخت ئایرین

مەحوی وشەی (ئاگر) و هی (ئاتەش)یشی بەکار هێناوە ئەمانەش ئەوانەن:

«غەمم دیتیٚ کە بۆ وەك کۆدەك ئاگر بەردەمە کاغەز
لە بۆ نووسینی غەمناوی دڵم هەرگا قەڵەم دادەم»

«ل - ۲۲۷»

«غوڵامانە سەرم دانا لەبەر پێتا وەکو زوڵفی
کەچی ئەو هەر منی خستووەتە پشت گویٚ وەك غوڵامانە
سەکینەی مەرتەبەی سووتانیە ئاتەش پەرستی عیشق
ئەگەر ساحیب ئیٚرادەت بیٚ عەجەب پیریٚکە پەروانە»

(ل - ۲۷۸)

وشەی (ئاخشتی)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (پێك هاتن)، (جووت گرتن)، (ئاشتی)، (دۆستایەتی) (ئاسایش) هاتووە.
لە پارسی ئەمڕۆدا (ئارامش = ārāmsh).

وەرگرتەی هۆنراوە، بۆ وێنەی (ئاشتی)، گۆران یەژێ:

«لاوانی حەوت کیشوەر لە بوخارستن
بە هەوای برایی و ئاشتی سەرمەستن
بە سەدویەك دەمو زمانی جیاواز
لەگەڵ یەك گەرم ئەکەن گۆڕینەوەی راز»

(ل - ٢٥٣).

وەرگرتەی هونراوە، بۆ وشەی (ئارام) مەحوی دەڵێ:

«لە دنیادا دڵ ئارامێك، ئارامی دڵێکم بوو
بە جارێ ماڵی وێرانم ئەمیشم چوو ئەویشم چوو»

(ل - ٢٦٢)

وەرگرتەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئاشتی)و (ئاسایش)، گۆران دەڵێ:

«ئەی کۆتر، ئەی رەمزی ئاشتی و ئاسایش
ئەمەیە، کە لاوان کردوویانە - ئیش
بۆ ئاشتی گلێرن، بۆ خۆشەویستی
لە رێگای ئامانجا لاو ناکا سستی»

(ل - ٢٥٦)

○ (āterepāte = ئاتەرپات) ○

ئەم وشەیە، ناسادەیە، بە واتای (ئاگر ئاگاداری‌کەر)، (ئاگر پاسکەر)، (پاسەوانی ئاگر)، (ئاگرەوان) هاتووە. جگە لەوەش بەم رووالەتەش (بە هەمان واتا) هاتووەو ئەو رووالەتیشە بەم جۆرەیە : (ئاترەڤەن = āthravan).

○ (āram = ئارەم) ○

وشەی (ئارەم)، لە پێشبەندی (ئا = – ā)و قەدی (رەم = ram) پێك هاتووە. ئەم وشەیە، واتە وشەی (ئارەم = āram) بە واتای (ئارام)ی ئێستای زمانی کوردی هاتووە.

شایانی باسە، وشەی (ئارام) ئەگەرچی لە زمانی کوردی‌دا ئاوەڵناوە، بەڵام وەك (ناو)یش بە زۆری بەکار دەهێنرێت. بۆ وێنە، وشەی (ئارام) وەك ئاوەڵناو، مەحوی دەڵێ :

«لە دنیادا دڵ ئارامێك‌و ئارامی دڵێکم بوو
بە جاری ماڵی وێرانم، ئەمیشم چوو، ئەویشم چوو»

(ل – ٢٦٢)

لە زمانی کوردی‌ی ئەمڕۆدا، جگە لە مانەوەی، یان بوونی وشەی (ئارام = ئارەم)ی ئاڤێستایی، وشەی (هێمن)و (بێ‌دەنگ)و (کپ) بە هەمان واتا بەکار دێن.

## ○ (ئارمەیتی = ārmaiti) ○

لە ئاڤێستادا، ئەم وشەیە، بە واتای (خۆشویستن) (دۆستایەتی)، (دۆستی)، (ئاریکاری)، (هاریکاری)، (یارمەتیدان) هاتووە. جگە لەمانەش، بۆ بە دەستەوەدانی واتای (یار)، (هاوسەر)، (دۆست). بەکار دێ.

وشەی (تەرۆمەتی = tarōmati) وەك دژواتای وشەی (ئارمەیتی = ārmaiti) هاتووە.

لە کوردی ئێستادا، وشەی (تارمایی) بە واتای تاریکیو نارەحەتی، تا حاڵی حازر بەکار دێ. جگە لەمەش وشەی (ترو) بۆ دژواتای (ئارام) هەیە، کە ئەمە لەپارسیدا دەر نەکەوتووە، یان نابینرێ!

## ○ (ئازی = āzi) ○

وشەی (ئازی = āzi)، بە واتای (حەز)، (ویستن)، (خواستن)، (ئارەزوو)، (خۆزگە)، (ڤاز) هاتووە.

بە وێنەیەکی ئەفسووناوی بۆ ناوی (دێو)ی حەز = دێوی تەماعکار بەکار هاتووە.

لە پالەویدا، لەبری وشەی (ئازی = āzi) وشەی (ئاهووك = āhūk) بەکار دێت. بەڵام لە سانسکریتیدا، دەبێ بە (ئازەڤ = āzav).

ئەوەی، کە لێرەدا بە دی دەکرێ، ئەوەیە، کە:

(١) (ئا = ā)ی سەرەتای وشەکە، نەگۆڕاوە (لە وێنەکاندا).

(٢) دەنگی [ز = z] لە پارسی ئەمڕۆدا – (ئارەزوو) –، لەکوردیی نوێو لەسانسکریتیو لە ئاڤێستایدا هەیە.

(٣) پەیدابوونی دەنگی [ر = r] لە نێوان دەنگی [ئا = ā] و دەنگی [ز = z]دا .

(٤) گۆڕانی دەنگی [ i= ی]ی ئاڤێستایی بەرەو دەنگی [وو = ū]، یان دەنگی [و = w]ی کۆتایی، یان هی سەرهتایی!!

وەرگرتەی هۆنراوە، بۆ ئەم وشانە (ئارەزوو، خۆزگە) :

– بۆ (ئارەزوو) گۆران دەڵێ :

«خۆزگەم بە ساڵی رابوردوو
عومری کورتی دڵداریم بوو
لەپڕ هاتو لە ناکاو چوو
یەکپڕ بە دنیا ئارەزوو
دەریایەك تاسە، ئەمە دوو
جێ مابووم لە یاری مردوو»

«ل – ٢١».

## ○ (ئاژهی = āzhi) ○

وشەی (ئازهی = āzhi)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (مار) هاتووە. لەوانەشە، بە گۆی (ئاژهی = āzhi) بەکار هێنرابێ.

شایانی باسە، وشەی (ئازهی = ئاژهی)، بە واتای (مار + ستان) = (مارستان)یش هاتووە. لەم وشەیەش (واتە: مارستان) وشەی (مارە دۆزەخ)، یان (دۆزەخێ، کە سزادانی بە ماربێ) مەبەستە.

ئاریانی یە دێرینەکان (دۆزەخەمار) یان، بۆ سزادانی یەکێکی گوناهبارو سەرپێچی کەر، هەبووە.

وشەی (ئازهی) - جگە لەو واتایانەش، بە واتای (ئەهریمەن) یان (مارستان) بەکار هاتووە. وشەی (ئازهی)یش بە واتای (ئەهریمەن) یان دۆزەخ(دۆزەخی باووبۆرانو هەورەتریشقەو لافاو) بەکار هاتووە.

بو وێنەی (ئەهرەمەن)، پیرەمێرد دەڵێ:

«صلاح الدین» جەلالی وایێ نەبوو تاریخ لەبەر چاوە
هەموو پاشای بەبان مردن بە حەسرەت رۆژێکی وەهاوە
شەوێ دەس ئەهرەمەن کەوت خاتەمی ملکی سلێمانی
کەچی میروگزیری پێ ئەکرد، قەدری وەها زانی»

(ل - ۷۱).

بۆ وێنەی دۆزەخ مەحوی دەڵێ:

«ئەم شەرارەی فیرقەتە مەخلووق وا کردە کەباب
مالیکی دۆزەخ دڵی بەم عالەمی ناسووتە سووت

سوبحی مەحشەر بوو وتت : سوبحە زووە وادەی ویصال
عالەمی کوشت ئینتیزاری هاتی وادەی زوو بەزووت».

(ل - ٧٩)

بۆ وێنەی (ئەژدەها) جزیری دەڵێ :

«چەرخ دترسم کت شتابێ
زو ئەجەل پێ دەت رکابێ
جان برەت مدڤێ عەزابێ
ئەڤ سیارەنگ ئەژدەهایە».

( ل - ٣٦٤)

## ○ (ئازیاه = āsyāh ○

(ئازیاه) یان (ئاشیاه = ئاسیاه)، بە واتای (ئازاترین) (خێراترین)، (گورج‌ترین) هاتووە. لە بنەڕەت‌دا، (ئازو = āsu) یان (ئاسو) قەدی ئەم وشەیە، کە لە ئاڤێستادا، بە واتای (گورج)، (تیژ)، (ئازا)، (خێرا)، (بە هەڵمەت) هاتووە.

وشەی ئاهووی پارسی نوی‌و (ئاسك = ئاهوو)ی کوردیی لەم قەدی (ئاسو = asu)ەوە هاتوون.

بەو پێیە، پاشبەندی (– یاهـ = yāh)، بۆ پلەی بەراوردی لە ئاوەڵناودا – بۆ پلەی باڵا – بەکار هاتووە.

هەر لەهەمان ریشەوە، وشەی (ئازوش = āzus)و وشەی (ئەزامی = azāmi) دروست بوون.

(ئازهی – دەهاکە = āzhi — dahāka) :

ئەم وشە ناساکارە، بە دوو شێوەو ڕوواڵەت هاتووە، ئەوانیش :

– (ئازهی – دەهاکە = āzhi — dahāka)،

– (ئەزهی – دەهاکە = azhi — dahāka).

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، لە سێ پارچە یان پتر پێك هاتووەو ئەوانیش ئەمانەن :

– (ئەزهی = azhi) یان (ئازهی = āzhi)، کە بە واتای (مار) هاتووە.

– (دەهـ = dah)، کە بە واتای (گەزندە)، یان (ژەهردار) هاتووە.

– (ئاکە = āka)، بە واتای (خراپ)، (کخ) هاتووە.

لەلایەکی دیکەشەوە، ڕوواڵەتێکی دیکەی بەرچاو کەوتووەو ئەویش (ئەزهی – دەهاکە = azhi — dahāka)یە.

له کوردیی ئەمڕۆدا، وشەی (ئەژدیها = هەژدیها)، (ئەژدیهاك = هەژدیهاك)، (ئەژدەهاك = هەژدەهاك) هەن.

هەرچەندە، لە لایەکی دیکەوە، بە بۆنەیەکی ترەوە، وێنەمان (وێنەی وەرگرتەی هۆنراوە) بۆ وشەی (ئەژدەها) هێنایەوە، بە پێویستی دەزانین، کە وێنەش بۆ (ئەژدەهاك) بهێنینەوەو بەم بۆنەشەوە هەردی دەڵێ:

«بەڵام کاتێ بە خۆی زانی، کە نرکەو نەعرەتەی لاوان
بەسەر کردایەتی کاوەو پشتی ڕۆڵە کوژراوان

دڵی هێنایە لەرزینو بەشی یەك تاقە هەڵمەت بوو
کە خۆیو ئەژدەهاكو تەختو تاراجی لەتوپەت بوو»

(کاروانی شیعری نوێی کوردی،
ل - ١٦٢)

## ◯ (ئازاته = ئا – زاته = ā – zāta): ◯

ئەم وشەیە، لە دووپارچە پێك هاتووە، ئەوانیش: پێشبەندی (ئا – = – ā) و قەدی (زاتە = zāta) یە.

پێشبەندی (ئا – = – ā) لە رەگی (ئاریان)ەوە، یان لە رەگی (ئاریا)، یان (ئێریا)ەوە هاتووە. قەدی (زاتە) ش، لە بنەرەتدا، لە (زایین)ەوە هاتووە. بە هەردووکیانەوە، واتای (زادەی ئاری = ئاری زادە) دەدات.

ئەوجا، ئەوسا (ئەو وەختە دێرینانە) زادەی (ئاریان)ی بە بنەرەت (رەسەن) لە قەڵەم دراوە، بۆیە ئەم وشەیە (وشەی: ئازاتە) بە واتای (نەژاد) هاتووە.

(ئاسمان = asmān):

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ئاسمان)، (عاسمان) (سەما)، (گەردوون) هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، پەیوەندی نێوان ئەم وشە ئاڤێستایی‌یەو (سماء)ی زمانی عارەبی دەردەکەوێ‌و بۆیە بیر بۆ ئەوە دەچێ، کە ئەوەی (عارەبی) لە ئاڤێستایی‌یەکەوە وەرگیرابێ، ئەگەر بەو جۆرەش نەبێ، وشەی (ئاسمان) وشەیەکی کوردیی کۆنە.

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئاسمان)، مەحوی دەڵێ:

«لەبەر باری مەحەببەت ئاسمان‌و ئەرز ئەناڵێنن
چی‌یە ئەم دەعوایەت زاهید، جلی لێ‌بارە گاپیرت
شوکر مەحوی کەوا مودەتیکە ناوی چوو بووە نسیان
لە زومرەی وەعدی کوشتن هاتوانا هاتەوە بیرت»

(ل – ٦٨ – ٦٩)

وێنەی وەرگرتەی هۆنراوە بۆ وشەی (سەما)، میرزا ئۆلقادر دەڵێ:

«کەشان پۆشان بەرگ قەترانی ی زوخاڵ
زەمین بی وەگەرد چەنی فرەی باڵ
سپا چون جەیحوون دەردەم خرۆشا
وێنەی هەوری کین رووی سەما پۆشا»

(ل - ١٣٨)

●

## ○ (ئافریڤەنە = āfrivana): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (تاریف‌دان)، (ستایش‌کردن)، (لێ‌رازی‌بوون) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ئافەرین). لە پارسی نوێ‌دا هەر ئەوەی پالەوی‌یە، لە کوردیی ئەمڕۆش‌دا، هەر هەمان وشەیە.

شایانی باسە، قەدی (فری = fri) ئاڤێستایی بە واتای (دۆعا) (نیایش) هاتووە.

## ○ (ئاڤەنت = āvant) ○

ئەم وشەیە، بەم رووالەتەش هاتووە (ئافەنت = āfant).

ئەم وشە ئاڤستایی‌یە، بە واتای (ئاودار)، (ئاوەدان)، هاتووە. یان بە جێگایەك دەوترێ، کە خاوەنی ئاوی زۆرو ئاوەدانی بێ.

لە کوردەواری‌دا، (ئاوو ئاوەدانی) وەك کورد واتەنی، بەکار دێ. لەگەڵ ئەوەش‌دا، وشەی (ئافتاوە)، کە مەسینەی تایبەتی ئاوەو تا حاڵی حازریش، لە هەندێ لادێ‌دا (ئافتاوەو لەگەن)ی دەست شوشتن بەکار دێ.

له سانسکریتی‌دا، ئەم وشەیە بووە، بە (ئاپوڤەنت = āpovant).

وێنەی وەرگرتەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئافتاوە = ئافتابە)، میرزای دەباخی دەڵێ:

«فەراشانی ئەرش زێبای مەهوەشی
خەم کەردەن قامەت بەجا روب‌کەش

ئافتاب‌و لەگەن زەڕین سیمین
شوعلەی سەند جە نوور شەمسی خاوەرین»

(ل – ١٢٠ – لەیلێ‌و مەجنوون)

●

O :(ā - kwara = ئا - کوەرە) O

ئەم وشەیە، بە واتای، (جێگای خواردن)ی مەڕومالاَت دێ.
لە کوردەواریی دا، وشەی (ئاخوڕ، ئاوڕ، ئافڕ) هەمان واتا دەدەن.ئەوەی کە لێرەدا، بە دی دەکرێ، ئەوەیە، کە:
- دەنگی [ك = k] ئاڤێستایی لەم وشەیەدا، بەرەو دەنگی [خ = x]ی کوردی گۆڕراوە، لە جێگایەکی دیکەوە، باسی دیاردەیەکی دیکەی بەم جۆرە کرا.
شایانی باسە، ئەم جۆرە ئاڵو گۆڕە، تەنیا لەگەڵ شێوەزاری سۆرانی یە، بەڵام لە هەندێ شێوەزاری دیکەدا، دەنگی [ك = k]ی بە یەکجاری فڕێ دراوە، یان قووت دراوە!

O :(ā - kas = ئاکەز) O

(ئاکەز) یان (ئاکەس)ی ئاڤێستایی بە واتای (ئاگا) هاتووە. لە پالەویدا، بووە بە (ئاکاز = ئاکاس = ākās) و لە پارسی نوێشدا، بووە بە (ئاگاه = āgah)

O :(ā - kturyam = ئاکچووریەم) O

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (چوارەم) هاتووە. لە پارسی نوێدا (چهارەم = cihāram) بەکار دێ.

## ○ (ئايرا = āirā): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بەم جۆرەش هاتووە: (ئەیریا = áiryā).
لە پارسی کۆندا، وشەی (ئاریا = āriyā) یەو لە سانسکریتیش دا وشەی (ئاریە = ārya) یە.

ئەم وشەیە، بۆ ناوی نەژادی گەلەئێرانی یەکانو هیندۆ ئەوروپایی یەکان بە کار دێ.

## ○ (ئایزما = āizmā): ○

ئەم وشەیە، نا ساکارە، یاخود لێك دراوەو بریتی یە لە دوو پارچە؛ واتە: پێشبەندی (ئایزی – āizi)، یان (ئەیزی = aizi) و قەدی (ما = mā). ئەمانە بە هەردووکیانەوە، بەواتای (تاق کردنەوە)، بە واتای (ئەزمان)، (ئەزمۆن)، (ئەزموون) هاتووە.

بۆ وێنە، لە ناو خەڵکی موکریان دا، باوەو دەڵێن: (دۆ ی ئەزموو لە ماستی نا ئەزموو چاترە – قامووسی زەبیحی، ل – ١٣٣).

## (ئاواز = āwāz) :

ئەم وشەیە، بە واتای (ئاواز)و (گۆرانی)و (بەزم) هاتووە. هەروەها بە واتای (ڤەچ = vac)و (ئاڤاچ = āvāc)، (ئاواچ) (ئاواز) هاتووە (ق. ز، ل – ٧٨).

لە گاتەکاندا، ئەگەر ئەم وشەیە، هاتبێت، بە بیروڕای من دەبێ بەم جۆرە هاتبێت، (واتە : ئاڤاز، ڤاچ، ئاڤەچ، ڤەچ)، چونکە قەدی (ڤەچ) هەمان واتا دەبەخشێ.

لە سانسکریتیدا، (ئەڤاچی = avāci)یە، یان (ڤەڤاچە = vavāca)یە. لە پارسی میانەدا، بووە بە (ئوخت = uxt)و لەپالەویدا (ئەڤاچ = avāc)ەو لە پارسی نوێدا (ئاڤاز = āvāz)ە.

وێنەی هۆنراوە، بۆ (ئاواز)، لە لەیلێومەجنووندا، هاتووەو دەڵێ :

«سازان کۆ کەردەن موتریبان تەمام
نەغمەی دڵ نەواز جە دڵ گرت ئارام
زرەی زیلوبەم سازانو نەوا
نیشت وە پای گەردوون سەدای دڵڕوبا
موتریب خۆش ئاواز یاران شەرابی
جزەی قازوبەط مورغانی ئابی»

(ل – ١١٩).

○ : (aputhratanu = ئەپوثرە تەنو) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە ناساکارەو لە چەند پارچەیەك پێك هاتووە. بە هەرحاڵ، لە ئاڤێستادا، بە واتای (منداڵدان)، (رەحم)، (زارۆڵەدان) (پزدان) هاتووە .

○ : (athā = ئەثا = ئەتا) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ئەنجا)، (ئەوجا)، (ئینجا)، (ئەوسا)، (لە پاشا) هاتووە .

○ : (azāmi = ئەزامی) ○

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بە واتای (ئازا)، (پێشڕەو) (سەرکردە) هاتووە .

●

### ○ (ئەختی = axti) : ○

(ئەختی = axti) لە ئاڤێستادا، بە واتای (ئاخ)، (ئێش)، (ئۆف) هاتووە.

حاڵی‌حازر، لە کوردیی ئەمڕۆدا، بە تایبەتی لە ناوچەی شارەزووردا، وشەی (ئۆخەی) بەکار دێت‌و بەکار هاتنەکەشی لەم شوێنانەدا دەبێ:

- یەکێ درکێ دەچێ بە جێگایەکی‌دا، بۆ بەربەرەکانی ئەو ئێشە، وشەی (ئۆخەی) بەکار دێنێ. واتە: (ئۆخەیش درکێ چوو بە دەستم‌دا!).
- یەکێکی دوژمن تووشی زیانێ دەبێ، بۆ هەست دەربڕین، دەڵێت: ئۆخەیش دوژمنەکەم تووشی ئەو زیانە بوو!
- دوور ولاتێکت دێتەوە، یان هەواڵێکی باشت بۆ دەهێنن‌و تۆش لە خۆشی ئەو هەواڵەدا، دەڵێت: ئۆخەیش.
- یان دەڵێی: یاخوا هەمیشە ئۆخەی کەیت! (کورد واتەنی).

### ○ (ئەسبارەی = asbāray) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، لە دوو پارچە دروست بووەو ئەوانیش:

- (ئەسپە = aspa)یە، کە بە واتای (ئەسپ) هاتووە.
- (بارەی = bāray)، کە بە واتای (بەردەی = بردن) هاتووە.

ئەم دووانە، بە هەردووکیانەوە وشەی ناساکاری ئەسبارەیان پێك‌هێناوە، کە واتای (ئەسب‌بەر) دەدات.

شایانی باسە، لە ئاڤێستادا، نێرومێ جیا کراوەتەوە. بە(ئەسپ = نێر) دەوترێ **(ئەسپە = aspa)** . بەڵام بە (مایین)، (ئەسپا = aspā) دەوترێ.

ئەوجا، بۆمان هەیە، بڵێین، لە ئاڤێستادا، ئامرازی (ئە = a) بۆ نێرەو هی

(ئا = ā)ش نیشانەی مێیە.

وشەی (ئەسپ = asp)، لەگەڵ وشەی دیکەدا، یەك دەگرێو وشەی ناساکاری نوێ پێك دەهێنن.

بۆ وێنە، وشەی (ئەسٚپ)، لەگەڵ - (ناوی دەنگ) - ڕگەرەم = garam)دا، یەك دەگرێو وشەی (ئەسپۆگەرەم = aspō — garam)پێك دەهێنن، کە بە واتای (کرمەیئەسپ)، یان (ڕەنگی خواردنی ئەسپ) دێ.

بەم بۆنەیەوە، ئەم دێڕە شیعرەی (گۆران)، بۆ وێنەی (کرمەکرم)، کە تێیدا بەکاری هێناوە، دەهێنینەوە:

«لەبەر دەرگای (بەگ) چاوەڕێ وەستاو
هەندێك زین پۆشتە، هەندێك ناتەواو
سەرو توورەکە، بەرەو زەوی شۆڕ
بە کرمەکرمی ئالیك گەرمە کوڕ».

(ل - ١٣٦)

●

## ○ (ئەستا = astā) : ○

وەك ناوێ، (ئەستا = astā)، بە كتێبی زەند – (ئەوكتێبەیە، كە بۆ لێكدانەوەی ئاڤێستا، بۆ یەكەمجار، لە لایەن پیرە دینییەكانەوە كراوە، بۆ ئەوەی شتی ناڕۆشنی ؛ ڕۆشن بكرێتەوە) – دەوترێ.

جگە لەم ناوە (ئەستا = astā)، (ئەبێستا = abestā)شی پێ دەوترێ. لای هەندێ وەهایە، كە ئەم ناوە (ئەستا = astā) ناوونیشانی كتێبی (ئیبراهیمی زەردەشێ)یە.

وشەی (ئەستا)، وەك (قەد) قەدێكی ئاڤێستایییەو وشەی (ئابستە)ی لێوە دروست بووە. ئەم وشەیە (ئابستە)، یان (ئاپۆترەتەنو) بە واتای (منداڵدان)، (ڕەحم).هاتووە. جگە لەمەش بە واتای ؛ (زاوزێ)، یان زەویو زارێ كە بەروبوومی هەبێ (زەویكشتو كاڵكراو) دێ.

شایانی باسە، وشەی (ئابستە)، لە بنەڕەتدا، قەدەكەی لە وشەی ناساكاری (ئابوترە – تەنو = āputhra — tanu)وە هاتووە.

●

## ○ (ئەستی = asti) : ○

وشەی (ئەستی = asti) ئاڤێستایی کۆی وشەی (ئەستەھـ = astah)ە. بەم پێیە، (ئە = a)، یان (ئەھـ = ah) ئامرازی تاکەو (ی = i)یش ئامرازی کۆیە، بە تایبەتی لەم جۆرە ناوانەدا.

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ئێسقان – کۆ –) هاتووە.

لە زمانی کوردیی دا، بۆ هاوواتای ئەم وشەیە، جگە لە مانەوەی (ئەست = ast) بە پامانو زامانی، ئەم وشانەش هەن: (ئێسك = ēsk)، (پێشە = pēsha)، (ئیستیخوان = istixwān)، (ئەستۆ = astō) هەن. لە پارسی ئەمڕۆدا، وشەی (ئوستخوان = ustuxwān)ە.

لە ئاڤێستادا، فرەیزی (ئەستی – بیز = asti — bis) هاتووە، کە واتای: (بە ئێسك)، (بە ئێسقان)، (بە ئەست) دەدات.

بۆ وێنەی (ئەستۆ) مەحوی دەڵێ:

لە خەیمەی نازدا عوشرەت دەکا لەیلا، چ دەربەستە
بە فیکرێکە کە ئەم خوون ڕێژە، شیری بەستە پشت، ئەمڕۆ
لە ئەستۆدانی کێیە، کێ دەکا ئاخۆ کە مەلا بەستە».

( ل – ٢٦٥)

بۆ وێنەی (ئێسك) مەحوی یەژێ:

لە سایەی دەوری جەرخی سوفلە پەروەر لەك بە لەك دەدوێ
سەگی ئاواتەخوازی ئێسکی وشتر لە شەك دەڕوێ.

(ل – ٣١٢)

بۆ وێنەی (ئێسقان) گۆران دەڵێ :

«کای لەبەر سەگ دانراوە، ئێسقان بۆ ئەسپە
سەر لە جیٚی کلك بەند کراوە، کلك لەسەر چەسپە».

(ل – ٢١٨)

بۆ وێنەی (ئیستیخوان) سەیدی هەورامی دەڵێ :

«چەن وەختەن کە سیٚ نانیٚ نەدان پیٚش
سازان چەنی زۆخ ئیستیخوانی ویٚش
غەیر جە قورسی بەدر مانگی دوو هەفتە
هەرگیز چەم بە شکلٚ نانیٚ نەکەفتە».

(ل – ٩٠)

●

## ○ (ئەسرەڤ = asrav) : ○

وشەی (ئەسرەڤ) یان (ئەزرەڤ)ی ئاڤێستایی، بە واتای (فرمێسك)، (ئەسروو)، (هەرس)، (ئەرس)، (ئەسرین)، (ئەسر)، (ئەشك) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (ئەرس = ئەرز = ars) لە پارسی نوێ‌دا، (ئورس = urs)، یان (ئەرس = ars)ە.

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئەسر) سەیدای هەورامی دەڵێ:

«تا دیدەی مەستت پەڕ (پڕ) سورمەی توورەن
دیدەی پڕ ئەسرم، خاو جە لاش دوورەن»

(ل – ٦٨).

بۆ وێنەی (هەرس) مەولەوی یەژێ:

«بەڵام (مەعدووم)، هەرس دیدەش جۆش وەردەن
ناعیلاج خامەش وە دەستگیر کەردەن»

(ل – ٥٦)

وێنە، بۆ وشەی (ئەشك)، مەحوی دەڵێ:

«لەمانمدا نەدیوە حامڵێ غەیری تەوەحوش، من
خودا پێی‌داو، ئەوانەی لەم وحووشستانە زوو ڕۆیین
لەبەر چاوی بتم کەوتووم ئەمن وەك ئەشکی نەومێدی
هەتا دەچمە فەنا، خاکم بەسەر، منو بە ڕوو ڕۆیین»

(ل - ۲٥۱).

## (ئەسیەه = asyah)

ئەم وشەیە بریتی‌یە، لە قەدێكو پاشبەندێك، واتە قەدی (ئەس = as) و پاشبەندی (- یەه = -yah).

ئەم، پاشبەندی (- یەه = -yah) بۆ پلەی بەراوردی‌ی ئاوەڵناوەو لەبری (- ترین = -trīn = -tirīn)ە.

ڕوواڵەتێکی دیکەی ئەم وشەیە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (ئەچیەه = ac̄yah)ە.

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، بە واتای (تووڕەترین)، (ساردترین)، (چیاتر) هاتووە.

○ :(ash = ئەش)○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای، (فراوان)، (فرە)، (مشە)، (مشەمحەر)، (زۆر)، (بێ ژمار) هاتووە.
بە هۆی ئەم وشەیەوە، کە ئاوەڵناوە، وشەی (ئەشیەه = ئەچیەه = acyah = ashyah =) دروست بووە.

بە هەرحاڵ، لە ئاڤێستادا، بۆ پلەی بەراوردی، ئەم پاشبەندە بەراوردیانە بەرچاو دەکەون:

(١) – ( – تەرە = tara ):
بۆ وێنە: (ئەکە = AKA) + (– تەرە = -tara ) = (ئەکەتەرە = akatara)، کە بە واتای (خراپتر)، خراپتەر هاتووە.

(٢) جگە لە پاشبەندی (– یەه = -yah) پاشبەندی (– ئەمە = -ama) بۆ پلەی باڵا بەکار دێ:

بۆ وێنە: (رەیڤەست =raivast) + ( – ئەمە = -ama) = (رەیڤەستەمە = raivastama).

شایەنی باسە، ئەم پاشبەندی بەراوردە (– ئەمە = -ama)، بە واتای (زۆرترین)، یان (گەورترین) دێ.

●

## ○ (ئەشتە = ashta): ○

ئەم وشەیە، ناوی ژمارەیە، بە واتای (هەشت)، (ئەشت) هاتووە. لە پالەوی‌دا (هەشت)ە، یان (ئەشت)ە. لە هیندی کۆن‌دا (ئەشتەو = ashtaú)ەو لە ئەرمەنی‌دا(ئوت = ut)ەو بە ئەفغانیش (ئەتە = ata) (ب. ق).

لەم وشەیە، یان، بابڵێین، بە هۆی ئەم وشەیەوە، وشەی ناساکاری (ئەشتایتی = ashtāiti)، کە بە واتای (هەشتا) هاتووە، دروست بووە. لەپالەوی‌دا، (هەشتات = hashtāt)ە، یان (ئەشتات‌ashtāt)ە. بە ئەفغانیش (ئەتی‌یە = atiya) یە.

## ○ (ئەرەتە = arata): ○

وشەی (ئەرەتە = arata)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (راست)، (دروست)، (پاك) هاتووە. لە هەندێ سەرچاوەی دیکەش‌دا، بە رووالەتی (ئەرێتە = areta) بەرچاو دەکەوێ.

بە هۆی وشەی (ئەرەتە = arata)ەوە، وشەی ناساکاری (ئەرتەڤەن = artavan)، یان (ئەرتەڤان = artavān)، یان (ئەرتەوان)دروست بووە. واتە، وشەی سەرەی (arata = ئەرەتە) و لەگەڵ پاشبەندی (– ڤەن = van -) دا.

ئەم وشە ناساکارە (ئەرتەڤەن، ئەرتەڤان، ئەرتەوان) بە واتای (دادەوان)، (پارێزگاری راستی)، (راستیەوان) – ئەگەر بلوێ – هاتووە.

●

## ○ (ئەرەجە = **araja**): ○

وشەی (ئەرەجە = araja)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (نرخ)، (کرێ)، (هەق دەس) هاتووە.

بەم وشەیەدا، وشەی (أجرە)ی عارەبیمان دێتەوە یادو بیروڕامان بۆ ئەوە دەچێ، کە وشەی (اجرە)ی عارەبی لە وشەی (ئەرەجە = araja)ی ئاڤێستایی یەوە وەرگیرابێ، یان هەڵۆگەڕاوی ئەو بێ، بەو پێیەی، کە زمانی ئاڤێستا لە زمانە هەرەکۆنەکانە لە جیهاندا.

لە ناو کوردەواری دا، وشەی (ئەجر)، بۆ واتای (باشی) (پیاوەتی)، (حەق دەس) بەکار دەهێنرێ).

شایانی باسە وشەی (ئەرزان)یش، بە واتای (دەهێنێ) دێ. وشەی (ئەرج)و هی (ئەرز)یش هەر یەکێکن بە واتای بە سوود هاتوون.

●

**(ئەرەتنە** = aratna):

وشەی (ئەرەتنە = aratna)ی ئاڤێستایی، بە واتای (ئەرەژنە = یەرەژنە)، (ئانیشك)، (ئەژنۆ)، (زانوو) هاتووە. هەروەها بە واتای (چۆك) یش هاتووە.

لە پارسی نوێدا وشەی (زانوو = zānū)ە . شایانی باسە، لە هەندێ ناوچەی جۆراو جۆری کوردەواریدا بەم رووالەتانەو ئاوازانە بەر گوێ دەکەوێ: (ژەنۆ)، (وژنگ). (زرانی)، (زەنگۆڵ)، چۆنگ)...

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئانیشك) هێمن یەژێ:

«لەوەی دواوە دەبێ قۆڵی هەتا ئانیشکی هەڵماڵێ
هەموو رۆژێ هەتا ئێوارێ بچێتە جووتو جۆماڵێ»

(تاریكوروون، ل – ٥٨).

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (زانوو) مەولەوی دەڵێ:

«مەعدوومی، کردەی بەدی هەزار تەرز
زانووی ئومێدت ناوەرۆ ئەو لەرز»

(ل – ١٠٦)

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (ئەژنۆ) پیرەمێرد دەڵێ:

«پەژارەت هێزی لە ئەژنۆم بڕی
لە هێلانەی دڵ شەوقی دڵ فڕی».

(ل – ١٦٥)

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (چۆك) گۆران دەڵێ:

«دوو تەختی گەورەی کۆنی دۆشەك پۆش
هەشت‌نۆ دەیەکی لێ گرتینە کۆش
لەبەر دەمانا هاورێکانی - تر
بە چۆکا هاتن وەك یخی حوشتر»

(ل - ١٤٨)

## ○ (ئەرشتات = arshtāt) ○

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بە واتای (راستی) و (دروستی) هاتووە. جگە لەمەش بۆ ناوی (فریشتەی هەق)، (فریشەی‌راستی)، (فریشتەی دروستی) بەکار هێنراوە.

شایانی باسە، ئەم ناوە، بۆ مێینەیە. هەر لەم جۆرەو بۆ هەمان واتاو بۆ نێرینە، وشەی (ئەرەتە = arata) هاتووە.

●

## ○ : (avai = ئەڤەی) ○

ئەم وشەیە، راناوی ئاماژەیە (ئیشارەت)، بۆ (دوور)و بۆ (تاك)، بەکار دێت‌و بە واتای (ئەو)و (ئەوە) هاتووە.

شایانی‌باسە، لە ئاڤێستادا، ئەم فرەیزە هاتووە:

(avai - awra = ئەڤەی -- ئەورە)

ئەگەر بێت‌و ئەم فرەیزە وشەبەوشە لێك بدرێتەوە بەم جۆرە دەبێت: (ئەو هەورە)

## ○ : (avō — xvarna = ئەڤۆخڤەرنە) ○

ئەم وشەیە ناساکارە، واتە، بریتی‌یە لە چەند پارچەکێیەو جگە لەوەش بە چەند واتایەك هاتووە، ئەوانیش: (ناوچاوان)، (ئاوەخۆرە = ئاوەخۆرکە)، (ئاوەوەرە)، (ئاڤەوەرە)، (ئاڤەڤەرە)، ڕکەمی ئاوخوارنەوە)، (قەمی ئاوخواردنەوە)، (قەمی ئاو) بۆ مەڕومالات.

(ئاوەوەرە = ئاوەخۆرە)ی مەڕومالاٚت، یان (قەم) بریتی‌یە، لە هەڵکۆڵاندنی قەدی دارێکی ئەستوور بە درێژایی‌و لەگەڵ هێشتنەوەی ئەمسەرو ئەوسەری دارەکەو ئەوجا چەسپ‌کردنی بە درێژی لە نزیك ئاوی کانیاوێکەوە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی سەرەمرەیی پڕ بێ لە ئاو، تا ژمارەیەکی زۆر لە مەڕو مالاٚت بە ئاسانی بتوانن ئاوی بە سەرەوە بخۆنەوە.

هەر لەبەر ئەوەی ئەم وشەیە، بە شێوەیەکی دیکە لە ئاڤێستادا هاتبوو لە جێگایەکی دیکەوە باس کراوە.

●

## ○ : (avēsta = ئەڤێستا) ○

جکە لەم وێنەیەی ئێرە، ئەم وشەیە، بەم گۆیەش (ئاڤێستا = āvestā) هاتووە.

ئەم وشەیە، دوو پارچەیە، واتە، ناساکارە، ئەو پارچانەش ئەمانەن :
- (ئاڤێ = āve)، یان (ئەڤێ = ave)، یان (ئاڤ = āv)، یان (ئاپ = āp) :
بە واتای (ئاو = ئاڤ = ئاوی) هاتووە.

ئەم ئاڵوگۆڕەش لە دەنگ‌دا، بێ‌گومان، بە هۆی کارتێ‌کردنی یەکێکیان سەر ئەوی دیکەیان، لە کاتی دراوسێیەتی‌داو بەرەو ئاسانچوون (بوون)، ڕێبازی سروشتی ؛ هەر زمانێکە!!

ناوی ئاڤێستا، لە پالەوی‌دا بووە بە (ئەڤەستاك = avastāk)، یان، بە (ئەپەستاك = apastāk).

وشەی (ئاڤێستا، هەر وەك لە لایەن (ئەندریاز)ەوە لێك دراوەتەوە، لە بنەڕەت‌دا (ئوپەستە = upasta) بووە، کە بە واتای (بنچینە)، یان (بنەڕەت)، یان (ڕەسەن) هاتووە. لە لایەن ئاڤێستاناسی وەك (بارتۆلۆمی)یەوە، بەشی کۆتایی وشەی ئاڤێستا، بە واتای (پەنا)، (کۆمەك) هاتووە.

بە پێی ئەو لێك دانەوەیە، وشەی (ئاڤێستا)، بە واتای (زانین)، یان (ناوەڕۆکو بنەڕەت‌زانراو) دێ.

●

من بەش بەحاڵی خۆم، وای بۆ دەچم، کە بە واتای، هەرچی شتێ (بەردار)بێ، (زەوی بەروبوومدار)، (وتەی سوودبەخش)، (نیشتمانی بە فەرو بە پێت) بێت.

لە سەرچاوەی عارەبیو پارسیو هی دیکەش ناوی (ئاڤێستا)، بە چەند رووالەتێ هاتووە، ئەو رووالەتانەش ئەمانەن:

«اوست، ابستا، وستا، است، اویستا، بستاق، أبستاق، أبستاغ، ابستاه، بستاه، ابستا، افستا، اپستا، ستا... هتد.

## ○ (ئەکە = aka) : ○

وشەی (ئەکە = aka)، یان (ئەخە)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (زیانەخرۆ)، (خراپ)، (بەدگۆ)، (شەڕڕانی)، (پیس = ناپاك) هاتووە.

ئەم وشەیە ئاوەڵناوە، لە نێوان (نێر و (مێ)دا، جیاوازیی کۆتایی، پیشان دەدرێ. بۆ (نێر)، (ئەکە = aka)یەو بۆ (مێ)یش (ئەکا = akā).

لە پلەی بەراوردیدا، پاشبەندی (— تەرە = tara —) وەر دەگرێ. بۆ وێنە دەوترێ:

(ئەکەتەرە = akatara)، واتە: (خراپترە)، یان (ئاگادار بە).

شایانی باسە، وشەی (کخە)و (ئەخە) بە زمانی منداڵ، لەگەڵ منداڵی بچووكدا، بۆ دوورخستنەوەی لە کاری زیانەخرۆیی، کردەوەی زیانبەخش، لە ناوچەی شارەزوورو هەوراماندا، بە کار دێ.

●

## ○ (ئەمرتە = a — mrta) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، لە پێشبەندو قەدێك پێك هاتووە. لە ئاڤێستادا، بە واتای (نەمر)، (زیندو)، (پیاو) هاتووە.

ئەم پێشبەندەی (ئە — = — a)یە، پێشبەندێکە، بۆ (نەرێ = نەفی) بەکار دێ. چونکە (مرتە = mrta) وەاك قەدێك، واتای (مەرد) یان (مردوو) دەدات. بە هەردووکیانەوەو پێکەوە وشەی (ئە – مرتە = a — mrta)یان دروست کردووە، کە بە واتای (نەمر) هاتووە. ئەم پێشبەندە (—a = ئە) بۆ (نەفی)یە.

شایانی باسە، لە ئاڤێستادا، لە گاتەکاندا، ئەم گۆیە، یان ئەم وشەیە ئەمرتات = amrtat)هاتووە. جگە لەو واتایەی سەرەوە، بە واتای (ناوچاو)، (ناوبانگ)، (چاوونام پیرۆز) هاتووە.

●

## ○ (ئەمسە = amsa) : ○

وشەی (ئەمسە = amsa)ی ئاڤێستایی، بە واتای (نزدیك)، (دراوسێ)، (هاوسێ)، (هامسێ = هامسا) هاتووە.

لە زمانی کوردیی‌دا، جگە لە وشەی «هامسا»، کە هەمان واتای (ئەمسە)ی ئاڤێستایی دەدات، وشەی، یاخود (راناوی ئامازە) هەیەو لەبەر ئەوەی، کە نیشانەی زۆر نزیك دەکات، لە واتاش‌دا، بە لای‌دا دەچێت. بۆ وێنە:

- ئەم ؛ ئەمەتە = (بۆ نزیکە = (ئەم + ە + تە).
- ئەم ؛ ئەمەسە = (بۆ نزیکە) = (ئەم + ە + سە).

بە هەرحاڵ، وشەی (هامسێ = هامسا)ی کوردیی نەوەی نوێی وشەی (ئەمسە = amsa)ی ئاڤێستایی‌یە.

لەوانەشە، کە وشەی (ئامسان)ی زمانی کوردیی، کە بە واتای (ئاوسان) هاتووە، هەر لەهەمان قەدی وشەوە وەرگیرابێ! هەروەها وشەی ناساکاری (هام‌سایە)ش!

●

## ○ (ئەنتەرە = antara) : ○

ئەم وشەیە، لە فەرهەنگی (بورهان قاطع)دا بەم جۆرە (ئەنتەر = antarð) هاتووە. بە هەرحاڵ، وشەی (ئەنتەر) یان (ئەنتەر)ە، بە واتای (لەناو) هاتووە.

وشەی (ئینتەر = enter)ی ئینگلیزی و ئەم وشەئاڤێستاییە، لە بنەڕەتێکەوەن.

لە پالەویدا، لە بری ئەم وشە ئاڤێستاییە، وشەی (ئەندەر = andar) هەیەو لە پارسی کۆنیشدا (ئەنتەر = antar)ە.

●

## ○ (ئەناهیتە = anâhita) : ○

ئەم وشەیە ؛ ناساکارە، پێك هاتووە، لە :

– نیشانەی نەرێ (ئەن – = – an) .

– قەدی (– ئاهیتە = āhita) .

ئەم وشە ناساکارە، بە قەدو بە پێشبەندی‌یەوە، بە هەردووکیانەوە، واتای (رۆشن)، (پاك) هاتووە .

جگە لەوەش، هەر هەمان وشە، بۆ ناوی فریشتەی (سەرکاری ئاو)، یان(چاودێری‌کەری ئاو) یان (میراو) بە کار هاتووە .

هەر هەمان وشە، بۆ ناوی (ئەستیرەی زوهرە)، کە رەمزی جوانی‌یە، یان بە رەمزی جواني لەقەڵەم دراوە، بەکار هێنراوە .

هەر بەو بۆنەشەوە بووە، کە رۆمانەکان (لاتینیەکان) ناوی (ڤینۆس)یان لێ ناوە .

## ○ (ئەن – ئاهیتا = an — āhītā) : ○

ئەم وشەیە، رووالەتی دووەمی وشەی ناساکاری (ئەناهیتە = anā hītā)یە. (تەماشای سەرەوە بکە) .

●

○ (ئەن - ئەيریە = an — airya) : ○

ئەم وشەیە، ناساکارە، بریتی‌یە، لە پێشبەندی (نەرێ)و قەدی (ناو)، واتە : (ئەن - = = an) + (ئەیریە = airya)، کە بە واتای (نا - ئاری) هاتووە .

○ (ئەنەگرە - رەوچە = anaghra — rōca) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (زۆر - رۆشن)، یان (بارەگای‌خوا) هاتووە .
ئەم وشەیە، لەوە دەکات، کە سێ پارچە بێ، ئەوانیش :
(١) - (ئەن = an) وەك ئامراز نەفی .
(٢) - (ئەگرە = aghra) .
(٣) - (رەوچە = roca) .

○ (ئەیریەمەن = airya — man) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (یار)، یان، (دۆست)، (یاوەر)، (هەڤاڵ)، (هاوسەر) هاتووە .

ئا لەم وشەیەدا، کە ناساکارەو بریتی‌یە، لە دوو پارچە، کە ئەوانیش (ئەیریە = airya) و (مەن = man)ن، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ، کە : قەدی (مەن = man) بە واتای (دۆست) هاتووە. یان ئەتوانین وەك (ی = i)ی (نیسبە) سەرژمێری بکەین .

بەو پێیە، وشەی ناساکاری ئەیریەمەن (airya — man =) بە واتای (ئاریای) دێ، کە حاڵی حازر لە کوردیی‌ی ئەمرۆدا، ئەو (ی = i)ی نیسبەیە بەزۆری بەکار دێ .

## ○ (an — ya = ئەن - یە) ○

ئەم وێژەیە، یان ئەم فرەیزە (ئەنەیە = an — ya)، بە واتای (یەکێکی تر)، (یەکێکی دیکە)، (یەکی دیکە)، (بۆتەر) هاتووە.

(ئەن - یە = an — ya) : دوو بەشە، بەشی (ئەن = an)، کە بە واتای (یەك)، (یەکێك)، (یەکیٚ)، (یوڤیٚ)، یووە) هاتووە. هەروەها بەشی (ya — = — یە) کە بۆ ژمارەی تەرتیبی‌یە، یان، با بڵێین، پاشبەندی پلەی تەرتیبی‌یە.

## ○ (ئەورووشە: aurusha) ○

**ئەم وشەیە، بۆ ناوی رەنگ بەکار هێنراوەو بە واتای رەنگی (سپی مەیلەوموور) دیٚ، یان بە واتای (ئاڵ)، یان رەنگی (گوڵی گلاٚوی).**

**لە سانسکریتی‌دا، بەرامبەری ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە وشەی (ئەروزە =** arusa) بە کاردیٚو لە ·پالەویش‌دا (ئەرووز = arū s)ە.

لە ئینگلیزی‌دا، وشەی (رۆز = rose) بە واتای (گوڵی گلاٚوی)دیٚ.

بەلاٚم بۆ رەنگەکەشی زاراوی (رۆزلی = rosily) بەکار دیٚ.

دیارە، سەرپاکی ئەمانە، وەچی رەگێکن.

●

## (ئەورە = awra) :

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (هەور) هاتووە .

لە پالەوی‌دا، بووە بە (ئەبر = abr) .

لە کوردەواری‌دا، وشەی (هەور)، (ئەور)، (عەور) بەکار دەهێنرێ .

بۆ وێنەی (هەور) لە هۆنراوەدا، سەیدای هەورامی یەژێ :

«کەرەمدار وادەی سوبحی سەحەردا
چە خاس هەوری نەو پۆشان جە سەردا
عەجەب بادەن، عەجەب هەورەن، عەجەب وەشت
چە خاس‌خاس نم مدۆ ساراو دەرو دەشت».

(ل – ٦٨)

یان مەحوی دەڵێ :

«ری‌ی خستە خەستەخانە کە باری خجستە پەی
جی‌ی چاوەزارە(مەحوی) ئەم ئەسرارە دەر نەخەی
سایەی هومایی دەوڵەتە کە وتووەتە سەر سەرت
داوێنی هەوری رەحمەتە، مفتی لە دەست نەدەی».

(ل – ٣٥٧)

## ○ (ئەهو = ahu) : ○

وشەی (ئەهو = ahu)، بە واتای ؛ (عەیب)، (کەچ)، (ناتەواو)، (کەل)، (کەم)، (ناپاك)، (خراپ)، (پووچەڵ)، (پووکاو) هاتووە. هەر لەم وشەیەوەە وشەی (ئاهیتە = āhita) وەر گیراوە، کە بە واتای (پەڵە)، (کەچ)، (ناتەواو)، (پیس) هاتووە.

هەر وەك نەختێ لەمەوپێش تر وتمان، ئەم وشەیە، ئامرازی (نەرێ) کە (ئەن — = — an)ە، کەوتووەتە سەری و وشەیەکی نوێیان، لە رووالەتو لە ئاوازو لە واتادا پێك هێناوەو ئەویش، وشەی ئەنەهیتە، یان ئەناهیتە، یان (ئەناهیتا)یە، کە بە واتای (پاك)و (جوان) دێ.

لە پالەوی دا ئەم وشەیە (واتە : وشەی «ئەهو = ahu») بووە بە (ئاهۆك = ahok).

●

## ● (ئوپەیری = upairy) : ●

ئەم وشەیە، بە واتای (باڵا)، (سەر)، (ژووروو)، (سەروو) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە سێ پارچە پێك هاتووەو ئەوانیش :

- قەدی (پە = pa)، کە بە واتای (پێ = پا) هاتووەو (پا)ش واتای (سەر) دەدات، یان بە واتای (بەرز) هاتووە.
- پارچەی (ئو = u)،
- پارچەی (ئیری = iry).

ئەگەر بە جۆرێکی دیکە لێکی بدەینەوە، بۆمان هەیە، بڵێین، قەدی (ئاپ = up)، یان (ئوپ = up) لەم وشەیەدا هەیەو واتای ئەم قەدەو هی قەدی وشەی ئینگلیزی (ئاپ = up) هەر یەکێکەو ئەویش بە واتای (سەر)، یان (سەرەوە)، کە بە تەواوی پێچەوانەی (ژێر)، (بن)، (ژێرەوە)، (بنەوە)یە.

بە هەرحاڵ، لە پالەوی‌دا، وشەی (ئەپەر = apar) بە هەمان واتا هاتووە. لە سانسکریتی‌دا وشەی (ئوپەری = upri) بەکار دێ.

پێش ئەوەی، ئەم وشەیە بە جێ بهێڵین، دەبێ وشەی (ئەوپەڕ)، یان (پەڕ) بهێنینەوە یادو بیروڕاشمان وایە، کە وشەی (ئوپەیری = upairy)، لە ڕوواڵەتو لە واتاشەوە، لە وشەی (ئەوپەڕ)ەوە زۆر نزیکە.

●

○ : (aujah = ئۆژه) ○

(ئەوژە)، یان (ئۆژە)، بە واتای (بەهێز)، یان (ئەوپەڕی هێزم)، یان (بە هێزترین) هاتوهە. جگە لەوەش بە واتای (عظیم)ی عارەی هاتووە.

ئەوجا، یەككەوتنی واتای لەگەڵ واتای وشەی (عظیم)ی عارەبی دا، بیر بۆ ئەوە دەبات، کە (أوج) ی عارەبی لە (ئەوژە)، (ئەوجە)ی ئاڤێستایی وە هاتبێ، یان هیچ نەبێ وێکچوون لە نێوانیادا هەیە. لەوانەشە، بەم جۆرە ڕێڕەوەدا ڕۆیشتبێت:

- ئەوژە ← ئەوژەج ← ئەوج ← (أوج).
- ئەوجە ← ئەوجەج ← ئەوج ← (أوج).

○ (upa - pd - i = ئوپە – پدی) ○

ئەمە فرەیزەو لە سێ پارچە پێك هاتووەو بە واتا (بنار)ی، (لاپاڵ)ی (گرد) هاتووە.

بەشی دووەمی ئەم فرەیزە، قەدی (پد= pd)ی تێدایەو لە بنەڕەتدا (پەد = pad)ەو بە واتای (پێ = پا) هاتووە.

○ : (urvan = ئورڤەن) ○

لە ئاڤێستادا، وشەی (ئۆرڤەن = urvan)، بە واتای ڕۆح هاتووە. لە پالەوی‌دا (روڤان = ruvān)ە.

لە کوردی‌ی ئەمڕۆش‌دا، لە هەندێ ناوچەدا (ڕۆحی رەوان) وەك دوو وشەی هاوواتا لەگەڵ یەکتری‌دا بەکار دێن.

## ○ (ئورڤەرا = urvarā) ○

ئەم وشـــەیــە بە رووالّـەتی (ئـەوڤـەرا = aurara) ش هاتووە.

هەردوو رووالّەتەکەش هەر یەك واتایان هەیە، ئەویش (رووەك)ە.

لە پارسی نوێدا وشەی (روستەن = rostdn) بەکار دێ.

جگە لەوەش، وشەی (ئورڤەرا = urvara) بە واتای (رووان) و (سەوزبوون)یش دێ.

بە هۆی ئەم وشەیەوە، ناوێکی ناساکار دروست بووە، ئەوجا ناوەکە - هەر وەك دەردەکەوێ - بە بەشە کۆتایییەکەیەوە ناوبانگی دەرکردووەو ئەویش (ئورڤەنەم بەرسمەنیم = urvanam baresmanim)ە.

ئەمەش جۆرە رووەکێکی پیرۆزە بە لای زەردەشتییەکانەوە. لای (کاكمەسعود)، ئەم گیایە (بارێزە) یە، کە لە ناوچەی سلێمانیدا گیاقەیتەرانی پێ دەوترێ!! بەلای ئێمەیشەوە، ئەم گیایە (بەرەزا)یە، کە لە ناو درزە بەردی شاخو کێوو چیا بەرزەکانەوە دەروێو حاڵی حازریش لە سەرپاکی ناوچەی هەورامانەدا (بەرەزا) گیایەکی پیرۆزەو وەك هەر سەوزەیەك دەخورێ. گەڵاکانی وان لە شێوەی گەڵای (تەرەتیزە)دا، بەڵام ئەو شۆخترەو بە باڵاترەو گەڵاکانیشی شێوەپرچیان وەر گرتووە.

●

## ○ (ئوشتره = ushtra) : ○

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بۆ چەند جارێ پات کراوەتەوەو بە واتای (وشتر)، (حوشتر)، (هوشتر) هاتووە.

کۆتایی یەکەی (ئە = a) نیشانەی (نێر)ی یە، بۆ نیشانەی (مێ)یشی (ئا = a) وەر دەگرێتو بەم جۆرەی لێ دێ:

(وشترا = ushtrā)

## ○ ئوشی = ushi) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (عەقڵ، هۆش، ئاوەز، گۆش، دەماخ) هاتووە.

لە پالەوی دا، (هۆش = hōsh)ەو لە پارسی ئەمڕۆدا، بووە بە (هۆش = hōsh)، (هوش = hush)، (هووش = huah).

دیاردەی جێگە گۆرکێ نێوان [ئ] و[ هـ] لە کوردی ی ئەمڕۆش دا، هەر بەردەوامە، هەر وەك لەوشەی (ئەور) و (هەور)دا.

هەروەها دیاردەی درێژبوونو کورت بوونەوەی دەنگە بزوێن، یان پان بوونو هاتنەوە یەکی، بارێکی ئاسایی و سروشتی هەر زمانێکە، تەنانەت زمانی کوردیش بە تایبەتی لە شێوەزارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە، بۆ وێنە وەك (کۆر)و (کوێر)، یان، (سوور)و (سۆر).

بۆ وێنەی وەرگرتەی هونراوە، لە لەیلیٚو مەجنووندا، هاتووەو دەڵیٚ:

«جەو عەترو عەبیر بۆیێ مایەی موشك
ئاوەردش بە هۆش مەجنونی لەب وشك»

لە لایەکی دیکەوەو هاتووەو دەڵیٚ:

«جە داخی لەیلیٚ دیدەو دلٚ بە وەجد
دادیٚ شیی لوا روو کەرد بە کۆی نەجد

وێنەی بیٚهۆشان پەشێو خاڵداران
سەر مەدا بە سەنگ ئەڵماسی خاران

(ل = ٢٨١).

بۆ وێنەی (گۆش) مەولەوی یەژیٚ:

چون نەبڕێو تای رشتەی سەبووری
گۆش چون وێش مدۆ وەقسەی دووری»

یان دەڵیٚ:

«چەم بیٚ پەی دێنش بینایش کەم بیٚ
گۆش بیٚ شنەفتش سەداش ماتەم بیٚ»

(ل – ١١٦).

○ (ئوشی‌داتە = ushi ـ data) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای هۆشدار = هۆشیار) هاتووە. لە پارسی ئەمرۆدا (هۆشیار = hōshyār)ە، یان (هووشیار = hūshyār)ە.

لە کوردی‌ی ئەمڕۆدا، جگە لە (هۆشیار) و (هوشیار)، (وشیار)یش بە کار دێ.

○ (ئوگدە = augda) : ○

**وشەی (ئوگدە) یان (ئوگدە) بۆ کاری دەمی رابوردووە، بە واتای (گوتی)، (وتی) هاتووە**

○ (ئەیریا = airya) ○

لە ئاڤێستادا، وشەی (ئەیریا = airyā) بە واتای وشەی (ئاریان) هاتووە، یاخود وشەی (ئەیریا) لە بری وشەی ئاریانی ئەمڕۆیە.

لە پارسی کۆن‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ئاریا = āriya) و لە سانسکریتیش‌دا بووە بە (ئاریە = ārya).

ئەم وشەیە وەك (ناو) بۆ ناوی گەلە ئێرانی‌یەکان بەکار دەهێنرێ و بەواتای، (نەجیب)، (نەژاد باش)، (رەسەن) هاتووە.

## (ئەیشام = aisām) :

(ئەیشام)، یان (ئەیسام) راناوی ئاماژەیە، بە واتای (ئەوان)، (ئادیسا) دیّ.

شایانی باسە، حاڵی حازر (ئادیشا) وەك (ڕاناو) بە واتای (ئەوان) بەکار دەهێنرێ.

ئەم وشەیە، دوو پارچەیە : (ئەیس = ais)، کە بە واتای (ئە) دێت و پاشبەندی (ئام = ām)، کە بە واتای (کۆ)ی (ئەوان)، یان ئامرازی کۆیەو بۆ کەسی سێیەم — ەو بە هەردووکیانەوە، وشەی ناساکاری (ئەیشام = aisām) یان دروست کردوە.

(ئادیشا)ی شێوەزاری هەورامانی، پێك هاتووە، لە :

- (ئاد)، بۆ کەسی سێیەمی تاك.
- (یشا)، ئامرازی کۆیەو راناوی (ئاد) کۆدەکاتەوە.

واتە : (ئاد + یشا)، دەبێ بە (ئادیشا)، کە بە واتای (ئەوان) هاتووە.

شایانی باسە، دەنگی (د) یەکە لە هەندێ ناوچەدا دەقرتێ و شێوەی (ئایشا) وەر دەگرێ.

### ○ (ئەیەر = ayar) : ○

وشەی(ئەیەر = ayar) بە واتای (رۆژ)، (رۆ) هاتووە، کە واتای (دەی = day)ی ئینگلیزی دەدات .

من وای بۆ دەچم، کە مانگی (ئایار)یش، لە بنەڕەتدا لەوەوە وەرگیرابێ، بە وەیدا، کە مانگی یەکەمی بەهارەو (بەهاریش) بە ڕۆژەوە رەنگین دەبێو (ژیان)یش بە هۆیەوە بەهاری دێتە پێشەوە .

### ○ (ئەیڤە = ai — va) : ○

وشەی (ئەیڤە = ai — va)، لە ئاڤێستادا، بۆ ناوی ژمارە هاتووەو واتای (یەك)، (یووە)، (یوڤە)، (ئێك)، (یڤڤە) دەدات .

بە شێوەیەکی گشتی، دەنگی [ئـ]ی سەرەتایی لە سەرپاکی شێوەزارەکاندا، بەرەو دەنگی [یـ]ی سەرەتایی چووە، جگە لە هەندێ شێوەزاری ناوچەی بادینان، کە وەك خۆی ماوەتەوە .

لە ناوچەی هەورامانی عیراقدا وشەی (یووە)، بە واتای (یەك) بەکار دێ، بەڵام لە هەورامانی ئێراندا، ئەمە دەبێ بە (یوڤە = یڤڤە) .

بەم بۆنەیەوە، وا وشەی (یوڤە) لە وەرگرتەی سەیدای هەورامیدا، بە وێنە دەهێنینەوە :

ئەزو خەم پێوە گرتەنما برایی
نە خەم چێمە نە من چادیم جیایی

گەداو شا چوون یەکا پەی باس و ئەشکی
بەڕو بەحرش یوڤۆ لەنگیرو لابی

(دیوانی سەیدی، ل – ۲۰)

شایانی باسە، وشەی (ئەیڤە = ai — va)، بە رووالەتێکی دیکەش هاتووەو ئەویش بەم جۆرەیە ؛ (ئەیڤە = aeva).

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (ئێڤەك = ēvak)، لە پازەندا (یەك = yak)ەو لە هیندی کۆن دا (ئێکە = ēka)یەو لە بلووحی دا، بووە بە (ئیٚ یۆك = ēyok).

ئەم وشەیە، واتە : وشەی (ئەیڤە = aiva - aeva)، لەگەڵ (دەسە = dasa)دا، کە واتای (دە = ۱۰) دەدات، یەك دەگرنو وشەی لێكدراوی (ئەیڤە – دەسە = aiva — dasa) پێك دەهێنن.

ئەگەر بێت و واتای وشە بە وشەی ئەم وشە ناساکارە لێك بدەینەوە، بەم جۆرە دەگرێتەوە : (یەك + و + دە)، ئەمەش لە کوردیی ئەمڕۆدا بووە بە (یانزە = یانزدە) = (یانگزە).

لە ناو هەندێ ناوچەدا، ناوچەی کوردەواری، بە تایبەتی لە ناو ئافرەتان دا، (دەو یەك، دەو دوو، دەو سێ بۆ مەبەستی (یانزە)، (دوانزە)، (سیانزە) بە کار دێ.

لە پالەوی دا، لە بری وشەی(یانزە)، (یاچدە = yācdah)یە، لە ئەفغانیش دا، (یۆلەس = yōlas)ە.

●

(ئابیانە)، یان (ئامیانە) بە واتای (تورەکەی پارە) هاتووە، ئەو توورەکەیە (کیسە)ی کە بە (قەد)دا، یان بە (پشتوێن)دا دەکرێ. زۆرتر بەو جێگا پارەیە دەوترێ، کە بە (تەکبەند)ەوە یاخود ئەو قایشە قوماشینەی کە وەك (یاتاق)ی سەربازان وەهایە، دەبەسترێ.

لە ناو کوردەواریدا، (ئامیانە)، جگە لەو واتایەی سەرەوە، بە واتای (دەوای ماستیش) دێ، واتە : وەختێ، کە (شیر) دەکرێ بە (ماست) نەختێ لەو دەوایە – کە ماستە – ی تێ دەکرێ.

بە واتای کیسەی پارە، یان پەڕۆلێ، کە پارەی تێ بخرێ و بشارێتەوە، بە تایبەتی لە لایەن پیرە ژنانەوە (پریاسکە) هەیە. جگە لەوەش، (پریاسکە)، بۆ شتی دیکەش بە کار دێ، بە هەر حاڵ (پریاسکە)ی پیرەژن، جگە لە پارە شتی دیکەی تیادا دەشارێتەوە، بۆ وێنە (پریاسکە)ی (ئاڵەت و زەردەچێوە)، پریاسکەی دارچینی، پریاسکەی مووروو... هتد.

وشەی (هەم – یاهـ = ham — yāh)، بە واتای (بەندکردن)ی کەمەر (پشتێن بەستن) هاتووە. کەچی وشەی (ئەیویائونهەنە = aiwyā an hana) بە واتای (پشتێن = پشتوێن)، یان بە واتای (کەمەربەند = تەکبەند) هاتووە.

●

## ○ (ئەیزمە = aisma) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکە هاتووەو ئەویش (ئێزمە = aesma)یە. ئەم وشەیە، بە واتای (داری سووتەمەنی) هاتووە.

حالی حازر، ئەم وشەیە وشەی ئێزم = هێزم بەم رووالەتو ئاوازو واتایەیەوە، لە ناوچەی شارەزوورو هەورامان‌دا بە کار دێ.

لە بری وشەی (ئەیزمە = aisma)ی ئاڤێستایی، لە پالەوی‌دا وشەی (ئێزم = ēsim) بە کار دێ.

لە پارسی ئەمڕۆدا، وشەکە بووە بە (هیزوم = hizom — heizom)و لە پازەندا (هێزەم = hēzam)ەو لە هنیدی کۆنیش‌دا، (ئیدهمە = idhma)یە.

ئەو دیاردەیەی، کەلە جێگای دیکەش‌دا، رووی‌داوە، گۆڕانی دەنگی [ئـ]یە، بەرەو دەنگی [هـ].

●

## ○ (ئەیوی – گامە = aiwi — gāma) : ○

ئەم وشەیە، لە چەند پارچەیەك پێك هاتووەو ئەوانیش ئەمانەن :

– (ئەڤ = av) یان (ئەو = aw)، کە بە واتای (ئاو) هاتووە .
– (– ی – = i)، ئامرازی ئیزافەیە (پەیوەندی، پەیوەستی) .
– (گامە = gāma) بە واتای (جام)، (شووشە)، (سەهۆڵ)، (یەخ)، (بەیسە) .

بە هەر سێکیانەوە، فرەیزی (ئەیویگامە)یان دروست کردووە، کە بە واتای (ئاوجام)، یان (ئاوگام) یان (ئاوی بەستوو) یاخود (سەهۆڵ) دێ .

بە شێوەیەکی رۆشن‌تر، پارچەی سێیەمی ئەم وشە ناساکارە، بە واتای رووالەت جام، یان رووالەت شووشە، یان شووشەڕەنگ هاتووە، چونکە ئاو کە بەستی وەك شووشە دەنوێنێ .

بە هەرحاڵ ئەم وشە ناساکارە، بە واتای (زمستان = زمسان) هاتووە .

لە ناوچەی شارەزوورو هەورامان‌دا، بە مانگی ناوەندی وەرزی زستان کە (دوولا)یە، مانگی (سەهۆڵ بەندان)، یان (یەخبەندان) دەوترێ .

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (یەخبەندان) لە لەیلێو مەجنوون‌دا، هاتووەو دەڵێ :

«داران سیاپۆش چون سفتە دڵان
بولبوڵ بین نموانۆ شانامەی گوڵان

نیشتەبین زویر سەر سەوزان جە خەوف
جە تەختەی یەخبەند هەوای سەردو تۆف».

(ل - ٢٢٥)

لە جێگایەکی دیکەوە، هاتووەو دەڵێ.

«نووری نساران مەیلی سەوادا ڕەنگ
جە دوور مەدرەوشان چون دانەی فەڕەنگ

ساراو سەرزەمین تەمام یەخبەند پۆش
بەرزە کلاوان تەم گرتەن نە دۆش».

(هەمان لاپەڕە)

یان پیرەمێرد یەژێ:

«چلوورەی گوێسەوانە، پلپلەی زیوی کچە کوردە
سەهۆڵ ئاوێنەیە لێکدانەوەی ئەم دووشتە وردە»

(ل - ١٣٦)

○ : (ishtya = ئیشت – یە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (خشت) هاتووە .

لە پالەوی‌دا (خیشت = xisht)ەو بە ئەفغانیش (خەشتە = xashta)یەو لە سانسکریتیش‌دا (ئیشتەکە = ishtaka)یە .

ئەو دیاردەیەی نێوان ئەم وەچە خێزانە ئاریانە، بوونی (ئیـ = i) بە (خیـ = xi)، بە (خە = xa)یە .

●

## بەشی (ب = b)

○ (بەر = bar): ○

**ئەم وشەیە، بە واتای (بار)، (بردن)، (بەر)، (برن) هاتووە بە هۆی قەدی (بەر = bar)ەوە، هەندیٚ وشە پیٚك هاتوون بەلای منەوە، ئەمانە هەندیٚ لەوانەن:**

**– (بەرە = bara). بە واتای (هەڵگرتن) هاتووەو بەرامبەری وشەی یاخود فرەیزی (توکەری = to carry) یە لە ئینگلیزیدا.**

**– (بەرامی = barāmi): ئەمیش، هەر بە هەمان واتا دیٚ، بەڵام لە حاڵەتیٚکی جیاوازتر لەوەی پیٚشوو، ئەوجا ئەو حاڵەتە چی‌یە، بە لامەوە هیٚشتا نا ڕۆشنە.**

**– (بەرهڤە = brahva) ئەم وشەیە، لە بنەڕەتدا، بەم جۆرەیە (بەرەزڤە = barasva)، کە بە واتای (بردنەوە) هاتووە.**

**– وشەی (بەرەیە = baraya)ش؟**

**بۆ ویٚنەی (بار) گۆران دەڵیٚ:**

**«ریٚگای دیٚهاتی دەمی بەیانی**
**قەڵەباڵغە بۆ سولەیمانی**
**پۆل‌پۆل ژن‌و پیاو لە دووی کەروبار**
**سڵاویٚك ئەکەن مل ئەنیٚن بۆ شار»**

**دیوانی گۆران، ل – ١٣٨)**

ئ (بەختە = baxta) : ه

ئەم وشەیە، بە واتای (بەش)، (بەخت) دێت.لە پارسی نوێش دا. هەر (بەخت = baxt)ە.

وێنەی هۆنراوە، بۆ (بەخت)، میرزا ئەولقادری پاوەیی دەڵێ:

«دەروون ئێد شنەفت کێشا ئاهی سەرد
کزەی هەناسەش جە گەردوون ویەرد
واتش: ئەی مەژنوون سالاری سەرمەشق
بەدبەختتەر جە من تۆ جە سەودای عەشق»

(ل - ٩١)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ:

«هەتا چەنی بەخت سەعادەت یار بیم
جە لای ئەو نازار دایم نازار بیم»

(ل - ٩٢)

●

○ (بەختو - داتە = baxto - dāta): ○

دیارە، کە وشەکە سیٚ پارچەیە، ئەوانیش ئەمانەن:

- (بەخت = baxt) و
- (- و - = - ە -) پەیوەست،
- قەدی (داتە = dāta).

ئەم وشە، ناساکارە، بە واتای (بەختدار)، (خاوەن بەخت) (چارەباش)، (خاوەن چارە)، (چارە رۆشن)، (بەشدار)، (خاوەن بەش). هاتووە.

جگە لەوەش وشەی (بەختەوەر)و (بەختیار)یش هەن.
لەپارسی نویٚدا، وشەی نا ساکاری (بەختەڤەر = baxtavar)و بەختیاریش (baxt - yār). هـەن.

○ (بەگە = baga): ○

ئەم وشە ئاڤیستاییە، رووالّەتیٚکی دیکەیە، بۆ وشەی (بەختە = baxta)، یان وشەیەکی دوو روویە، رووی یەکەمیان ئەوەو هی دووەمیشیان ئەمە. بە هەرحالّ، هەردووکیان هەر یەك واتایان هەیە.

ئەم دوو رووالّەتەش، بۆ هۆی جۆری شیٚوەزار دەگەریٚتەوە - شیٚوەزاری نووسەر یان هینی لەبەرکەر - چونکە هەریەکەیان لە سەرچاوەیەکەوە وەرگیراوە. (وشەی «بەغە = bagha) لە ب. ق - ەوە وەرگیراوە).

پێش ئەوەی ئەم وشەیە بە جێ بهێڵین، پێویستە وشەی (بەگە = baga)، کە بە واتای (خوایخوایان) دێ، لە وشەی (بەغە =bagha) جوێ بکەینەوە.

لە پالەوی‌دا، لەبری وشەی (بەغە = bagha)، وشەی (بەختەن = baxtan) بەکار دێ.

دیارەدەی گۆڕانی دەنگی [x= خ] بەرەو دەنگی [غ = gh] سوودێکی زۆری هەیە، چونکە مێژووی گۆڕانی دەنگێ بۆ یەکێکی دیکە پیشان دەدا، ئەویش بە هۆی زانینی مێژووی ئەو گۆڕانگاریەدا دەزانرێ.

○ (بەوری = bawri): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (دەروازەی خودا)، (قاپی‌خوا) هاتووە لە زمانی بابلی‌دا، بۆ بە دەستەوەدانی هەمان واتا وشەی (با - بی - لو = ba-bi-lu) بەکار هێنراوە.

ئەم وشەیە، لە نووسینەکەی بیستووندا، بەم جۆرە هاتووە: (بابیرەوف = Bābirauv

## ○ (بەودهی = baodhi): ○

ئەم وشەیە، لە لێك‌دانەوەی ڕێزمانی‌دا، لە لایەن سوکۆلۆڤەوە بە (بوو - یە) = bu - ia) لێك دراوەتەوە.

ئەم وشەیە، کاری یاریدەدەری (بوون)ە یان وەك (v. tobe)ی ئینگلیزی وەهایە. بەڵام لە حاڵەتی (ئاوەڵناو)، یان (پارێسپل = participle)ی ئینگلیزی دایە.

لە پالەوی‌دا، (بۆدە = bōdh)، یان (بۆی = boy) لە بری هەمان وشە هاتووە.

هەر لە هەمان وشە، وشەی (بەودهە = baodha) دروست کراوەو بەڵام ئەم بەرهەمە نوێ (پێك‌هاتووە)یە، بە واتای (بۆن‌خۆش) دێ.

- بۆ وێنەی (بوون)، (بی‌یە) ئەم وێنە هۆنراوانە دەهێنینەوە، بۆ وێنەی (بی‌یە)ی سەیدای هەورامی دەڵێ:

«ئەز ئاشك بێنێ گێرێم یاوو ئەشکی
گرێنێ و سۆچنێم من یاوو ئەشکی»

(ل - ١٦)

بۆ وێنەی (بوون)، گۆران یەژێت:

«تاریکە تەوێ، نوقمی ڕەش چێهرەی دنیا
دیلی تەمی ئەسرار بوو دەرو دەشتی حەقایق
چوو بوونە پەنا پەردەی خەو کەون و خەلایق
موستەغریقی ئەندێشە ئەبوو ساهری تەینا»

(ل - ١٧١)

○ (baevar = بەڤەر) ○

ئەم وشەیە، بە رووالّەتیکی دیکە هاتووەو ئەویش(بیڤور =baivor) و ئەمیش و ئەویش دوو رووالّەتی رێنووسی وشەیەکن‌و بە واتای (دەهەزار) هاتووە.

لەپالەوی – دا ئەم وشەیە، بووە بە (بێڤەر = bēvar).

لە زمانی کوردی‌ی ئەمڕۆدا، وشەی (بێوەر = بیۆەر) هەیە بەڵام بە واتای (دەهەزار) بەکار نایەت بەڵکو بە واتای (خوراو)، (لەناوچوون)، (بەفیڕۆ چوون)، (فراوان) هاتووە.

لە هەندێ کورد واتەنیش‌دا، بە تایبەتی لە کاتی ئاخ‌و ئۆف هەڵ‌کێشان‌دا، فرەیزی (رەنجی بێوەر)، (رەنجی بێبەر) دەوترێ، یان بەکار دێ، ئەمەیش بە واتای (زۆرو بێ سنوور)و (فراوان) دێ.

○ :(brzat = برزەت) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بەرز) هاتووە.
لە هەمان، قەد، ئەم وشانە (لە حالّەتی جۆراو جۆردا) دروست دەبن:

- (برزەنت = brzant)،
- (برزەه = brz - ah)،
- (برز – ئانی – ئەم = برزانیەم = brz anī am)،
- (بەرزز = barz - s)

(بەرزەیتی = barazaiti)،

ـ(برزەیتی = brzaiti).

بۆ وێنەی وشەی (بەرز)، گۆران دەڵێ:

«ڕۆژ، ڕمێك بەرز بوو، داپەڕینە چەم
ئاو شین، مەرزە ڕزو گوڵ بە دەم»

(ل – ١٣٩)

بۆ وێنەی (بڵند)و (بەرز)، گۆران دەڵێت:

«کام قەومی کۆن کام جەژنی بەرزو پیرۆز
قەومی مادی جەژنی بڵندی نەورۆز
ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە
لە دێی کوردا گڕی ئاگری دیارە»

(ل – ١٩٣)

○ (برڤەت = brvat) :

ئەم وشەیە، بەم شێوانە، لە سەرچاوەی جۆراو جۆردا هاتوون، وانە :

- (بروڤەت = bruvat)،
- (بروڤەت بیام = bruvat — byām)

ئەم وشەیە (برڤەث = brvat) بە واتای (برۆ)، (برویٚ)، (برڤیٚ)، (ئەبرۆ) هاتووە.

وێنەی هۆنراوە، بۆ وشەی (برۆ)، یان (ئەبرۆ).وەلی دێوانە دەڵێ :

«جە شەوقی پێشان نووری سوبحدەم
قەوسی ئاسمان، پێچ وەردەن چون خەم
ئەبرۆت چون کەمان، خالیقی ئەعظەم
خەدەنگ مەشانۆ، نە دڵەی پڕخەم».

(ل - ٣١)

لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (برووك = brūk)و لە پارسی ئەمڕۆش‌دا، (ئەبرۆ = abrō)یە

●

○ : (bũri = بووری) ○

وشەی (بووری = bũri)، بە واتای (دەوڵەمەند)، (بووە)، (بوودە)، (بووگ) هاتووە. لە هەندێ ناوچەش‌دا (بییە)ش بە هەمان واتا بەکار دێ.

○ : (bũna – بوونە) ○

وشەی (بوونە = bũna)، بە واتای (بن)، (بنك)، (ریشە)، (بنە ریشك)، (بنکە) بەکار هاتووە.

دیاردەی گرینك لێرەدا، درێژبوون‌و کورت‌بوونەوەی دەنگە بزوێنی یەکەمە لە وشەکەدا، بەڵام دیاردەی گۆڕانی کۆتایی وشەکە بەرەو پاشبەندی (ك، کە = ka , k) بۆ مەبەستی جۆری حاڵەتە.

بۆ وێنەی (بن)، گۆران دەڵێ:

«خۆیشم لە بنی بێ ئەرزم
بۆ تاریکی‌و ترس ئەلەرزم
«تەقەو رەقەی پارچەی ئاسن
کە دێو دەچێ بۆ سەروبن»

یان دەڵێ:

«بڵێن دەرچووم لە (بن)ی بیر
بێ‌هێز، پشت‌کۆم، ریش‌سپی، پیر»

(ل – ٢٧٣)

●

## ○ (بوومی = bũmi) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (زەوی)، (زەمین)، (بووم) هاتووە .
لە پالەوی‌دا (بووم = bũm)ەو لە پارسی کۆن‌دا (بوم = bum)ەو لە سانسکریتیش‌دا (بوومی = بهوومی = bhũmi)یە .

بۆ وێنەی (بووم) مەحوی دەڵێ :

«سەفەر جائیز نی‌یە، با بۆ حەرەم بێ لەو بەرو بووم – ە
فەقەت مەجزوبی زنجیری نەصیبی ئاوو گڵ چی بکا»

(ل – ١٥)

یان دەڵێ :

«ئەی جەمالت نووری دیدەی ئەنبیا
شامی طورەت سوبحی عیدی ئەولیا
ئەو بەروبوومە جەنابی تۆ تیای
بەردی بۆ مە دورە، گەردی تووتیا»

(ل – ٣٩)

●

○ (براتا = brātā) : ○

وشەی (براتا = brātā) بەواتای(برا) هاتووە .
بۆ وێنە(برا) قانیع یەژێ :

برا، وا باوکمان رۆیی بە ڕەحمەت
چاك نەجاتی بوو لە دەردو زەحمەت
باوك بۆ هیچکەس، نامێنێ تا سەر
کوڕ ئەو کوڕەیە، لە کڵ بێتە دەر

(ل – ٢٥٥)

●

## بەشی (ت = t)

**(تەشتە = tashta)** :

ئەم وشە ئاڤێستیٚ‌یە، بە واتای (تەشت)ی نان کردن، یان هەر جۆرە تەشتیٚ هاتووە. زۆر نزیکە کە تەعریب کرابیٚو بووبیٚ بە (طشت).

بە پالەوی (تەشت = tasta)ە. بە ئەرمەنی (تەس = tas)ەو بە ئیتالی (تەزە = taza)یەو بە فەرەنساوی (تەسیٚ = tasse)یە.

لە کورد واتەنی دا، هاتووەو دەڵیٚ:

(پاش رووتوکردن تەشتی تەڵا بە سەرتەوە بنیٚ!).

یان دەوتریٚ:

(دمای رووتۆ کەردەی تەشتی تلاٚ بنیە سەرو سەرەیتۆ!).

## ○ (تەمە = tamah) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای تاریکی هاتووە. هەروەها بە واتای (تەم)، (تەمومژ)، (تاریکی بەرچاو)، (ڕەشای چاو) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، (توم = tum)ە. بە هیندی کۆن (تەمەس = tamas)ەو بە ئەفغانیش هەر (تەم = tam)ی پێ دەوترێ.

لە فۆلکلۆری کوردیی‌دا هاتووەو دەڵێ:

«تەمە ئاما بارش مەکی
تەمڵێ یاخوا هۆرترەکی».

بۆ وێنەی تەم پیرەمێرد دەڵێ:

«ئاوە جوانەکەی سەرچاوەکەی زەڵم
بۆچ بەهار لێڵی‌و پایزان پڕتەم
ئەڵێ‌ی سەرچاوەی بەختی کوردانی
لەسەردا ساردو سەر لە ئاسمانی».

(ل – ١٣٤)

●

## ○ (tarshna = تەرشنە) ○

ئەم وشە ئاڤێستیيە، بە واتای (تەژنە)، (توونی)، توونگ، تینوو، (تەشنە) هاتووە.

لە پالەویدا، وشەی (تیشن = tishn) لە بری بەکار دێ. لە هیندی کۆندا (ترشنە = trshna)يەو بە ئەفغانی (تەزهەی، = tazhai)يەو بە بلووجی (تونەگ = tunnag)ە.

لە پارسی ئەمڕۆدا، (تەشنە = teshna)يە.

مەولەوی بەم جۆرە وشەی (تەژنە)ی خستووەتە ناو هۆنراوەیەوەو دەڵێ:

«گیای پەژموردەی تەژنەکەی بێشۆم
چەمەڕای وارای هەوری لوتف - ی تۆم»

(ل - ٣٠٣)

●

### (ئەمسرە = tamsra) :

ئەم وشەیە، بە دوو رووالّەتی دیکەشەوە هاتووەو ئەوانیش :

- (تەنسرە = tansra)،
- تەثرە = tathra)ن

بە شێوەیەکی رۆشن‌تر، ئەم سی رووالّەتە، بۆ تاکە واتایێ هاتووەو ئەویش (تاریکی)یە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (تار = tār)و لە پارسی ئەمرۆدا (تار = tār)و (تاریك = tārik)ن.

بۆ وێنەی وشەی (تاریك)، گۆران بەژێ :

«ئەی لاوی کورد
ئەو رۆژە مرد،
کە من‌و تۆو درشت‌و ورد
لەسەر بازی سلّمان ئەکرد
ئەو رۆژە چوو
کە ئەوەندەی شەو تاریك بوو
ئێستا رۆژی جمهوری‌یە
رۆژی مەردی‌و روو سووری‌یە»

(ل - ۳۰۱)

## ○ (ڤام = tvām) : ○

(ڤام = tvām) راناوە، بۆ کەسی دووەمی تاك بەکار دەهێنرێت‌و بە واتای (تۆ، تو، تە) هاتووە .

هەر ئەم راناوە نەلکاوە، بەم جۆرانەش خۆی پشان داوە :

- (تووم = tūm)،
- (توو = tū)،
- (تەڤە = tava) .

بۆ وێنەی (تە) سەیدای هەورامی دەڵێ :

«(ئەز)و (تە) پێسە خاسۆ هاشت مبیمێ
وەشۆ ئاشتی، دمای رەنجیایی».

یان لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :

«(تە) خۆ نەبرە وەفات هەرگیز چەنی من
بینایم بێ وەفاییت بەر وەفاتم
(ئەز) ئەر دێڤانە(تۆ) ئەر شێت‌و سەرسام
پەکەم تۆنی، (تە) ڤستەن موشکیلاتم»

(ل - ١٤)

وێنە، بۆ وشەی (تۆ) مەلاحەسەنی قازی یەژێت :

«تۆ گوڵی کام باخی جانا خونچەیی کام گوڵ بنی
سەرووی کام جۆباری خولدی خۆشەیی کام خەرمەنی».

(دیوانی شاهۆ، ل - ٢٩)

وێنە (تە)، لە لایەن مەلای جزیری‌یەوە :

«جانا ژجەمالا تە موقەدەس قەبسم ئەز
گەر خوب‌و پەریزادە نەظەرکەی تەبەسم ئەز

مثلی (مەی‌نو) گەر (تە) دڤێتن، مە ببینی
مێزە بکە جامی تۆ دزانی چ کەسم ئەز،

(ل - ٢١٤)

●

## ○ (تڤەنت = tvant): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (توانا) ڕای)، (توانست) (تەوانا) هاتووە.

جگە لەو ڕووالەتەی سەرەوە، بەم ڕووالەتەش، یان بەم شێوەیەش (توڤەنت = tuvant) هاتووەو لە بنەڕەتدا، لە ریشەی (تەڤ = tav)ەوە وەرگیراوە.

## ○ (تەنگ = thang): ○

(تەنگ) یان (ئەنگ)، بە واتای (توندکردنەوە)، (ڕاکێشان)، (تەنگ‌دان)، (تەنگ‌کێشان) هاتووە.

لەم وشەیە، یان بە هۆیەوە، چەند زاراوێك دروست بوون، ئەوانیش:

- (تەنگ‌و چەڵەمە)،
- تەنگ پێ هەڵچنین).
- (تەنگەتاو کردن).
- (تەنگاو)،
- (تەنگەگرتن)

وێنە بۆ وشەی (تەنگ) پیرەمێرد دەڵێ:

«پایز دڵ تەنگە، پایز دڵ‌تەنگە
هەوری نوێی پایز زویرو دڵ‌تەنگە

رەشەبا لێیان پەژارو ژەنگە
گەڵا رێزانە، گوڵ ئاڵتون ڕەنگە»

(ل - ١٤٨).

○ (تەنوو = tanū): ○

وشەی (تەنوو = tanū)، بە واتای، (تەن)، (بەدەن)، (لەش)، (جیسم) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، بووە بە (تەن = tan). بە هیندی کۆن (تەنوو = tanū)ەو بە ئەفغانی (تەن = tan) ە.

وێنە، بۆ وشەی تەن، مەولەوی دەڵێ:

«خۆم ئاسا خەیلێن وەتەن مەیخانەم
چون پیاڵەی وات شیشەی پەیمانەم
ئازیز، تەن وەنیش زامانت خەستەن
مەینەت پای ئامام وەزەنجیر بەستەن»

(ل - ٢٩)

●

## ○ (تەوڕنە = tauruna): ○

**(تەوڕنە)، یان (تەوڕونە** = tauruna)، بە واتای (تەڕ)، (ئاودار)، (نمدار)، (شیٚ‌دار) هاتووە.

لە پالەوی‌دا (تەڕ = tarr)ەو لە هیندی کۆن‌دا (تەرونە = táruna)یە. **بە هۆی ئەم وشەیەوە** هەندیٚ زاراو دروست بوون، بۆ ویٚنە:

تەڕوتازە، تەڕمماش، تەڕپیر، تەڕیۆش، تڕوتفاق، تەڕدەس، تەرزەشکیٚن، تەڕزمان، تەڕوتووش، تەڕدەم، تەڕنەبوون، تەڕەژن، تەڕووشك.

## ○ (تخمە = texma): ○

(تخمە)، یان (تیٚخمە)، یان (تەخمە)، بە واتای (پتەووگەورە)، (بەهیٚز)، (پاڵەوان)، (نیٚروبەند)، (دلیٚر)، (نیٚر)، (تەکمە) هاتووە. لە پارسی کۆن‌دا (تەخمە = taxma)یە.

لە پارسی نویٚ‌دا، وشەی (توخمە = tuxma) بە واتای (نەژاد) هاتووەو وشەی (توخم = tuxm)یش بە واتای هیٚلکە هاتووە.

لە کوردی‌ی ئەمڕۆششدا، (تەکمە)، بە واتای (پتەووگەورە) هاتووە، وشەی (توخم) و (توخم‌دان) یش هەن، کە یەکەمیان بە واتای (تۆ) وو دووەمیشیان بە واتای (تۆودان)، یان (پسدان، رەحم) دیٚ.

## ○ (تووره = tũra): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (دلێر)، (سرگ)، (تۆر)، (پاڵەوان) هاتووە. جگە لەوەش، وەك ناوێكی كۆن ناوی ناوچەی ئۆزبەگستانی ئێستا بووە، یان بەو ناوچەیەی نێوان دوو رووباری (سەهرداریا) وژئامۆداریا) وتراوە، گوایا ئەوسا (تووران)ی ناو بووە.

شایانی باسە، رازێكی دێرین، وا، بە دەستەوە دەدات، كە (فرەیدوون) سێ كوڕی هەبوەو یەكێ لەو كوڕانەی ناوی (تور) بووەو ئەو ناوچەیەی نێوان هەردوو رووباری پێ داوەو ئەو ناوچەیەش بە ناویەوە ناوبانگی دەركردووە (ل – ٥٣٠ ، ب ، ق). ناوچەی ئێرانی ئێستاشی داوە، بەو كوڕەی كە ناو (ئێریە) بووەو ئەمیش بە ناویەوە ناوبانگی دەركردووە.

من، وا بۆی دەچم، كە وشەی (تۆڕ) وشەی (تووڕە)، لە بنەڕەتەوە دەگەڕێنەوە بۆ رەگی (تووڕە tũra). بۆ وێنە دەوترێ:

– (ولاخی تۆڕ، كە زۆرتر واتای (سرگ) دەدا.

وشەی تووڕەیش واتای ئاشكرایەو زوربەی وەختیش، بە تایبەتی لەگەڵ (مرۆ = مرۆڤ)دا، وشەی (ترو) دەخرێتە پاڵیو دەوترێ:

– (تووڕەو تڕۆ): كابرا تووڕەو تڕۆ – یە.

●

○ (tighra = تیگ‌هره) ○

وشەی (تێگ‌هەرە)، یان (تیخره)، یان (تیغره)، بە واتای (خێرا). (گورج)، (تیر) هاتووه.

لە پالەویدا بووه بە (تیر = tir)[1]

لە زمانی کوردی‌یدا، باوه، کە یەکێك، ئەگەر بە گورجی‌و خێرایی بەڕێوه بڕوات، پی‌ی دەوترێ: (وەکو تیر ڕێگا کە دەبرێ!)

وەرگرتەی هۆنراوه، وشەی (تیر)ی تێدایە وەك وێنه دەهێنینەوه:

«تیرم بیی کەمان شکستەی کەم زۆر

پەنجای عومرم بەرمەشۆ نەهۆر»

(دیوانی سەیدی هەورامی. ل- ٧٩)

●

## بەشی (پ = p)

○ (پادهە = pādha): ○

**ئەم وشەیە، بەم جۆرەش و بەم رووالەتەشەوە (پاد = pād)** هاتووەو واتای (پێ)، (پا) دەدات.

لە پارسی کۆندا (پاد = pād)ەو لە سانسکریتیدا (پادە = pāda)یە. لە ئاڤێستادا، وشەی (پادە = pāda) یان (پەدە = pada) بە واتای (پادار) هاتووەو. (پادار) یش واتای ئەوە دەدات، کە یەکێك لە (پێرۆیشتن)دا خاوەن توانایە.

ئەم وشەیە، لە کاتی (کۆ) کردنەوەدا، دەبێ بە (پەدەم = padam)، یان دەبێ بە (پادەم = pādam).

فرەیزی (بەپێ) دەبێ بە (پەدەبیش = padabish).

بۆ وێنەی (پا)، مەولەوی یەژێ:

«ئازیز دیارەن، وادەی لوامەن
ئەلوەدای ئاخر ئەوەنامامەن
دەولەتەکەی وەسڵ پا نە زەوالەن
جارێوتەر دیدەن باڵات مەحالەن»

(ل – ٥)

ئەمانە هەندێ زاراون، کە بە هۆی قەدی (پا)وە دروست بوون، ئەوانیش:

- پاژنە..ی خوێناوی‌یە،
- پاش‌و پێشی خۆی ناناسێت،
- پاشقولی لێ گرت،
- پاشەڵ پیس، یان: پاشەڵی پیسە!

### ○ (پاشنە = pāshna): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پاژنە) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (پاشنەك = pāshnak). بە هیندی کۆن بووە بە (پەرشنی = parshni).

●

## ○ (پەڕێنە = parena) : ○

(پەڕێنە)، یان (پەڕنە)، بە واتای (باڵ)، (پەڕ)، (پەل) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، بووە بە (پەڕ = par). لە هیندی کۆن‌دا بووە بە پەڕنە = parna).

وشەی (پەڕ) لە پێك هێنانی زاراوو ئیدیۆمی زۆردا، بەشداری کردووە، ئەمانەیش هەندێکیان:

- پەڕوباڵ وەریو،
- پەڕوپاڵ دەرکردوو،
- پەڕوباڵ وشك،
- پەڕلەپێ.

لە پارسی نوێ‌دا، هەر وشەی (پەر = par) بەکار دەهێنرێت.

## ○ (پەرنە = parna) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پڕ = پر) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، بووە بە (پور = pur)، یان (پوڕ = purr). لە هیندی کۆن‌دا، (پوورنە = pūrna) یەو بە ئەفغانی‌و بە بلووجی وشەی (پور = pur) بەکار دەهێنرێ.
بۆ وێنەی (پڕ). قانیع یەژێ:

«گیژەڵۆکەی سەرملانت، وەك هەناسەی پڕ گرین
تەم لەسەر کوێستانەکانت دووکەڵی قەلبی حەزین
ساردی ئەشکەوت‌و موغارەت وەك دەروونی پڕ برین»

(ل - ١٨١)

هەر بۆ هەمان وشە، گۆران دەڵێ:.

«لەگەڵ ئەوەش، دەستی چەپەڵ ئابڕو تکاو
هەر خەریکە، تەکەڵ تەکەڵ
بۆ ئاسمانی پڕ لە هەتاو
تەپە دووکەڵ هەڵ ئەسێنێ
گڕی سپی ئەخنکێنێ!

(ل - ٣٢٨)

بۆ وێنەی (پەڕ = پڕ) مەولەوی یەژێ:

«دەلاّلەت جۆشۆ چون ڕۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزمی پەڕ شادی
سەدای (لاوەی‌لاو) زرەی زەڕ زنجیر
سڵسڵەو بانی‌سەر بەندزڕێ‌و لاگیر»

(ل - ٤١١)

## ○ : (parō = پەرۆ) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پێرێ)، (پەرێ) هاتووە.

لە هیندی کۆندا، بووە بە (پەرەز = paraś).

جگە لەو واتایەش، بە واتای (پیر) یش هاتووە. بە ئەفغانیش هەر (پیر = pir)ی پێ دەوترێ.

بۆ وێنەی (پیر) مەحوی دەڵێ:

«بە پێچی خوارو خێچ ئیما دەکا پیری طەریقەت، بێ
حەقیقەت پیرەزاهید ‛پیرە گوم کردوو ئەمحا».

(ل - ٣٢)

## ○ : (paru = پەرو) ○

ئەم وشەیە، بە واتای ژمارەی زۆر، یان (فرە) هاتووە.
لە پارسی ئەمڕۆدا، بووە بە (فرەهـ = frah).

ئەو دیاردەیەی، کە لێرەدا، بە دیی دەکرێ، دەنگی [پ]ی سەرەتایی یە (لە هەندێ وشەدا)، کە بەرەو دەنگی[ف] لە زمانی کوردیی و پارسی دا رۆیشتووە.

●

### ○ (پەرەد – هاتە = paradhāta) : ○

بە شێوەیەکی کورت، ئەم وشەیە دوو پارچەیە، ئەوانیش :

(پەرە = para)یە، کە بە واتای (پێش)و (بەر) دێت، لەگەڵ پارچەی (هاتە = دهاتە = dhāta)، کە بە واتای (داد)، (قانوون)، (یاسا)، (دەستوور) هاتووەو بە هەردووکیانەوە وشەی (پەرەدهاتە)یان دروست کردووە، کە واتای (پێش داد) دەدات .

شایانی باسە، کە (پەرە = para)ی ئاڤێستایی و (پری = pre) ئینگلیزی لە رەگێکەوە هاتووە .

### ○ (پەرشتی = parshti) : ○

(پەرشتی بە واتای (پشت) هاتووە .

لە پالەوی دا، ئەمە (پوشت = pusht)ەو لە هیندی کۆن دا (پرشتی = prshti)یە .

لە زمانی ئەفغانی دا بووە بە(پوشت = pusht)ە .

بە هۆی وشەی (پشت)ەوە، زاراوی زۆر پێك هاتووەو ئەمانەش هەندێکیانن :

- (پشتاوپشت : پشتاوپشت سواری دنیا بووە).
- (پشتگوێ : کارەکەی پشت گوێ خستووە) .
- (پشت حەوت کێوی رەش کەوێت).
- (پشت سارد : لە کارەکە پشتی سارد بووەتەوە) .
- (پشتی شکا، پشتی قایمە، پشتی گەرمە).
- (پشتی یەکتر لە زەوی نادەن!).

○ (پەزدو = pazdu) : ○

وشەی (پەزدو = pazdu)، بە واتای (ئەسپێ)، (هەشپشی)، (ئەشپشی) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (پەزدوك = pazduк).).

○ (پەزو = pasu) : ○

(پەزو)، یان (پەسو)، بە واتای (پەز)، (مە)، (مێ)، (ڕانە مەڕ)، (ئاژەڵ) هاتووە.

بۆ وێنەی (ئاژەڵ) پیرەمێرد دەڵێ:

«چنووری چون نوور کەوتە ناو دووکەڵ
ملی وەتەوشە کەچ بوو بە ئاژەڵ».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٠٩)

بۆ وێنەی (پەز) سەبری بۆتانی دەڵێ:

«بلبلو کەو دخوینن
خەمان ژول درەڤینن
پەزێ خۆ لێ دچێرینم»
(ل - ١٠١)

بۆ وێنەی (مێ)، قاینع یەژێ :

«گوێم گرت کەوتە سەر شۆری نەی
چۆپی چەمەرپی، مەقامی وەی وەی
گا (مینا، مینا)، تاوێ (تەل وبەل)
گا (لەیلێ لەیلێ)، هەوای لای مێگەل».

(ل - ٢٦٩)

**○ : (padha = پەدهە) ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (جێگا پێ)، (یاگە پا)، (شوێن پێ)، (شوێن پا) هاتووە.

بە سانسکریتی (پەدە = padá)یە.

**○ : (pathana = پەثەنە) ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (پان)، (پۆر)، (فراوان) هاتووە.
لە ئەفغانیدا، بووە بە (پلەن = plan) - (ب. ق).

○ (پەستە = pasta) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پۆست = pōst)، (پێست = pēst) (پێس = pēs)، (پۆس = pōs) هاتووە.

لە پالەوی و لە ئەفغانیدا (پۆست = pōst)ە. (ب. ق).

بۆ وێنەی (پۆست)، مەحوی دەڵێ :

«تێگەیشتن مەغزە، ئەم ئینسانە پۆست
خۆ مەکە، بێ تەجرەبە، قوربانی دۆست
تۆ مەڵێ یەك مەرتەبە، صەد مەرتەبە
دشمن دانا بە ئەز نادان دۆست».
(ل - ٣٣٠)

بە هۆی وشەی (پێست)ەوە لە شێوەی ئەدەبیدا، چەند زاراوو کورد واتەنیێ دروست بوون :

- (پێستی دەگوروونو بۆ دەباخانە دەیبەن).
- (پێستی ئەوی بە سەر خویدا کێشاوە).
- (پێستی سەگ، بە دەباخ پاك نابێتەوە).

(ئـ. ل - ١١٨)

لێرەدا، دیاردەی کۆتایی قرتاندن بەرچاو دەکەوێت، هەر وەك لە زوربەی زۆری وشەکاندا، هەر هەمان دیاردە لەبەر چاوە.

بە هەردووکیانەوە وشەی (پەنجەدەسە = pancadasa) یان دروست کردووەو بە واتای (پانزە = پانزدە) هاتووە.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (پەنچدە = پەنچ – دە = panc — dah (= pancdah.

لە سانسکریتی دا (پەنچە – دەچە = pañcadaca)یەو لە بلووجیش دا بووە بە (پانزدە = pānzda).

شایانی باسە، تا ئێستاش لە ناوچەی هەورامان دا، (دەسە) بە واتای (دە) بۆ ژمارە، هەر ماوەو باویشە، بە تایبەتی بۆ ژمارەکردنی (گوێز).

بۆ وێنە دەوترێ:

– (دە دەسە گوێز)، واتا: (سەد گوێز).
– (سەد دەسە گوێز)، واتا: (هەزارێ گوێز).

○ (پەنچە = panca): ○

وشەی (پەنجە = panca)، بە واتای (پێنج)، پەنج) هاتووە. لە پالەوی دا (پەنج = panj)ەو لە سانسکریتیش دا، (پەنجە = panca)یەو لە پارسی نوێ – ش دا (پەنج = panj)ە.

دیارە: هەمدیسان دیاردەی فرێدانی پاشبەندە، لە نێوان کوردی ی ئەمڕۆ ئاڤێستایی و سانسکریتی و پالەوی دا. لە لایەکی دیکەشەوە، گۆڕینی دەنگی [چ] بەرەو دەنگی [ج] یە.

### ○ (پەك = pak) : ○

وشەی (پەك = pak)ی ئاڤێستایی، بە واتای وشەی (باج)، یان (خەرج) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (پاك = pāk)و لە سانسکریتیش‌دا بووە بە (پەچەتی = pacati).

ئەم وشەیەو (قەد)و (ریشە)کانی لە سانسکریتی‌و لە پالەوی‌دا، وا لە پشکێنەر دەکەن، کە بڕوای بڕوا بۆ ئەوەی، کە وشەی(باج)ی عارەبی لەمەوە وەرگیرابێ.

بۆ وێنە (باج)، مەحوی یەژێ:

«کەی دڵ دەسێنری لە بتێ سەندبێتی ئەو<br>
لێوی لە میسرو زوڵفی لە چینی خەراج‌و باج<br>
کێ قەدری شیعری ئێمە دەزانێ، بەری دەکا<br>
هەر صاحیبە لەبەرکەری کالأیی بێ رەواج».

(ل – ٩٣)

### ○ (پەنجەدەسە = pancadasa) : ○

ئەم وشەیە ناساکارەو بریتی‌و لە دوو وشەو ئەوانیش:

- (پەنجە = panca)، کە واتای (پێنج)دەدات.
- (دەسە – dasa)، کە واتای (دە)دەدات.

○ (پەنچەسەتە = panca sata) : ○

ئەم وشەیە ناساکارەو بریتی‌یە، لە:

- (پەنچە = panca)، کە بە واتای پێنج هاتووە.
- (سەتە = sata)، کە بە واتای (سەت = سەد)، یان (بەند) هاتووە، جگە لەم واتایەش، بە واتای (سەد = صەد) هاتووە. بە هەردووکیانەوە وشەی ناساکاری (پەنجە سەتە = panca sata) یان دروست کردووە.

لەسەر ئەو بنەڕەتەی، کەژماردنی ئاڤێستایی ژمارەی دەدەیی‌یە، (واتە وشەی (دەسە)، وشەیەکی سەرەکی‌یەو کەرتێکی سەرەکیشە(لە ژمارەی دا). بەو پێیە (پەنچە = panca) نیوەی دەیە، کە حاڵی حازر لە ناوچەی هەورامان‌دا (نیودەسە)یان (لایێ)، یان پەنج، بۆ (ە = پێنج) بەکار دەهێنرێ.

بەو پێیە (پەنجەسەتە = panca sata)، بە واتای (نیو سەد)، هاتووە (واتە: پەنجا).

لە پارسی کۆن‌دا، ئەم وشەیە (پەنچا ثەت = pancā that)ەو لە پالەوی‌دا (پەنجاە = panjāh) یەو لە سانسکریتیش‌دا (پەنجا چەت = pancā- cat)ە.

دیاردە: دیاردەی گۆڕانی دەنگی [چ] بەرەو دەنگی [ج] هەروەها درێژو کورت بوونی هەندێ بزوێن لە جێگایەکەوە بۆ جێگایەکی دیکەو قرتاندنی پاشبەند لە ئاڤێستاوە بۆ کوردی‌ی ئەمڕۆ.

بۆ وێنەی (پەنجا) خانای قوبادی دەڵێ:

«ئەو رۆ کە خامەی عەنبەر شەمامە
وەش بۆ کەرد جە مێشك ئینشای ئەی نامە

تەئرنجی هیجرەتی، (ختم المرسلین)
موطیعی دیوان شەرحی شەرع و دین
رووی دووشەمی بیٚ (زیحجه الحرام)
هەزارو پەنجاو یەکصەد سیٚ تەمام»

(ل - ١٥)

ئەم وشەیەش، بەم رووالّەتەشەوە هاتووە (پەنجا سەتە = pancá sdta).

○ (پەیتی - پا = pā - paiti): ○

ئەم وشەیە، بەم جۆرە رووالّەتەشەوە (پایتی - پا = pā - pāiti) بەرچاو کەوتووە.

بە هەرحالّ، بە هەردووکیانەوە دوو رووالّەتی یەك وشەو یەك واتان، کە ئەویش: (خۆ گرتن)، (خۆ ڕاگرتن)، (سەبر کردن)، (مانەوە)، (جاویدان)ن.

لە پارسی کۆندا، بووە بە (پاتوف - پا = pā ÷ pātuv)و هیندی کۆنیش بووە بە (پەتی - پا = pā - páti).

●

## ○ (پەیتی دەیزە = paitidaiza): ○

ئەم وشەیە لە (ب . ق )دا، بەم ڕووالەتەشەوە هاتووە (پەیتی دەیزە = paitidaeza) ئەگەرچی، ئەم جۆرە ڕووالەتەو ئاوازەکەی بە پێی ڕێنووسی ئەمڕۆو زمانی کوردی، دیاری نادات.

ئەم وشە ناساکارە، بە واتای (پایز)، (کۆ کردنەوە)، (گرد کردنەوە)، (خڕ کردنەوە)، (کۆما) هاتووە.

لە بنەڕەتدا، بە واتای وەرزی کۆ کردنەوەی بەروبوومە، بۆ زستان.
لە پارسی کۆندا، وشەکە بووە بە(پەتی- دەیزە = patidaiza)و لە پالەویدا،

بووە بە (پاییز = pāiyez).

دیلردە: لێرەدا، دوو بڕگە لە ناوەڕاستەوە پەڕیوە، جگە لە پاشبەندی کۆتایی وشەکە..

بۆ وێنەی (پایز)، مەولەوی دەڵێ:

«فەسڵی نەو پایز تازە کەردەن مەیل
شەماڵ هەرزان کەرد شتەی نەو سوەیل»

«ل = ٣٣٨)

●

○ (پەیتی تە = paitita): ○

ئەم وشە ناساکارە دوو پارچەیەو ئەوانیش:

- (پەیتی = paiti)، کە ئامرازی ئیزافەیە،
- (ئیتە = ita)، کە چاوگەو بە واتای (هاتو چوو)، (ئامۆشۆ) هاتووە.

بە هەردوو پارچەکەوەو پێکەوە وشەی ناساکاری (پەیتی تە = paitita)یان پێك هێناوە، کە بە واتای (پاشگەزبوونەوە) هاتووە، ئەویش(تۆبەکردن)، یان (گەڕانەوە) یە.

ئەم وشەیە، لە پالەویدا، بووە بە (پەتێت = patēt).

○ (پەیریکا = pairika): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پەری)، (فریشتە)، هاتووە. بە بیرواڕی من، (کا = ka) وەك پاشبەندیٚ، بە ئاڤێستایی نازانم، زۆرتریش لەوە دەکا، کە نووسەر، یان روونووسکەر، یان پشکێنەر بە هەڵەدا چوویێ، چونکە ئەم جۆرە پاشبەندە زۆرتر لە زمانی ئەرمەنیدا بەکار دێت! هەروەها لە پالەویشدا!

بە هەرحالٚ، ئەم وشەیە، لە پالەویدا بووە بە (پەریك = parīk)و لە ئەرمەنیشدا هەر (پەریك = parik)ەو لە ئەفغانیشدا بووە بە (پەری = pari) و لە گێلیشدا، هەر هەمان وشەیە (پەریی = parī) و هەندیٚ جاریش (پەری = pari)یە بۆ وێنەی (پەری = pari) سەیدای هەورامی دەڵێ:

«شیرین تۆ شەمع من پەروانەنان
شیرین تۆ پەڕی و من دێوانەنان
شیرین جە داخی بێ مەیلی تۆوە
وەختەن چوون فەرهاد وێڵ بوون بە کۆوە»
(ل – ١٥٠)

بۆ وێنەی (پەری)، پیرەمێرد یەژێ:

«کارێزی شەریف مەڵبەندی جوانان
ئاخی بۆ ئەبەن پەری ئاسمان
ئەو ئاوە جوانە لەو دەشتە وێڵە
چاوی قرژانگی لە چاوا لێڵە».
(ل – ١٤٢)

**(پەیتیش = paitish) :**

وشەی (پەیتیش = paitish)ی ئاڤێستایی، بە واتای (پێش)، (درژ)، (مرر) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (پەتیش = patish)و لە بلووجی‌دا بووە بە (پێش = pēsh). (ب. ق).

ئەو دیاردەیە، کە لێرەدا، بە دیی دەکرێ، برگەیەکە، لە ناوەڕاستی وشەکەدوا ئاڵوگۆڕبوونی بزوێنی دوولۆ بە بزوێنیٚ (ai ← ē).

○ (پشتره = pishtra) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (پیشە) هاتووە.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (پێشەك = pēshak)و لە پارسی کۆن دا (پەیشەکە = paisha — ka)ە. لە پارسی نوێ دا، بووە بە (پیشە = pisha)

«بۆ وێنەی (پیشە)، مەولەوی یەژێ:

با وەی بنیشوو مات و پەشێوحاڵ
با وەس بکێشوو هەناسانی کاڵ
پەی چێش، بێ مەیلیت کەردەن وە پیشە
گاهێ تۆیچ پەی من، ئاهێ بکێشە».

(ل - ٣٤٨)

○ (پێتی ما = paiti — mā) : ○

(پێتی ما) یان (پەیتی ما)، لە ئاڤێستادا، بە واتای (پێوان)، (پیمای) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پالەوی دا، بووە بە (پەتموتەن = patmutan).

لێردا، دیاردەی لەناوچوونی برگەیەکی ناوەڕاستی یە، ئەگەر لەگەڵ کوردی ی ئەمڕۆدا (پیما) بەراورد بکرێ، جگە لەوەش گۆڕانی دەنگی بزوێنی دوو لۆی [ai]، بەرەو [i]، هەروەها یان بەرەو [e] ئەگەر لەگەڵ قەدی (پێوا)ش دا بەراورد بکرێ ؛ لەگەڵ خستنەبەرچاوی دەنگی [م]و دەنگی [و = u = w].

### ○ (پەیتی‌بەند = paitiband) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە بریتی‌یە لە دوو (قەد)و ئەوانیش .

- (پەیتی = paiti)، کە قەدی (پێ)، (پا)ی تێدایە .
- (بەند = band)، کە بە واتای (بەند)، (بەستن)، (گرێدان) هاتووە .

بە هەردووکیانەوەو پێکەوە وشەی ناساکاری (پەیتی‌بەند)یان دروست کردووە، کە بە واتای (پێوەند)، (پاوەند)، (پابەند) هاتووە .

### ○ (پی‌تو = پیتو = pitu) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پێخۆر)، (خواردن)، (خۆراك)، (تاویار)، (واردە)، (ڤاردە) هاتووە .

لە پالەوی‌دا، بووە بە (پیھ = pih)و لە هیندی کۆنیش‌دا بووە بە (پیتو = pitu) .

●

## ○ (پەیری دەیزە = pairidaiza) : ○

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بە واتای (باخ)، (باغ)، (بێستان)، (فیردەوس)، (باخچە)، (بەهەشت) هاتووە.

لە پارسی کۆن‌دا، بووە (پەرەد هیزوس = parad hisus).

لە ئینگلیزی‌دا، ئەم وشەیە (پەرەدایس = paradise)ە.

لێرەدا، واتە، پاش وردبوونەوە، لە وشە ئاڤێستایی‌یەکەو ئەوەی ئینگلیزی‌یەکەو ئەوەی عارەبی‌یەکەش، خەیاڵمان بۆ ئەوە دەچێ، کە فیردەوسی عارەبی، لە ئاڤێستایی‌یەکەوە تەعریب کرابێ.

## ○ (پەرتو = partu) : ○

ئەم وشەیە، بەم جۆرە رووالەتەی دیکەشەوە هاتووەو ئەویش (پەرەتو = paratu)ە.

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا، بووە بە (پوهل = puhl)، یان (پوهر = puhr) (ب. ق). بە ئەفغانی (پول = پل = pul)ەو بە گیلی (پورد = پرد = purd)، بە پارسی نوێش (پول = pul)ە.

بە هەرحاڵ، وشەی (پەرتو = partu) یان (پەرەتو = paratu) بە واتای (پرد) هاتووە.

دیاردەی هەرە گرینك لێرەدا، ئەوەیە، کە دەنگی [ر] لە کوردیی دا، هەر وەك ئاڤێستایی یەکە، بە پامانو زامانی ماوەتەوە، بەلاّم لە پارسیو ئەفغانیو بلووجی دا، بووە بە دەنگی [ل]، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخا، کە گۆڕانی دەنگی [ر] بەرەو دەنگی [ل]، کە حالّی حازر لە شێوەزارێکی کوردی یەوە بۆ یەکێکی دیکە بەدیی دەکرێ، دیاردەی پارسیو هەندێ وەچە زمانەکانی دیکە بووەو لەوانیشەوە ؛ بەرەو زمانی کوردیی کشاوە .

○ : (paisa = پەیسە) ○

(پەیسە = paisa = paesa)، بە واتای (پیس)، (پوخلّ)، (گول)، (نەخۆش)، هاتووە. هەروەها، بە شێوەی (کار) یان (فرمان) بە واتای (پیس کردن)، (پوخلّ کردن)، (زینەت کردن)، (نەقش کردن)، (نیگار کردن) دێ.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (پێسەك = pēsak). بە هیندی کۆنیش (پێچەس = pēcas)ی پێ دەوترێ .

لە پارسی کۆندا بووە بە (پەیس = pais)ە .

○ : (pūiti = پوویتی) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (پووچ)، (پووت)، (پووتەلّ)، (پووچەلّ) هاتووە. جگە لەم واتایانەش، بە واتای (گەنیو)، (گەنا)، (بۆگەن) هاتووە .

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا بووە بە (پووتەك = pūtak). وێنە بۆ وشەی (پیس) قانیع یەژێ:

«تاوێ وەك سۆفی بە ریش‌وشانەو سیواکەوە
لەحزەیێ مەستم بە قەندەو ماشەو تریاکەوە
رۆژی بێ هۆشم چ هەقحە، من بە پیس‌و پاکەوە».
(ل - ١٩٤)

بۆ وێنەی (پووچ) قانیع دەڵێ:

«دڵ دەڵێ یاری تەڕو شۆخ‌و جوانم گەرەکە
دۆشەکی نەرم‌و شل‌و دەست‌ملانم گەرەکە
نەزەری دوورو خەیاڵی پڕوپووچم ناوێ
خەمی ئەبرۆی سیەهی حەلقە کەوانم گەرەکە».
(ل - ٢٠٠)

●

## بەشی (ج = j) (چ = c)

○ **(جەتەرە** = jatara): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کەتیرە)، (جەوی) هاتووە.
ئەو دیاردەیەی، کە لێرەدا، بە دیی دەکرێ، گۆڕانی دەنگی [ڤ]یە بەرەو دەنگی [ك] لە وشەی (کەتیرە)داو مانەوەیەتی لە وشەی (جەوی)دا.

○ **(چەکوش** = cakush): ○

ئەم وشەیە، بەم جۆرەش (چەکوشە = cakusha) هاتووە. بەهەرحاڵ هەردوو ڕوواڵەتەکە دوو دیوی وشەیەکن و ئەو وشەیەش بە واتای (چەکوش) هاتووە.

○ **(چەرەمەن** = carama): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (چەرم)، (پۆست)، (پێست) هاتووە.

لە ئەفغانی دا، ئەم وشەیە بووە بە (چەرمەن = carman)ەو لە هیندی کۆنیش دا، بووە بە (چەرمەن = cáiman).

دیاردەی هەرە گرینگ قرتاندی پاشبەندەکەی کۆتایی یە.

○ **(چەشمەن** = **chashman**) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (چاو)، (چەم)، (چەشم)، (چاف) هاتووە.

لە پالەوی دا، بووە بە (چەشم =cashm) و بە بلووجیش (چێم = cēm)ە.

بۆ وێنەی «چاو» مەحوی دەڵێ:

«ڕێی خستە خەستەخانە کە یاری خجستە پەی
جێی چاوەزارە «مەحوی» ئەم ئەسرارە دەرنەخەی»

(ل – ٣٥٧)

بۆ وێنەی (چەم) وەلی دێوانە یەژێ:

«ئەرێ هەی دیدەمەست چەم پیاڵە مەی
سزای تۆ تا چەند سەبری من تا کەی!»
(ل – ٢٨).

○ (چڤەنت = cvant»: ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، راناوی پرسەو بۆ زانینی ژمارە بە کار هاتووەو بە واتای (چەند)، (چند) هاتووە. جگە لەم رووالەتە بە رووالەتێکی دیکەش هاتووەو ئەویش (چەڤەنت = cavant)ە.

بۆ وێنەی (چەند) قانیع پەژێ:
«کاتێ گوڵ ئەکا ئەرخەوانەکەت
سەوز ئەکاتە بەر خاکە جوانەکەت
ئەڕازێیتەوە بە گوێ زەردوشین
چەن منو بلبل دێنێتە گرین»

(ل – ٢٩٦)

○ (چیم = cīm): ○

وشەی (چیم = cīm)ی ئاڤێستایی، بە واتای (چە) هاتووە. لەپالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (چیم = cim).
ئەم وشەیە بۆ ئامرازی پرسە، بە تایبەتی بۆ ناسین.

○ (**چینگهە** = cingha): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بەم رووالەتەش (چینگە = cinga) بەرچاو کەوتووە.
بە هەرحاڵ، وشەکە، بە هەردوو رووالەتەکەوە، بە واتای (چنگ) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە کوردیی ئەمڕۆدا، بەشداری لە پێك هێنانی زاراودا دەکاو ئەمانەش هەندێ وێنەی ئەوانەن:

- (چنگ لەسەرشان)، واتە: بە پەلەو هەڵەو داوان.
- (چنگی بە سەردا گرت)، واتە: دەستی بەسەردا گرت.
- (چنگی لێ گیر کرد)، واتە: دەستی کەوت.

**○ (cithra = چیترە) : ○**

وشەی (چیترە)، یان (چیژرە) دوو دیوی وشەیەکن و هەردوو رووالەتەکە بە واتای (توخم)، (نەوە)، (نەژاد)، (تۆو) هاتووە.

**○ (jani = جەنی) : ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ژن، ژەنی، جەن) هاتووە. لە هیندی کۆندا، بەرامبەری ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، وشەی (جەنی = jani)یە، یان (جەنیی = janī)یەو بە بلووجیش (جەن = jan)ەیە.

بۆ وێنەی (ژن). گۆران دەڵێ:

«ژنەکە جیلوەیی حوسنی بە عیشق ئەکا پەرواز
ژنە، کە قووەت ئەخاتە خەیاڵی رەقص ئەنگیز

ژنە، مووەلیدی عیشق‌و ژنیشە عیشق نەوار
ژنە، کە تاری روبابی حەیات ئەکا تەهزیز»

(ل - ٧٤)

یان دەڵێت:

«ژنە، کە گەوهەری سەرتاجی ئیحترامە، ژنە:
بە نووکی نەشتەری ئەڵماسی تیژی عیشق‌و غەرام
خوطووطی قودسیەتی حەك کراوی قەلبی منە
بە سیحری خاریقی ژن پڕ قەریحەمە ئیلهام»
(ل - ٧٤)

●

## بەشی (خ = X)

○ (خەرە = xara) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کەر)، (خەر)، (هەر) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (خەر = xar)و بە سانسکریتیش (کەرە = khara) یان (خەرە)یە.

ئەو دیاردەیەی، کە لێرەدا، بەدی دەکرێ، ئاڵوگۆڕە، لە نێوان دەنگی[ك]و [خ]و [هـ]یە، بە تایبەتی لەگەڵ شێوە زارە کوردی‌یەکان‌دا.

بۆ وێنەی ئەم وشەیە، قانیع یەژێ:

«کەرێکم بوو چ کەر، وەك باوو بۆران
کەرێکم بوو چ کەر، بارکێشی دەوران
کەرێکم بوو چ کەر، وەك شێری مەیدان».

(ل – ١٤٨)

وشەی (خەر) لە کورد واتەنی‌دا بەکار هاتووە، بۆ وێنە:

– (خەرمێزە). واتا: خوویەکی ناپەسەندە! چاولی‌گەری‌یەکی سەیرە!

وشەی (کەر) لە کورد واتەنی‌دا:

– (کەرەکە مەمرە بەهارە، چووزەی کەما دیارە).

– (کەر بە جۆ بمرێ شەهیدە).

## ○ (خره‌تو = xratu) : ○

ئه‌م وشه ئاڤێستایی‌یه، به واتای (خاس)، (عه‌زم)، (باش) (به خیره‌ت)، (خیره‌تدار) هاتووه.

له پاله‌وی‌دا، بووه به (خره‌ت = xrat)و له سانسکریتیش‌دا (کره‌تو = kratu)ه.

لێره‌دا، سه‌رنج بۆ ئه‌وه ده‌چێ، که (خه‌ر = که‌ر) له‌بنه‌ڕه‌ته‌وه له‌گه‌ڵ ئه‌م وشه‌یه، یه‌ك بن. یان به شێوه‌یه‌کی ڕوونتر، قه‌دو ڕیشه‌ی هه‌ردوولایان یه‌کێکه.

ئه‌وجا، به‌م پێیه، ده‌بێ به‌م جۆره بێ:

- (خه‌ره = xara)، که به واتای (خه‌ر = که‌ر = هه‌ر) دێ،
- پاشبه‌ندی (– تو = tu –)، که به واتای پرێپۆزیشنی (به)، یان له بریی هاتووه..

واته: به هه‌ردووکیانه‌وه (خه‌ره + تو = xara+ tu) وشه‌ی (خه‌ره‌تو = xaratu)ی پێك هێناوه‌و ئه‌وجا به هۆی ڕابوردنی کات‌و زه‌مانێکی زۆر به‌سه‌ر ته‌مه‌نی به‌کارهێنانی‌دا، بووه به‌و جۆره‌ی سه‌ره‌وه، واته: بووه به (خره‌تو = xratu)، که به واتای (به توانا)، (به سه‌بر)، (خۆگر)، (به‌رگه‌گر) دێ.

## ○ (خڤه سوره = xvasura) : ○

ئه‌م وشه ئاڤێستی‌یه، به واتای (خه‌زوو)، (هه‌سووره) هاتووه.

له هیندی کۆنیش‌دا، هه‌ر (خڤه‌سوره = xvasura)، یان (خڤه‌زوره).

دیارده‌ی نێوان کوردیی نوێ‌و ئاڤێستایی له‌م وشه‌یه‌دا،

- سوانی پاشبەندە، یان مانیەنی، بەپێی شێوەزارەکان.
- قرتاندنی، یان خواردنی برگەیەکە، یان دەنگێکی کۆنسونانتە کە لە پەنای دەنگی کۆنسونانتی دیکەدایە، بە مەبەستی بەرەو ئاسان رۆیشتن لە (گۆ) کردندا.
- مانەوەی دەنگی [خ]یەو بەرەو بوونی بە دەنگی [هـ]یەو لە شێوەزارێکەوە بۆ یەکێکی دیکە.

## ○ (خڤەترە = xvathra) : ○

وشەی (خڤەثرە = خڤەترە = xvathra)ی ئاڤێستایی کە بە واتای (خۆشی)، (ئاشتی)، (ئاسایش)، (دۆستایەتی) (وەشی) هاتووە، رووالەتیکی دیکەی هەیەو ئەویش (خڤاثرە = xvāthra)یە.

دیاردەی نێوان وشەی ئاڤێستایی‌و هەمان وشەی کوردیی (خۆش = خوش) تەنها، قرتاندنی پاشبەندە (— رە = ra —)یە، ئەوانی دیکە ئاڵ‌وگۆڕە لە نێوان دەنگێك‌و یەکێکی دیکەدا. بە شێوەیەکی روونتر، لەوانەیە، کە بەم جۆرەخوارەوە ئاڵ‌وگۆڕی پەیدا بووبێ:

- (خڤەثرە ← خڤەث ← خڤەش ← خووەش ← (خۆش) یان (خوش)

یان بەم جۆرەیان:

(خڤەثرە ← خووەثرە ← خووەشرە ← خووەش ← (خۆش) یان (خوش)

بۆ وێنە«(ئاشتی) گۆران دەڵێ:

«پایتەخت، بوخارست شاری پێشکەوتوو

لە کۆنە پەرستی خۆ خۆ رزگار کردوو
جمەی دێ لە لاوو ئاشتی خوازانا
جوانترە لە جاران لە میهرەجانا».

(ل - ٢٥٤)

بۆ وێنەی (خۆشی) گۆران یەژێ :

«لە لەرەی پرشنگ، ئاوازە
لە خورەی ئاو شیعری تازە
بە ئاهەنگ‌تر، بە خورۆش‌تر
بە گویچکەی دڵ دەنگی خۆشتر».

(ل - ١٢)

○ (خڤەفنە = xvafna) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (خەو)، (وەرم)، (ڤەرم)، (خەڤ)، (خەف) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، بووە بە (خڤاب = xvāb).

دیار دەی نێوان ئەم وشە ئاڤێستایی‌یەو ئەم وشە پالەوی‌یە، ئەوەیە، کە :

(١) پاشبەندەکە سواوە.

(٢) دەنگی [ف = f] بەرەو دەنگی [ب] گۆڕاوە، ئەمەش (واتە : زانینی

مێژووی گۆڕینی هەندێ دەنگی [ف] لە هەندێ وشەدا بەرەو دەنگی [ب] زۆر لایەنی پەیوەندیی نێوان زمانی کوردیی و پاڵەوی و پارسی کۆن و ئاڤێستایی ڕۆشن دەکاتەوە) لە لایەن زماناسانەوەو لە زانستی بەراوردکاری زمانەکانەوە، زۆر گرینگی پێ دراوە.

بۆ وێنەی (خەو) ئەحمەد موختار جاف دەڵێ:

«لەخەو هەڵسن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تاریخی عالەم شاهیدی فەضڵ و هونەرکانە»
(ل - ٣٣).

**○ (خڤەر = xvar) ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی یە بە واتای (خۆر)، (وەر)، (ڤەر)، (هەتاو)، (هەڤەر)، (وەرەتاو) هاتووە:

لە پارسی نوێدا، بووە بە(خور = xor)، یان بە (خورشید = xurshid)

وێنە بۆ (خۆر) گۆران یەژێت:

«شەوقی درەخت لە رووم پژاوە
لە زەردەی زۆر کەل سەرنجم داوە
پەلکە زێڕینەی پاش بارانی زۆر
چەماوەتەوە بەرامبەر بە خۆر».

### ○ (خشەوب = xshaob): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (تووڕەبوون)، (تووڕەیی)، (تێك چوون) (خەزەو = غەزەو) هاتووە. کە لەوشەی (غضب)ی عارەبی دەکات، لە بنەڕەتەوە، یەك وشە بووبن و نوێ کەیان لە دێرینەکەیانەوە وەرگیرابێ، یان با بڵێین (تەعریب) کرابێ.

بە هەرحاڵ، وشەی (خشەوب)، لە وشەی (خەزەو)ەوە زۆر نزیکە.

لە پارسی نوێدا، وشەی (غضب)ی عارەبی بە کاردێ و هەروەها شان بەشانی ئەم وشە عارەبی یە، وشەی (خەشم = xashm) و (خەشمن = xashmin) بە کار دێ.

لە کوردی ی نوێدا، جگە لەو وشانەی سەرەوە، وشەی (خەوش)و وشەی (خەشم)یش بۆ بە دەستەوەدانی هەمان واتا بەکار دەهێنرێن.

### ○ (خشەفنیە = xsha - fniya): ○

ئەم وشە ناساکارە ئاڤێستایی یە، کە بە واتای (شام(خواردنی شەو) هاتووە، بە رووالەتێکی دیکەوە بینراوەو ئەویش بەم جۆرەیە: (خشافنیە = xshāfniya).

لە ئەفغانی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (شووم = shūm)، یان (شوومە = shūma)و لە بلووجیش دا بووە بە (شام = shām).

بۆ وێنەی شام مەحوی دەڵێ:

«منی بەم حاڵو قاڵە دلی، کە دەیوت
کتێبێکی غەریبم دیوە پەڕپووت
نەنیلە بێ نەباتی میسری لێوت
جلم، سوجم، هەموو هەر شامە بێ رووت»

## ○ (خشڤەش دەسە = xshvash - dasa): ○

ئەم وشەیە، ناساکارە، پێك هاتووە، لە وشەی (خشڤەس = xshvash)، کە واتای (شەش) دەداتو وشەی (دەسە = dasa)، کە واتای (دە) دەداتو بە هەردووکیانەوەو پێکەوە، بە واتای (شانزدە = شانزە) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (شانچدە = shāncdah)و لە پازەندا (شانزدە = shānzdah) و بە بلووجیش هەر هەمان وشەیە. (ب . ق).

شایانی باسە، ئەوەی ئاڤێستایی وەك بلێیت (شەشو دە) وەهایە، ئەم جۆرە ساکاریەش، لە ژماردن‌دا، لەهەندێ ناوچەدا، هەرماوە، بە تایبەتی لە ناو نەخوێندەواران‌داو دەوترێ: (دەو شەش)، واتە: شانزدە. (دەو حەوت)، واتە حەڤدە.

وشەی (شانزدە = شانزە)ی ئەمڕۆی کوردیی، زۆر بەرەو ئاسان ڕۆیشتووەو بە وێنەیێ، کە (گۆ) کردنی زۆر ئاسانەو کۆسپی بڕگەزۆری نایەتە ڕێ.

دیاردەی ئێرە، قرتاندنی بڕگەی کۆتایی (دەسە)یەو بووە بە (دە). هەروەها، بوونی وشەی (خشڤەش)، بە (شاز = شانز) دیسان، قرتاندنی هەندێ دەنگو ئاڵوگۆڕ لە نێوان هەندێ دەنگی د[illegible]ی وشەکەدا رووی داوە.

بۆمان هەیە، بەپێی ئەو تێبینیەی سەرەوە، بڵێین، راستترین رووالەت، کە لەرووی ڕێزمانو سروشتی بەرەو ئاسان رۆیشتنی زمانەوە تەماشا بکرێ، وشەی (شازدە)یە، نەك (شانزە)، بەڵام، کە کورد ئەم دوو جۆرەشو جۆرەکانی دیکەش بەکار دێنێ، سەرپاکیان رەوانو کەرەستەی زمانی کوردینو کوردییان دەوڵەمەند کردووە.

وشەی (شانزدە = shānzda)ی زمانی کوردی بەشدارە، لەگەڵ ئەوەی بلووجیو ئەفغانیدا، بەڵام شێوەکانی دیکەی ئەم وشەیە جیاوازی لە گەڵیاندا پیشان دەدا.

بەم پێیە، بۆمان هەیە، بڵێین، ئێمە دەبێ وشەی (شانزدە)مان لە سەردەمی سەروکڵاوی خەز نەویدا بۆ هاتبێ بەوەیدا، کە (شازدە) شمان هەیە.

**○ (خشەپ = xshap) ○**

وشەی (خشەپ = xshap)ی ئاڤێستایی بە واتای وشەی (شەو)، (شەب)، (شەڤ) هاتوە.

بە پارسی کۆن (خشەپە = xshapa) یەو بە پالەوی (شەپ = shap) و (شەواك = shawāk)ەو بە ئەفغانی (شپە = shpa) یەو بە بلووجی (شەپ = shap)ە.

لە هیندی کۆن (خشەپ = xshap)ە (ب. ق).

لە پارسی نوێدا (شەب = shab)ە.

دیاردەی گۆڕانی وشەی (خشەپە = xshapa)ی پارسی کۆن بەرەوپالەوی، کە (شەپ = shap)ە، ئەم تێبینیانە بەدی دەکرێن:

- (نەمانی پاشبەندی (- ە)ی وشەکە)،
- (قرتاندنی دەنگی سەرەتای وشەکە، کە دەنگی [خ = x]یە بەم پێیە، بۆمان هەیە بڵێین، کە گۆڕانی، یان بابڵێین قرتاندنی یاخود سوانی دەنگی [خ = x]ی سەرەتای وشەی (خشەپە)ی پارسی کۆن بەرەو (شەب)ی پارسی نوێ، لە نێوان ساڵانی حوکمرانی هیلینیەکان‌دا پەیدا بووە (کەوتنی خێزانی هەخەمەنشیو هاتنی ئەسکەندەرو تا هاتنی پەرثیەکان).

هەروەها دەنگی [پ]و گۆڕانی بەرەو دەنگی [و]و ئەوجا بەرەو دەنگی [ب]، هەر وەك لەم بەراوردەی سەرەوەدا دەر دەکەوێ، کەوتووەتە درێژایی تەمەنی پەرثیەکان تاوەکو سەرەتای پەیدابوونی ئیسلام، ئەمەش بەسەر زمانی کوردیی‌دا دەچەسپێ!

بۆ وێنە (شەو)، بێکەس دەڵێ

«ئەمرۆ زەمانی عیلمو عیرفانە
عالەم شەوو رۆژ وا لە فەرمانە
فەرقی نێرو مێ نی‌یە بیزانە

(ل - ١٠٢)

بۆ وێنەی (شەڤ)، سەبری بۆتانی یەژێتن

«چ بازبەندو نڤشتن
نەزانینێ هون کوشتن
نێ شەڤا رەش‌و تاری
دیارە هێژ ئێڤاری»

(ل - ١٨١)

○ :(xshvashti = خشڤەشتی) ○

**ئەم وشەیە، بە واتای (شەست)، (شێست)، (شەص) هاتووە.**
**لە پازەنددا بووە بە (شەست** = shast). لە هیندی کۆنیش دا، بووە بە (شاش = shāsh).

دیاردەی هەرە گرینگی ئێرە، کورتبوونەوەو ئاسانبوونی وشەی (خشڤەشتی xshvashti) ئاڤێستی بەرەو وشەی (شەست shast) لە پازەندا، کە لە سەردەمی ساسانیەکاندا کراوە.

○ :(xshmāka = خشماکە) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، لە گاتەکان دا بە واتای (ئێوە)، شمە)، (ئەڤە)، (ئێڤە) هاتووە.

هەر هەمان وشەو بە هەمان واتا، لە پارچەکانی دیکەی ئاڤێستادا، رووالەتێکی دیکەی هەیەو ئەویش (یوشماك = yushmāk)ە.

من، وای بۆ دەچم، کە وشەی (یوشماك = yushmāk) لە حالەتی (کارا = فاعل) دابێ‌و وشەی (خشماکە = xshmāka)ش لە حالەتێکی دیکەدا.

لە پازەنددا، ئەم وشەیە بووە بە (شوما = shumā)، لە هیندی کۆنیش دا، بووە بە (یوشمەکە = yushmaka)

دیاردەی نێوان وشەی کوردیی نوێ (شـمـە)و نێوان ئەوەی ئاڤێستایی قرتاندنی دەنگی [خ = x]ی سەرەتای وشە ئاڤێستاییەکەیە، لەگەڵ سووانی پاشبەندەکەی، کە (— کە = ka —)یە.

بە پارسی نوێ، ئەو وشە بووە بە (شما = shumā).

## بەشی (د = d)

### ○ (داته = dāta) : ○

(داته)، بە واتای (داد)، (قانوون)، (دەستوور)، (یاسا) هاتووە.
ئەم وشەیە، لە ئەفغانی‌دا بووە بە (داد = dād) (ب. ق)، بە پارسی نوێ‌ش هەر (داد = dād)ە.

### ○ (داتەر = dātar) : ○

وشەی (داتەر = datar) ئاڤێستایی، لە قەدی (داته = dat)ەوە وەرگیراوە، یان ئەتوانین بڵێین، کە وشەی (داتەر = dātar) بریتی‌یە لە وشەی (داته = dāta)و لەگەڵ پاشبەندی (ـ ر = r ـ)دا، کە لەبنەڕەتەوە (دەر)ەو بە هەردووکیانو پێکەوە واتای (داددەر) بە دەستەوە دەدەن.
لە پازەنددا، ئەم وشەیە، بووە بە (دادار = dādār)و لە هیندی کۆنیش‌دا (دهاتەر = dhātar)ە.
کەوابوو (داتەر)، یاخود (داددەر) بە واتای (خاوەن‌داد) دێتە بەرچاوو (خاوەن داد)یش هەر خودایە.
هەر لەم وشەیە (وشەیە ـ وشەی داته = dāta)، وشەی (داتۆ – بەرە = dātō — bara)ەش دروست بووە، کە بە واتای (دادوەر)، یان (خودا) هاتووە. لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (داوەر = dāwar).

بۆ وێنەی (داد)، مەلای ڕەنجووری دەڵێ:

«شیرین دادم بۆ، شیرین دادم بۆ
تاکەی نە جەورت من هەر دادم بۆ

تاکەی شەوو ڕۆ هەر فەریادم بۆ
شەرت بۆ بێشەرتیت هەر وە یادم بۆ» .
(ل - ١٢٣)

بۆ وێنەی (داد) مەولەوی دەڵێ:

کام وسفت خەیاڵ، کام شێوەت یاد کەم
پەی کام خەسڵەتت دادو فەریاد کەم
پەی عەقیدەو دین موسوڵمانیت داد
پەی شێوەی شیرین نەوجوانیت داد
(ل - ١٠١)

○ **(دەسە** = dasa) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە ناوی ژمارەیەو بە واتای (دە)، (پۆل)، هاتووە .
لە پالەوی‌داو پارسی نوێدا (دە = dah)یە. لە ئەرمەنی‌دا بووە بە (تەسن = tasn)و بە بلووجیش (دەهـ = deh)و بە ئەفغانیش (لەس = las) .
لە هیندی کۆن‌دا (دەچە = daca)یە .
دیاردەی نێوان، ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، کە (دەسە = dasa)یە لەگەڵ وشەی (دە)ی کوردی‌و پارسی‌نوێدا، تەنها لابردنی برگەی کۆتایی‌یە .

بۆ وێنەی وشەی (دەسە)، لە کوردواتەنی‌دا هاتووەو دەڵێت :

- (دەستەیێ گوێز یەکێکیان پووتە)،
- (دەسێوە وەزی یووەشا پووتەنە) .

بۆ وێنەی (دەسە)، بە واتای (پۆل) مەولەوی یەژێ :

«جە پرژەی شەونم نە تۆی پەردەوە
نەرگس، مەس‌مەس چەم، ولاو کەردەوە

سەوزە وستەن فەرش ئەو چەمەن دەس‌دەس
گولأن جام وە دەس بولبولأن سەرمەس».

(ل - ٦٩)

○ (دەیمەن = daiman) : ○

وشەی (دەیمەن = daiman) یان (daemam)ی ئاڤێستایی بە واتای (دیمەن)، (دیم)، (دەم‌وچاو)، (روومەت)، (رووالەت) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە ئەرمەنی‌دا بووە بە (دێم = dēm) (ب. ق)، بە ئەفغانیش (لێمە = lēma).

شایانی باسە، وشەی (دیم) یان (دیمەن)، کە بە پامان‌وزامانی لە ئاڤێستاوە بۆ کوردی هاتووەتە خوارەوە، لە پارسی نوێ‌دا نی‌یە. بەلأم لە پالەوی‌دا (دیتار = ditār)ە.

○ (دەرەزە = darazā) : ○

جگە لەم رووالەتەی، بە رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش ئەمەیە (dereza) (ب. ق).

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (بەندکردن)، (توندکردن)، (دەرز)، (درزگرتن)، (ورازتەی)، (دۆزان)، (دوورین)، هاتووە.

بۆ وێنەی (دۆزان)و (دوورین) میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ:

جامە دۆزان کەرد، جامە دۆزان کەرد
یەك رۆ لەیل وە ناز جامە دۆزان کەرد

یادی هەوارگەی قەدیم هۆزان کەرد
بە قوببە دۆزی دڵ ئەفرۆزان کەرد

لە جێگایەکی دیکەوە دەڵێ :

«دڵ وە خەیاڵان چەم وە رازەوە
لەب وە شەکەرخەند رێزە رازەوە
دەس وە درووەمان بەقیە دۆزەوە
پیشانی بەو شەوق شەمەخ لۆزەوە».

(ل ٨٨ - ٨٩)

## ○ (درەوگە = draogha) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (درۆ)، (ناڕاست)، (دەلەسە)، (پۆت)، (هەڵات)، (فڕکا) هاتووە .

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (دروز = druz)و لە پارسی کۆنیش‌دا (درەوگە = drauga)یە .

لە پارسی نوێ‌دا، بووە بە (دروخ = durūgh) .

دیاردەی ئێرەش، سووانی بڕگەی دوایینە .

بۆ وێنەی (درۆ) قانیع یەژێت :

«وا بزانم، وا ئەزانی جوانی‌و لووسی بەسە
میللەتێ، تۆ سەردەسەی بی قوڕ بەسەر ئەو میللەتە

هەر کەسێ لافی درۆی لێ دا وتی : دڵسۆزتم
تە ـ ـبەی کەی، جا ئەزانی چۆن خەریکی تەفرەتە» .

(ل - ١٩٨)

○ (دەرەنە = darana) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (چەم)، (رووبار)، (دەرە)، (دۆڵ)، (ناوباخ) هاتووە. هەر وەها بە واتای (دە، [illegible] (دەریا)ش هاتووە

لە پارسی کۆن‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (درەیەە = drayah). بە بلووجی (دەریا = daryā) یەو بە ئەفغانیش (دەریاب = daryāb).
لە پارسی نوێ‌یش‌دا (دەریا = daryā)یە.

بۆ وێنەی (دەریا)، هەردی دەڵێ:

کە جۆگا تێکەڵی چەم بێ‌و چەمیش تێکە ڵ بە دەریا بێ
شەماڵیش پڕ لە هەستی بێ، نی‌یە شت تاکو تەنیا بێ
بە قانوونی خودا، ئەشیا، ئەبێ تێکەڵ بە یەکتر بن
ئیتر، بۆچی من‌و تۆ تێکەڵی یەکتر ببین نابێ!!

(رازی تەنیای، ل - ٤٩)

وێنە، بۆ (چەم) و (جۆ) و (سەرچەمە) مەولەوی دەڵێ:

«جە شوومی پڕ شووم ئەلەد سەرای خەم
جە سەروازەی هوون جۆی سەرچەمەی چەم

وە بۆی ئەو باڵاو خەتو کوڵمو فەم
سەروو سەوزەو گوڵ‌غونچە بدۆ دەم»
(ل – ٧٩)

## ○ (دەغە = dagha) : ○

ئەم وشەیە، زۆرتر، بۆ نیشانەکردنە، نیشانەکردنی مەڕوماڵات (ئاژەڵ)، کە بە هۆی (داخ) کردنی مۆرێکی تایبەتی‌یەوە، کە (داغمە = داخمە)ی پێ دەوترێ دیاری دەکرێ.

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا، بووە بە (داخ = dāgh) و لە سانسکریتیش دا بووە بە (دەغە = daghá).

بۆ وێنەی (داغمە) قانیع یەژێ:

«کێ ئەڵێ: نەم چەشتووە نووکی ڕمی کوردی نەژاد
رانی دەرخا تابینم داغمەی شێرانی کورد
قوڕ بپێوێ دایکی ئەو شەخسە ئەڵێ من مودەعیم
چۆن خەلاسی بۆ ئەبێ هەرگیز لە دەس مەردانی کورد»
(ل – ٧٧)

وێنە بۆ وشەی (مۆر) مەحوی دەڵێ

«دەمت چی! پڕ دوڕ، دورجێکی یاقووت
نیشانەو مۆری چی! خەططێکی زومرووت
بە گریانم، وەکو گوڵ، پێ‌کەنی یار
لە باغی من بە بارش غونچە پشکووت»
(ل – ٨٠)

وێنە، بۆ (مۆر) گۆران دەڵێ:

«ئەدا ئێستا باغچەی ژین و شیعرو خەیاڵی
بوو بە ژووری بەندیخانەی تاریك و خاڵی
سا خوات لەگەڵ دنیای جوانی دنیای رووناکی
تاوانم کرد، گەل پێوەی نام مۆری ناپاکی»

(ل – ٢١٥).

بۆ وێنە (داخ) مەولەوی یەژێت:

«پەی کەسێ خاسەن هەوای سەیری باخ
ماسیوای مەعشووق نەبۆش ئاخ و داخ
من جفت مەعشووق دەردی هامرازمەن
چون بازی سەرچڵ وادەی بازمەن»

(ل – ١١٢، ١١٣)

بۆ وێنەی (دەخمە)، گۆران یەژێ:

«دەروێشێکم دی لە سەر دەخمەی شا
شا صەلاحەددین، بە کوڵ ئەگریا
هاواری ئەکرد، ئەیلاوانەوە
دڵی ئینسانی ئەتاوانەوە»

(ل – ١٨٧)

●

## ○ (دەیڤە = daiva): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بەم رووواڵەتەش بەرچاو کەوتووەو ئەویش (دەیڤا = daevā)یە.

لە پالەوی دا بووە بە (دێڤ = dev)و لە هیندی کۆنیش دا (دێڤە = dēva)یە.

ئەم وشەیە، بە واتای (دێو)، (ئەهریمەن)، (دۆزەخ)، (خراپەوشەڕ) هاتووە.

بۆ وێنەی (دێو)، مەحوی دەڵێ:

«وەك دێوی لەعنەتی، کە لامی قەدیمی بیست<br>
زاهید، کە باسی عیشق ئەبیسێ، دێتە جووڵەجووڵ<br>
سەججادە مەی پیا ڕژاوەو عوریانو لەش بە خوون<br>
نوێژم مەظەننە وایە لەمەولا بکەن قوبووڵ»

(ل - ٢٠٧)

بۆ وێنەی (دۆزەخ) مەحوی دەڵێ:

«وەك ئەنبیا مەقامی هەموو لا، لە ئاسمان<br>
دۆزەخ، بەهەشت، ئەوانە بەهەشتینو دۆزەخین<br>
ئەم چوونو سەیرو هاتنەوە سەیرە. موددەتی<br>
سەر هەڵبڕینو خستنەوەی باز ئەسەر سەرین»<br>
(ل - ٣٨٣)

بۆ وێنەی (ئەهرەمەن = ئەهریمەن)، پیرە مێرد دەڵێ

«(صلاح الدین) جەلالی وای نەبوو تاریخ لەبەر چاوە
هەموو پاشای بەبان مردن بە حەسرەت رۆژێکی واوە
شەوێ دەس ئەهرەمەن کەوت خاتەمی ملکی سولەیمانی
کەچی میرو گزیری پێ ئەکرد، قەدری وەها زانی»

### ○ (دەینە = daina) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بەم جۆرەش هاتووە (دەینا = dainā).
ئەم دوو جیاوازی‌یە لە رووالّەت‌دا، دەگەڕێتەوە بۆ نێرومێ، واتە: (دەینە = daina) لە حالەتی بەکار هێنانی لە دۆخی نێری‌داو (دەینا = dainā)ش لە حالەتی مێی دایە.
لە پازەندا، ئەم وشەیە بووە بە (دین = dīn)و لە پالەوی – ش دا، هەر هەمان وشەو بە هەمان ئاوازەوە بەکار دێت. بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە بە واتای (دین)، (ئایین) هاتووە.
بە ئەرمەنیش (دن = den)ی پێ دەوترێ. لە پارسی نوێ‌ش‌دا (دێین = dein)ە.

وێنە بۆ دین قانیع یەژێت:

«کتێبی زەردەشت، کە ئاوێستایە
وەك باقی کتێب خەڵاتی خوایە
بە زمان هەورامی هاتە سەر بەشەر
یانێ ها زەردەشت بووی بە پێغەمەر

تا دەوری خۆی بوو وەك باقی دینان
بەڵام نەسخ بوو ئەویش بە قورئان»
(ل – ٣٤٩)

دەربارەی (دین)ەوە، لە لایەکی دیکەوە دەڵێ:

«دەکوردە گیانەکەم بەزمو سەفا بەس
سەفای پڕ زەحمەتی باری جەفا بەس
بە دینم بتپەرستی عارە، بۆ دین
دەسا پەرسینی ئاوی (کانی‌با) بەس»
(ل – ٦١)

بۆ وێنە ئایین مەولەوی یەژێت

«پەی ئەو عەقڵو فامو هۆشیاریت داد
پەی خۆش نیگاریو خۆش ڕەفتاریت داد
فەریاد پەی ئیخلاص ئاخ پەی ئاینت
پەی ئاغەی دیناو پەی ئاغەی دینت»
(ل – ١٠١)

●

## ○ (دەوزەهڤە = daozhahva): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای، (دۆزەخ)، (جەهەننەم) (ناخۆش)، (بەدبەختی)، (ئاتوون)، (دۆژە)، (ئارتوون) هاتووە.

لە ئێرانی کۆندا، (دوزەهو = duzhahu)ەو بە بلووجی، دۆزەك = dōzak)ە، یان (دۆزەخ = dōzax).

بە پارسی نوێ (دووزەخ = dūzax)ە، بەڵام بە پالەوی (دوشەخڤ = dusaxv)ە.

دیاردەی ئێرە، ئاسان بوونەو کورت بوونەوەیە.

«بۆ وێنەی دۆزەخ، مەحوی دەڵێ:

وەك ئەنبیاء مەقامی هەموو لا، لە ئاسمان
دۆزەخ، بەهەشت، ئەوانە بەهەشتین‌و دۆزەخین
ئەم چوون‌و سەیرو هاتنەوە، سەیرە موددەتی
سەر هەڵبڕین‌و خستنەوەی باز ئەسەر سەرین»

(ل - ٣٨٣)

## ○ (دەینو = dainu): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە رووالەتێکی دیکەوە، بەرچاو دەکەوێ، ئەویش، هەر وەك لە (ب. ق)دا هاتووە (دەینو = daenu)ە.

ئەم وشەیە، لە پالەویدا، بووە بە (دایەك = dāyak)و لە پارسی ئەمڕۆدا بووە بە (دایێ = dāye)و بە ئەفغانیش (دایی = dāyi)یەو بە بلووجیش (دای = dāi)یە.

وشەی ئاڤێستایی (دەینو = dainu = daenu) بە واتای (دایك)، (دادێ)، (دایە)، (دای)، (ئەدا)ی کوردیی نویّ دیّ.

بۆ وێنەی (دادێ) لە لەیلیّو مەجنوون‌دا هاتووەو دەڵێ:

«دادێ چون شنەفت جە لەیلیّ ئەحواڵ
خەشمو غەزەبی وەرین کەرد بەتاڵ
واتش: گیانەکەم بینایی چەمام
جەرگم سۆچیان مەکەرە مەنام»
(ل - ١٤١)

بۆ وێنەی (دای) ئەمین نەقشبەندی دەڵێت:

«هێمان هەر تاسەم وەك ئێستا وایە
هێمان هەرشینم دووایی نایە
هێمان هەر ئەگریم بۆ کۆچی دایە
هێمان هەر شینم دووایی نایە»
(ل - ٨٣)

○ (دەنتە = danta): ○

وشەی (دەنتە = danta)ی ئاڤێستایی پەیوەندی بە (دەنت = dent) و (دەنتاڵ = dental)ەوە زۆرەو ئەتوانین بڵێین، کە قەدو ریشەیان هەر یەکێکەو یەك سەرچاوەن‌و لەگەڵ (ددان = دان) یش‌دا، یەك ریشەیان هەیەو یەك نەژادن.

بە هەرحاڵ، وشەی (دەنتە = danta)ی ئاڤێستایی، بە واتای (دان = ددان) هاتووە.

دیاردەی هەرە گرینگی ئێرە پەرینی، یان سووانی برگەی کۆتایی وشە ئاڤێستایی یەکەیە، ئەگەر بێت و لەگەڵ وشە (دان)ی کوردیی ی ئەمڕۆدا بەراورد بکرێ!!

لە پارسی کۆندا، ئەم وشەیە بووە، بە (دەنتا = dantā)، لە هیندی کۆنیش دا (دەنتە = danta)یە. بە پارسی نوێ (دەندان = dandān)نە.

### ○ (دەیتیکە = daitika) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە بە واتای (دڕندە)، (جانەوەری دڕندە)، (دیرنج) دێ.
لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (دەتیك = datik).

### ○ (دڤەر = dvar) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (دەر)، (بەر)، (بەر دەرگا)، (بەر قاپی)، (دەروازە) هاتووە.
لە پالەوی دا، بووە بە (دەرن = darn)و لە هیندی کۆنیش دا (دڤار = dvār)ەو لە پارسی کۆنیش دا بووە بە (دوڤار = duvār).
بۆ وێنەی بەر دەرگا، گۆران دەڵێ.

«لەوسایەوە، تا ئێستاکە، بەم چەشنە
هەموو سەری ساڵی تازەمان جەژنە
میوانی کۆن بە رێ ئەکەین و تازە
بە پێکەنین ئەگاتە بەر دەروازە».

(ل - ١٩٣)

## : (dva = دڤه)

ئەم وشەیە بۆ ناوی ژمارەی (دوو)ە. بە واتای (دوو)، (دووێ)، (دڤێ) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (دۆ = do) و بە پارسی‌کۆن (دوڤیتییە = duvitiya)یە. بە ئەفغانیش (دڤە = dva)یە. (ب. ق).

ئەم وشەیە، ناساکارە، بۆ ناوی ژمارەیە، بە واتای (دوازدە)، (دوانزە)، (دوانزدە) هاتووە.

لە هیندی کۆن‌دا (دڤا – دەچە = dvā — daca — dva)یە.

بە پالەوی (دڤازدە = dvāzdah)و بە پارسی نوێ – ش هەر هەمان وشەیەو بە هەمان ئاوازەوە.

دیاردەی هەرەگرنیگی ئێرە، سووانی تێدا نی‌یە، جگە لە جێگا گۆڕکێ زیادو کەمی دیکە بەرچاو ناکەوێ.

واتە : بڕگەکان بەم جۆرەیان لێ کراوە :

– (dva +da +sa )،

ئەوجا بەم جۆرەیان لێ کراوە

– (dva + sa +da )و

بە پێ‌ی یاسای زمان بەم بەم جۆرەی لێ هاتووە :

( da + sa +dva ) – بووە بە (دڤازدە = dvasda ).

لەپاشا بووە بە (دوازدە = duwāzda)، واتە : دەنگی [و = w] لە پلەی دواییندایە.

## : (drafsha = درەفشە)

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ئالآ)، (بەیداخ)، (دروشم) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (درەفش = drafsh)و بە ئەرمەنیش بووە

به (دره‌وش = draush) .
له پارسی نوێ‌دا (ده‌ره‌فش = darafsh)ه .
وشه‌ی (گاوش دره‌فشه = gāush — drafsha)یش به هۆی وشه‌ی (دره‌فشه)ه‌وه پێك هاتووه. به شێوه‌یه‌کی ڕۆشنتر، وشه ناساکاره پێك‌هاتووه‌که بریتی‌یه له وشه‌ی (دره‌فشه)و وشه‌ی (گاوش)و پێکه‌وه (گاوش دره‌فشه)یان دروست کردووه .
وشه‌ی ناساکاری (گاوش دره‌فشه)، به واتای (ئالأی کاوه) هاتووه‌و به‌و بۆنه‌یه‌وه، ئه‌و ناوه له(ئالأ)ی ئێران، ناو نراوه.
بۆ وێنه‌ی (ئالأ) قانیع ده‌لێ :

«سه‌د شوکر وا من نه‌مردم، تا که دیم ئالأی کورد
که‌وته به‌ر چاوم به رزی سووره‌ت‌و سیمای کورد
بازبوو دوورابوو دیده‌ی نه‌رکسی شه‌هلای کورد
مژده بێ ئه‌مڕۆ، که به‌ر بوو، چاوی پڕ بینای کورد».

(ل – ٧٤)

## ○ (دوگ‌ده‌هه‌ر = dughdhar) : ○

وشه‌ی (دوگده‌هه‌ر) یان (دوغده‌هه‌ر)، به واتای (کیژ)، (که‌نیشك)، (کچ)، (کناچێ)، (دۆت – دۆته) هاتووه .
له پاله‌وی‌دا، ئه‌م وشه‌یه بووه به (دوخت = duxt)، یان به (دوخته‌ر = duxtar)و له پارسی نوێ‌ـش‌دا، هه‌ر هه‌مان وشه‌یه، به هه‌مان ئاوازه‌وه .
دیارده‌ی هه‌ره گرینگ لێره‌دا (ئه‌گه‌ر بێت‌و وشه ئاڤێستایی‌یه‌که له‌گه‌ڵ (دۆت = دۆته = دۆتێ)ی کوردی‌دا، به‌راورد بکرێ، ئه‌م تێبینیانه به‌رچاو ده‌که‌ون :

١ – په‌ڕینی، یان سووانی بڕگه‌ی کۆتایی .

٢ – مانه‌وه‌ی قه‌دی (دوگد = dughd)و ئه‌وجا به‌ره‌و ئاسان‌چوونی‌و بوونی به

(دۆد = dōd)، لەپاشا، گۆرانی دەنگی [د = d]ی کۆتایی بەرەو دەنگی [ت = t]و ئەم جۆرە دیاردەیەش زۆر باوە .

بۆ وێنەی (کەنیشک) پیرەمێرد دەڵێ :

«لە کەناری زەڵم، ئەو سەوزە گیایە
تۆوی کەنیشکی جافی تێدایە
تۆ بە کناچەو لەنجەو لارەوە
من بە چاوێکی فرمێسك بارەوە».

(ل - ١٢٩)

بۆ وێنەی (کچ)، پیرە مێرد دەڵێ :

«لەسەر سەربان بەفر توێژاڵی بەست وێنەی چۆڕی شیرە
قەتارەی سەلتی و پۆپی درەختان چەندە دڵگیرە
چلوورەی گوێسەوانە، پلپڵەی زیوی کچە کوردە
سەهۆڵ ئاوێنەیە لێك‌دانەوەی ئەم دوو شتە وردە»

(ل - ١٣٦)

**○ (دراجە = drājah) : ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (درێژ)، (دریژ)، (دراز)، هاتووە .
لە پالەوی‌دا بووە بە (دراج = drāj) (ب. ق) یان بە (دیراز = dirāz) (ف. پ. خانلری) .
لە پارسی نوێ‌دا، (دیراز = dirāz)ە .
بۆ وێنەی (درێژ)، گۆران دەڵێ :
«بە بەستەو ئاهەنگ رێ‌مان بردە سەر
نۆرەمان زۆر کرد بە زەردەو سێبەر

تا گەیشتینە بەر (باسکە دریژ)
کشایە (زەردی ئاوا) ریگای لیژ»

(ل - ١٤٥)

○ (دوزهدا = duzhdā) : ○

ئەم وشە ئاڤیستایی یە، کە بە واتای (دز) هاتووە، بەم جۆرەش و بەم رووالەتەش بەرچاو دەکەوی (دوزهدە = duzhda) .

بە هەرحال، ئەم وشەیە ئاوەلناوەو ناویشە بۆ هەندی جار، کە وەختی لە حالەتی می دا بەکار بهینری، پاشبەندەکە لەوەی، کە لە حالەتی نیردا بە کار دی جیاوازە .

بە شیوەیەکی رۆشنتر، لەگەل نیرینەدا، کۆتایی (— ە = a—)یەو لەگەل مێینیەش دا، کۆتایی یەکەی دەبی بە (—ا = ā) واتە :

- (دوزهدە = duzhda)، بۆ نیرە .
- (دوزهدا = duzhdā)، بۆ (می)یە .

لەوەوپیشتر رۆشناییمان خستە سەر رۆشن کردنەوەی هەندی وشەی وەك (دین)و (دینە)و (دینا)و وتمان :

- (دینە = dina) بۆ نیرەو .
- (دینا = dinā)ش بۆ می. هەروەها وتمان.

(—ە = a—) نیشانەی نیرەو (—ا = ā—)یش، نیشانەی (می) .

ئەو دیاردەیەی، کە لیرەدا، بە دی دەکری، سووانی برگەی کۆتایی وشە ئاڤیستایی یەکەیە .

وێنه ش بۆ وشەی (دز)، وا هەندێ کورد واتەنی بە وێنە دەهێنینەوە:

- (دز بازاری شێواوی ئەوێ!)،
- (دز بدوێنە، هەر باسی پەیژەت بۆ ئەکا!)،
- (دز بە رێیەکا ئەرواو خاوەن ماڵ بە هەزاردا)،
- (دز دز ئەناسێ!).

(پەندی پێشینان، ل - ٢١٥)

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا بووە بە (دوز = duz)و لە بلووجیش‌دا هەر هەمان وشەیە بە رووالەت‌و بە ئاوازەوە.

## ○ (دوش = دوس = dus) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، ئەگەر بە (دژ) بخوێنرێتەوە ئەوە بە واتای (قەلاّ)، یان (پشتی‌مل).هاتووە، ئەگەریش بە (دوژ)، ئەو وەختە بە واتای (دژی) ئەمڕۆی کوردیی دێ.

ئەم وشەیە، لەپارسی کۆن‌دا بووە بە (دوش = dush)، کە بە واتای (دژ) یان (دوژمن) هاتووە.*

دوشمن (دوژمن) خۆی بەم واتایەیە:

(دژە - مەئێنا)
ئەمە، بە واتای خراپ - (مەئێنە) = فیکر، هاتووە.
فیکری خراپە، رای خراپە، بەرامبەری من ئینجا بووە بە
دوشمن = دشمن = دوژمن = (عدو).

(د. ئەمین مۆتابچی)

لە زمانی کوردیی‌دا (دوش = dush)هەیە، بەلاّم بە واتای، (پشت‌مل) دیّ. بۆ ویّنە :

وەختیّ، کە ئافرەتی لادیّ، منداڵەکەی دەخاتە پشت‌ملی‌و قاچی بەم دیوو بەو دیوی شانی‌دا دیّتە خوارەوە، بەو جیّگایە دەوتریّ (دۆش) .

بۆ ویّنەیِ (دۆش) مەحوی دەڵیّ :

«دڵم وەك غونچە پڕ خوونی (فیراقی) سەبز پۆشیّکە
وەکو سونبول حەواسم تەفرەقەی کاکۆڵیّ بە دۆشیّکە»

(ل - ٣٥٤)

بۆ ویّنەی (قەلاّ) قانیع یەژێت :

«لە (سیامێو)ەوە گوێزایۆ (خوڵمار)
بۆ پێی‌تەختی خۆی چاك کردی بە شار
حەشاری کیّشا، بە دەوری شارا
قەلاّو قەلاّچە لە ژووروو خوارا».

(ل - ٣٠١)

حاڵی حازر، لە کوردەواریی‌دا، ناوی (قەلاّ) بە ناوی (دوز) یان (دز)ەوە، هەندیّ جیّگا هەن، بۆ ویّنە، (رەواندوز)، کە (دوز)ەکەی واتای (قەلاّ)ی تیّدایە، هەروەها ناوی (قەلاّدز)یش هەر هەمان دەستوورە.

●

## ○ (دوش – مەنەھ = dush — manah) : ○

ئەم وتەیە بە واتای (دوژمن = دوشمن) هاتووە .
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (دوش + مەن) = (دوشمەن = dush — man) .

وێنە، بۆ (دوژمن = دوشمن)، پیرەمێرد دەڵێ :

«وتم : جنێوت خەڵاتە بۆ من
کەمەندی سەودای تۆم کەوتە گەردن
وا ڕام نەکێشیێ بێباك لە مردن
زیندەگانی خۆم لێ بوو بە دوشمن
ئەگینە چیمە لەم هەوڵدانە».

(ل – ۱۹۲)

## ○ (دوجەکە = dujaka) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ژیژك)، (ژووژوو) هاتووە .
لە (زەند)و (پالەوی)دا، بووە بە (جووجەك = jūjak) .

وشەی (ژووژو) یان (ژیژك) لە کورد واتەنی‌دا هاتووەو دەڵێ :

«ئاخۆ گیان‌لەبەر بێ بێچووی لە بیچووی من نەرم‌و شل‌تر بێ!».

(پەندی پێشنیان، ل – ۲٦٦)

●

## ○ (دومه = duma) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (دووگ)، (دومە)، (دوم)، (کلك)، (گون) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (دوم = dum)و لە پارسی نوێ‌ش‌دا، بووە بە (دنبال، یان (دنبلان).

لە بلووجی‌دا، بووە بە (دونبەگ = dunbag)و بە ئەفغانیش (لەم = lam) (ب. ق).

وشەی (دومە = duma)، بە پامانو زامانیو بە هەموو ئاوازو رووالەتیەوە لە کوردیی نوێ‌دا، ماوەتەوەو جگە لە خۆیشی چەند ناوێکی دیکەی هەیە، کە وەك (دنبال)و (دنبە) بنو بە واتای دووگیش بێن.

## ○ (دڤی – سەتی = dve — sate) : ○

ئەم وشە ناساکارە ئاڤێستایی یە، ناوی ژمارەیەو بە واتای (دووسەد) هاتووە.

لە پازەندا بووە بە (دووسەت)و بە هێندی کۆنیش (دڤی‌چەتی = dve— cate)یە.

## ○ (دوورە = dūra) : ○

ئەم وشەیە. بە واتای (دوور) هاتووە.

ئەم وشەیە. ئاوەڵناوەو بەم جۆرە پاشبەندەی ئێستایەوە، بۆ نێر بەکار دەهێنرێ.

بەلاّن، بۆ مێینە. دەبێ بێ بە (دوورا = dūrā).

بۆ وێنەی (دوور)، مەولەوی یەژێت :

«مەر جەستەی خەستەی من جە فۆلادەن
بەند دووریت وێنو هێمان دڵشادەن
دەك رەحمەت ئەو قەبر گشت وەفاداران
(خصوصاً) ئەو کەس شای وەفا داران».

(ل - ١٠٩)

بۆ وێنەی (دوور)، لە لایەن پیرەمێردەوە

«بەڵام کاتێك لە پێش چاو نەبیو دووربی لە لام
بینایی لێڵە، لە زەردە دایە رۆژی هیوام
بەو خۆشەویستییەوە، کوڕ دەستی کردە ملی یار
سڕی لە ئاوێنەی رووی بە لێوی ژەنگی غوبار»

(ل - ١٦٠)

●

## بەشی (ز = z)

**(زاماتە = zāmáta)** :

ئەم وشەیە، بە واتای (زاوا، زەما، زاڤا ) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (دامات = dāmāt)و لە پارسی نوێـش‌دا، هەر هەمان وشەیە.

بۆ وێنەی وشەی (زاڤا)، سەبری بۆتانی دەڵێ :

«گۆ دەروێشۆ بەس بنالە
ژوی دلێ خوێ كول
یادگارم ژبۆ تە
برەنگی بویكو زاڤا».

( ل - ٥٠)

بۆ وێنەی (زاوا) محەمەد ئەمین پێنجوێنی دەڵێ :

«لە چرۆی سەرپۆپەی چلاَ گەردانەكەت بۆ ئەهۆنمەوە
لە چالاَیی چەناگەتا، بادەی مەی، هەتا مردن، ئەخۆمەوە
لە هیلانە گەرمی دلاَ، نۆ ماڵی زاوایی‌یەكەمان ئەنەخشێنم
گلێنەكانم كە دوو مووروون بۆت دەر دێنم».
(تەزووی رازونیاز، ل - ١٠٢)

بۆ وێنەی (زەمین)، (ع.ح.ب) دەڵێت :

«بۆ هێجگاری پێك هێنانی
بەختیاریو کامەرانی
بۆ دانیشتوانی سەر زەمین
بێ جیاوازی نەتەوەو چین».

(ناسۆری دەروون، ل – ۲۸)

بۆ وێنەی (زەوی) قانیع یەژێت :

کاتێ، کە هەور گرتی سەراسەر هەموو زەوی
تالآنی بەفری کرد، چ لەبەرزی، چ لە نێو نەوی
سوور هەڵگەڕا، گوڵاڵە لە شادی کە تێ گەیی

(ل – ۱۹۲)

**○ (زانو = zānu) : ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (زەنگۆڵ)، (ئەژنۆ)، (زانوو)، (چۆك) هاتووە.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (زانووك = zānūk)و بە ئەفغانی بووە بە (زەنگوون = zangūn)و بە بلووجیشن بووە بە (زان = zān)و بە هیندی کۆنیش بووە، بە (جانو = jānu).

شایانی باسە، وشەی (زەماوەند)یش، بە هۆی وشەی (زەما)و پاشبەندی (وەند)ەوە دروست کراوە. بەم پێیە، بۆمان هەیە بڵێین : وشەی (زەما) کۆنترە تاوەکو وشەی (زاوا)، یان (زاڤا)، بەوەی، کە وشەی (زاماتە ) وشەیەکی ئاڤێستایی یە .

وێنە، بۆ وشەی (زەماوەند)، گۆران دەڵێت :

«گوڵ نەبێ بۆ سەرم، زەرد چەپکێ، ئاڵ چەپکێ
نایەم بۆ زەماوەن، نایەم بۆ هەڵپەرکێ
بتدایە دڵ، بە من بە هەموو مەعناوە
دوو چەپکت ئەهانی لە باغچەی پاشاوە».

(ل - ١٧)

○ : (zam = زەم) ○

(زەم = zam) یاخود (زام = zâm)، بە واتای (زەمین)، (زەوی)، (زەڤی)، (زێ)، (عەرد) هاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە، بە واتای (فریشتەی زەمین)یش دێ .

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (زەمیك = zamīk)و لە پارسی نوێدا، بووە بە (زەمین = zamīn)و بە بلووجیش (زەمیك = zamīk)ە .

بۆ وێنەی (زەڤی)، سەبری بۆتانی یەژێتن :

«زەڤیکێ ئەز نەگێرم
تە ژبیرا خۆ با ڤێژم
بزانە ئەز چ دبێژم
کولو دەردان ڤە درێژم».

( ل - ٧٥)

وێنە، بۆ وشەی (ئەژنۆ)، قانیع یەژێ:

«ئەی وەتەن، تۆ خۆشی دڵمو هێزی ئەژنۆو باڵمی
تۆ چرای رووناکی دەردی ژینی ترش و تاڵمی
بێ درۆ، تۆ تاجی فەخرو، سێبەری ئیقباڵمی»

(ل – ٢١٠)

بۆ وێنەی (چۆك) گۆران دەڵێ:

«دوو تەختی گەورەی کۆنی دۆشەك پۆش
هەشت نۆ دەیەکی لیگرتینە گۆش
لەبەر دەمانا هاورێکانی تر
بە چۆکا هاتن وەك یخی حوشتر»

بۆ وێنەی (زانوو) مەولەوی یەژێت:

«پێشانیم هەوەس زانووش جازمەن
تەعظیم – ی جەناب پیری لازمەن
باڵا کەردەوە مەیل ئەو لای پەستی
وردیکڵانەن دەروازەی هەستی»
(ل – ١٠٦)

بۆ وێنە (ئەژنۆ)، هێمن دەڵێ:

«زەبری توندی زەمانی بەدکردار
شاری کردینە شاری پڕ ئازار

هەرچی دەیبینی دەس بە ئەژنۆیە
لەهەموو لاوە شین‌و رۆ رۆیە»

(تاریك‌وروون، ل - ١٤٠)

○ (زەرەدە = zarada) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (زردا = zrdā)یە، یان (زەرەد = zarad)ە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (دل = dil)، یان بووە بە (دیل = dil) و بەئەفغانیش (زرە = zra) و بە بلووجیش (زردێ = zirdē) بە (ب. ق).

لە هیندی کۆن‌دا، (هرد = hrd)ە یان (هردەی = hrday)یە.

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (دڵ)، (زار)، (زێڵ)، (دل) هاتووە.

وێنە، بۆ وشەی (زار) مەولەوی دەڵێ:

«سەر بەر کەر نە سەر کۆی ئاتەشگاوە
بدیە وە مەسکەن (خانەگا)و (پاوە)
زار زارو خاس‌خاس وە زار بناڵە
جاگیر نە سەر ئەوج قولەی (قەزاڵە)»
(ل - ٣٠٤)

مەحوی - ش بۆ وێنەی (زار) دەڵێ:

بۆتە مۆئنیس، بۆتە مەئوا، قەوم شاریێ (العیاذ)
دێوی بێتێ، جێ‌بەجێ دەڕوا بە باریێ (العیاذ)

هەرکەسێ ساتێ لەگەڵ ئەو قەومە بووبێ. تا ئەبەد
بێتەوە فیکری، لە زاری دادەبارێ (العیاذ)
(ل - ١١٧)

بۆ وێنە (دڵ) بێکەس یەژێ:

«دڵێ تەڕ نەبێ!! دڵێ تەڕ نەبێ!
دڵێ لە خۆیا دائیم تەڕ نەبێ
سەرخۆشی بادەی رووی دوڵبەر نەبێ
بە جامی شەراب کەیل‌و مەستی کەی
خوایە، ئەو دڵە، دائیم پەستی کەی»
(دیوانی بێکەس، ل - ١٣٢)

دیاردەی ئێرە، قرتاندن، یاخود سوواندنی بڕگەی کۆتایی وشە ئاڤێستایی‌یەکەیە، ئەگەر هاتوو لەگەڵ وشەی (زار)دا بەراورد کرا!

○ زەڕنەینە = zarnaina): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یەش، بەم جۆرە رووالەتەی دیکەشەو (زەڕنەینە = zarenaena) بەرچاو کەوتووە (ب . ق).
ئەم وشەیە، لە پارسی کۆن‌دا، بووە بە (زەڕنە = zarna)و لە پالەوی‌دا بووە بە (زەڕ = zar)و (زەڕین = zarin)و لە هیندی کۆن‌دا، بووە بە (هەری = hari)و لە ئەفغانی و بلووجیش‌دا (زەڕ = zar)ە. (ب. ق).
ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (زەڕ)، (زێڕ)، (تڵا)، (ئاڵتوون) هاتووە.

وێنە، بۆ وشەی (زەڕ) سەیدای هەورامی یەژێت:

«بینایی چەمان بەر گوزیدەکەم
من هەر ئەو غوڵام زەڕ خڕیدەکەم
شەرتم ئەو شەرتەن هەتا زیندەکەم
ددانی تەمای تۆ نەکەندەکەم»
(ل - ٤٥)

وێنە بۆ (زێڕ)، قانیع یەژێت:

«ئەی وەتەن کەی خۆش ئەبێتۆ زامی پڕ ئێش‌و بە سۆت
عەیبی بێ خێویت نەبێ، هەر زێڕو زیوە تان‌و پۆت
دێتە مێشکم کوللی ڕۆژێ، دەنگی ناڵەو ڕۆڵەڕۆت
شەرتە ڕۆحی خۆم‌و سێ‌کوڕ کەم بە قوربانی لە بۆت»
(ل - ٢٠٤)

هەر لە هەمان وشەی (زەڕ = zar) وشەی ناساکاری (زەڕینە = zarenya) دروست بووە، کە بە واتای (زەڕین) و (زێڕین) هاتووە.

شایانی باسە، ئەم وشەیە، لەگەڵ ناوی (نێر)دا وەك ئاوەڵناوێ بەکار دەهێنرێ، بەڵام لەگەڵ ناوی (مێ)ینەدا پاشبەندەکەی درێژ دەبێتەوە، واتە، بەم جۆرەی لێ دێ: (زەرینیا = zarenyā).

ئەم وشەیە، بە واتای (دەست = دەس) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا، بووە بە (دەست = dast) و لە پارسی نوێ‌ش‌دا هەر هامان وشەیە. بە هەمان ئاوازو هەمان رووالەتەوە.

بۆ وێنەی دەست (پیرەمێرد) دەڵێ:

ئاوی زیندەگی دێتە زەمزەمە
ئەبێ بە زەمزەم ئاوی ئەو چەمە
زەلمو تانجەرۆ دەست لەملان بن
(ل - ١٢٨)

دەست، لە هەندی زاراوەکورد واتەنی‌دا بەشداری کردووەو ئەمانەش هەندێ لەوانەن:

- (دەستەو کەمەر وەستان)،
- (دەستەو یەخە بوونەوە)،
- (دەست بە دەمی سنەگ‌دا کردن)،
- (دەست بەسەدە)،
- (دەست کار دەکاتو چاو دەترسێت)،
- (دەستی بەکڵاوی خۆیەوە گرتووە بانەبیات).

(ء. ز. ك.)

●

○ (**زەفەر** = zafar): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (گەروو، قورگ، گلّو) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (گەلووك = galūk)و لە پارسی نویّ – ش‌دا، گەلّو = galu)وە.

جگە لەو واتایانەی سەرەوە، ئەم وشەیە، بە واتای (تەنگیبەر)، (تەنگەلان)، (دەربەن)یش دیّ.

○ (**زەنڤە** = zanva): ○

**ئەم وشە ئاڤیّستایی‌یە، بە واتای: (زنج)، (چەناگە)، (چەنە) (زەنەخ)، (زەناخ)، (زنخ) هاتووە.**

**لە ئەفغانی‌دا بووە بە (زەنە** = zana)، یان بووە بە (زەنەخ = zanax)و بە بلووجیش (زەنووك = zanūk) یان (زەنیك = zanīk)ە، یان (زەناخ = zanāx) ە.

لە ئەرمەنی‌دا بووە بە (چنەوت = cnaut) (ب. ق.).

بۆ ویّنەی (زەنەخ)، مەحوی یەژێت:

«ناوی زەنەخدانت لە ناو باغی بەهەشتا بیّتە نیّو
سەر وەردەگیّریّ باخەوان هەر جیّ بەجیّ بۆ تف لە سیّو»

(ل – ٣٦٣)

بۆ وێنەی وشەی (زنج)، سەیدای هەورامی دەڵێ:

«شیرینەن تای زوڵف، سیای گرنجت
شیرین پێچ وەردەن، نە دەوری زنجت
تۆپی شیرینی جە پا، تا وە سەر
سەرتا پات دڵ چەسپ دڵکێش و دڵبەر»

(ل - ١٥٠)

بۆ وێنەی (زەنخ)، وەلی دێوانە دەڵێ:

«نازك پێشانی پەڕ شەوبەند شەم
نازك شێوەشۆخ، شاپەسەند شەم
نازك زنج - ی زەڕ زەنەخدان شەم
نازك شاماران بانی شام شەم»

(ل - ٧٣)

○ (زەن = zan): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (زان، زای، زایین، زاگ، بوون) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (زاتەن = zātan)، لە پارسی نوێ‌ش‌دا (زادهەن)، یان (زادەن = zādhan)ە (ب. ق). هەروەها بەم جۆرە رووالەتەش (زاتەن = zātan) لە پالەوی‌داو بە (زادەن = zādan) لە پارسی ئەمڕۆدا (پارسی‌نوێ) بەرچاو دەکەوێ (تەماشای، فەرهەنگی پارسی‌و پالەوی بکە).

ئەم وشەیە، لە ئەفغانی دا، بووە بە (ئێدەل = ēdal) و بە بلووجیش بووە بە (زایەگ = zāyag)، یان (زاگ = zāg) (ب. ق).

لە هیندی کۆن دا، ئەم وشەیە بووە بە (جەن = jan)، یان (جییەت = جیەت = jeyete).

بەم پێیە، فرەیزی (زی - زەن = zi - zan)، بە واتای (دەزێ)، یان (بێچووی دەبێ) = (منداڵی دەبێ) دێت.

هەر ئەم گوتەیە، بۆ دۆخی رابوردووی بەردەوام (واتە: پارتیسپڵ =partisiple) دیمەن و رووالەتی دەگۆڕێ و دەبێت بە (بوویە = bū - ī a).

هەر لەم وشەیەوە، وشەی (جیا = ژییا = ژیا = jyā) وەرگیراوە، یان بە هۆی ریشەیەوە دروست کراوە، یاخود ریشەی هەردووکیان، هەر یەکێکە.

بە هەرحاڵ، وشەی (جیا = ژیا = jyā)، بە واتای (زەهێ)ی مەڕو ماڵات و ئاژەڵ هاتووە.

لە هیندی کۆن دا (جیە = ژیە = jyá) یەو لە ئەفغانیش دا بووە بە (زهەیی = zha - i)و لە بلووجیش دا (جیگ = جیغ = jigh)ە.

شایانی باسە، کە هەر لە هەمان ریشەوە، وشەی (جەنی = jani) پێك هاتووەو ئەم وشەیەش، بە واتای (ژەن، ژن) هاتووە.

لە هیندی کۆن دا، هەر هەمان وشەیە، واتە (جەنی = jani) یان (جەنیی = jani) بە کاردێ. لە بلووجی دا (جەن = jan)ی پێ دەوترێ.

دیاردەی ئاڵوگۆڕ، لێرەدا بە دیی دەکرێ، ئەگەر هات و بەراوردی نێوان وشەی ئاڤێستایی (زەن = zan)و (ژەن)ی کوردیی نوێدا بکرێ، ئەو ئاڵ و گۆڕەش بریتییە، لە گۆڕانی دەنگی [ز = z] بەرەو دەنگی[ژ = ž].

ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە، وێك چوون لە نێوان کوردییەکەداو سانسکریتییەکەدا زۆرترەو ئەمەش نزیکی بنەڕەت و رەسەنی پیشان دەدات.

○ **(زرادهە** = zrădha) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای زرێە = zrēh)، (زرێ)، (زریزە)، (زنجیر)، (قەڵغان) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (زرێە = zrēh) و لە پارسیێ نوێ– ش‌دا بووە بە (زرە‌ە = zrah).

لە ئەرمەنی دا ( زرەهك = zrahk)ە

بۆ وێنەی (زرێ) و (زنجیر) مەولەوی یەژێت:

«دەڵاڵەت جۆشۆ چون رۆی ئازادی
گەرمەی گەرم نەزم بەزم پڕ شادی
سەدای (لاو هەی لاو) زرەی زەر زەنجیر
سڵسڵەو بانی‌سەر، بەند زرێو لاگیر»
(ل – ٤١١)

○ **(زیانی** = zyāni) : ○

ئەم وشەیە، بەم دوو رووالەتەی دیکەش هاتووە، واتە:
(زیانا = zyānā)و (جیاتو = jyā - tu).

لە سانسکریتی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (جیەنە = jyana)و بە ئەفغانیش (زیان = ziyān)ەو لە بلووجیش‌دا بووە بە (زیانی = ziyāni) و بە ئەرمەنیش (زیەن = zean)ە (ب. ق).

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (جان = jān) و بە پارسی نوێ – ش (جان)ە.

به هەرحاڵ، ئەم وشە ئاڤیستایی‌یە، بە واتای (گیان)، (ڕەوان)، (ڕۆح)، (ژین)، (ژیان) هاتووە.

وێنە، بۆ وشەی (ژیان)، مەولەوی دەڵێ:

«مەر لابەرۆ ژار وە دارووی ویصاڵ
با وە مەرهەم سێل زام کەرۆ پاماڵ
وەر نە ئارەزووی ژیان مەحاڵەن
خەیاڵی حەیات، فیکرێ بەتاڵەن»
(دیوانی مەولەوی، ل - ٥٠٩)

بۆ وێنەی (گیان)، مەولەوی دەڵێت:

«هەر لایێ بادەی شەوقێوەم وەر دا
یەکسەر چون گیان شاباشم کەردا
خاڵۆ گیان نامان پەی نەونەمامان
گیان دان وە مۆبەت پەی مەعدووم ئامان»
(دیوانی مەولەوی ، ل - ٤١٦)

بۆ وێنەی (ژیان) لە لایەن مەحوی - یەوە

«دڵ بژێوێ هەر بە دەردو داغە تەزییدی دەوێ
قەت مەکە مەنعی، دوعاگۆ سەعیە بۆ ضەممی مەعاش»
(دیوانی مەحوی، ل - ١٥١)

●

# بەشی (ر = r)

## ○ (رامەن = rāman) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (سرەوتن)، (پشوو)، (ئارامی)، (هێمن)، (ئۆقرە)، (هێمنی)، (ئارام)، (مرکان)، (سرەوتەی)، (سرەوتن) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پارسی کۆندا، بووە بە (رامنە = rāmna)و لە پالەوی‌دا بووە بە (رام = rām)و لە پارسی نوێ‌دا (ئارام = ārām)ە.

لە هیندی کۆندا، ئەم وشەیە، بووە بە (رەمە = rama).

دیاردەی هەرە گرینگی‌ئێرە، کە لە سەرەتاوە دەنگی [ئا — = — a] بۆ وشەکە زیاد کراوەو کۆتایی وشەکەش، کە برگەی (an—)ی فرێ دراوەو ئەم ئاڵو گۆڕەش تەنها بەسەر پارسی نوێو کوردی‌ی نوێدا هاتووەو بە یەکسانی، یان وەکو یەك.

بۆ وێنەی وشەی (ئارام)، لە لەیلیو مەجنووندا، هاتووەو دەڵێ:

«صاد : صەبرش نەمەند ئارام-ش بریان
لەنگ‌و لاڵ بی‌یەن نە دارۆ زوبان
ضاد : ضەعیف بی‌یەن پەری دێنی تۆ
لاوێ جە زاریی ساکن نمەبۆ
طێ : تەریك بی‌یەن تاقەتش بریان
دەروونش جە داخ تۆتۆ مەکریان».

(لەیلێو مەجنوون، ل — ١٤٥)

بۆ وێنەی (ئوقره = ئۆقره)، هێمن دەڵێ :

«بە شەو ژانو پەژارەم دێتە پاڵێ
بە رۆژ ئوقرەم نی‌یە ساتێك لە ماڵێ
بەڵام هاودەردی ئازیزم هەتا هەم
وەکو تۆ دەردی دڵ ناکەم لە دەس خەم».

(تاریكو روون، ل - ١١٤)

بۆ وێنەی (سرەوتن) پیرەمێرد یەژێت :

«وەك مانگ بە شەدەی تاریکی دەبجوور
بورجی رەشماڵیان پڕ ئەکرد لە نوور
شەوی مانگەشەو ئاوایی خەوتن
لە دوای سرەوتن کاتی تی‌کەوتن».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٢٤)

O (رەنە = rana) : O

ئەم وشە ئاڤێستایی بە واتای (ڕان) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ڕان = rān)، یان (رەمە = rama)و بە بلووجیش هەر هەمان وشەیە، بەڵام لە ئەفغانی‌دا بووە بە (ڤروون = vrūn)و بە ئەرمەنیش (ئێرەن = eran)ە.
جگە لەوەش بە بەشی سەرووەڤاچ، واتە ؛ لە زانووەوە تاوەکو دەگاتە لای سمت.

بۆ وێنەی (ڕان)، ئەمین نەقشبەندی یەژێ :

«ئاسۆی دەمکەلی دەمەو بەهاران
کار مامزەکەی هەردو کۆساران
هەستە خێراکە، کاتی ناو ڕانە
ڕان مۆڵی داوە، لەو ناو شاخانە».

(بەرهەمی ژیان، ل – ١٠٤)

**○ (ڕەوخشنە = raoxshna) : ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ڕۆشن)، (ڕووناك)، (ڕووناهـ)، (ڕوون) هاتووە .

لە پارسی ئەمڕۆدا(پارسی نوێ)و لە پالەوی – ش‌دا بووە بە (ڕۆشن = rōshn) یان (rōshin) (ف. پ. پ. د. فروشی) .

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (ڕوکشە = rukshá) .

بۆ وێنەی (ڕۆشن) قانیع یەژێت :

«ئێمە، کە کچین، دلبەری دڵداری جیهانین
خونچەی چەمەنی باخی گوڵی کوردانین
ئەستێرە، لە ڕووی ئێمە چلۆن خەجڵەتی نابێ
ڕۆشن‌ترو پڕ نوور وەکو مانگی جوانین».

(دیوانی قانیع، ل – ١٤٧)

بۆ وێنەی (رووناك)، گۆران یەژێ :

«سوار بووین، کەوتینە بناری سەیوان
رووی دنیا رووناك، بەیانی زوو جوان
شینایی دەشتی (تەکیە)و بەرەوخوار
پاراو بوو چەشنی ئەگریجەی نازدار».

(دیوانی گۆران، ل - ١٣٧)

بۆ وێنەی «روون» هێمن دەڵێ :

«بە کەیفی خۆی لەسەر ئەو ئاوە ڕوونە
دەکا گاڵتەو قوماری (پێ بە قوونە).
سەری چۆن لێ دەشێوێ سی لە قۆپی
کە ڕاوکەر چونکە بێڕاو ماوە تۆپی».

(تاریكو روون، ل - ١٤٤)

○ (رەتو = ratu) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ئاغا) هاتووە.
لە پازەندا، وشەی (ئەهوو = ahū) بە واتای سەرۆکی رۆحانی هاتووە.

●

## ○ (رەسمە = رەزمە = rasma) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (رەزم)، (بەزم)، (جەنگ)، (شەڕ)، (هەرا) هاتووە.

لە پارسی کۆن‌دا بووە بە (ڕەزمە = ɤazma)و بە ئەرمەنی (پەتی رەزم = paterazm)ەو یان (رەزم = razm)ەو لە پارسی نوێ - ش‌دا، بووە بە (رەزم = razm).

بە هیندۆ ئەوروپایی (رەگ = reg)ەو بە سانسکریتیش (رەجی = raji)یە (ب. ق).

بۆ وێنەی (بەزم) مەحوی دەڵێ:

نالەم لە سینە، هەم لە دڵم دەردو غەم حەرام
بێ، بێ تۆ بەزمی عوشرەت‌و عەیش ئەر نەکەم حەرام
ئیعلانە: عاشقانی بە کۆیا نەکەن گوزەر
فەتوی چ مەزهەبێکە، تەوافی حەرەم حەرام».

(دیوانی، مەحوی، ل - ٢١١)

شایانی باسە، وشەی (بەزم)، بە واتای جۆری ئاوازیش هاتووەو وێنەش بۆ ئەم جۆرەیان، قانیع یەژێ:

«ئاهووی مێرغوزارە لە سەربەزمی هاتوچوو
هەردەم لەگەڵ گەوزەن‌و کەڵ‌و گۆر، روو بە روو
پۆپەی گڵووك ئەخۆن، بە مەرام‌و ئارەزوو».

(دیوانی قانیع، ل - ١٩٣)

بۆ وێنەی (ڕەزم) بێکەس دەڵێت :

«تاقمێ ڕێك خەن زۆر بە پرلاق
بە بەزمو ڕەزمو ئاهەنگو ساق
بۆ ئەوەی بکەن دەفعی مەراق
بیبەنە بەردەم عەرشی عیراق
بڵێن یار باقیو هەم سوحبەت باق».

(دیوانی بێکەس، ل - ٥٧)

○ **(ڕەوچە = raocha)** : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ڕۆشنایی)، (ڕۆژ)، (ڕۆجیار) هاتووە.
ئەم وشەیە، لە پالەوی دا بووە بە (هڤەرخشیت = hvarxshīt)، لە پارسی نوێ ش دا (خورشید = xurshīd)ە.
ئەم وشەیە، لە هیندی کۆن دا، بووە بە (ڕۆچیش = rōcish)و بە بلووجیش (ڕۆچ = rōc)ەو لە ئەفغانیش دا بووە بە (ڤرەج = vraj).
بە هۆی ئەم وشەیەوە، واتە، وشەی (ڕەوچە)ەوە، هەندێ وشەی دیکەی ناساکار دروست بوونو، بۆ وێنە وەك :
(ڕەوچەنە = raocana)، کە بە واتای (ڕۆژن)، (ڕۆچن)، (کلاوڕۆژن)، (کلاوڕۆچن)، (دەلاقە) هاتووە.

بۆ وێنەی (ڕۆژ) بێکەس دەڵێ :

«خەیالاتی شەوو ڕۆژم ژیانی میللەتی کوردە
تەمەننام لای خودا دائیم ژیانی میللەتی کوردە

به دائیم دڵ پەشێواوی پەشێوی میللەتی کورد
وەکو بولبل سە حەرخوانیم ژبانی میللەتی کوردە».

«دیوانی بێکەس، ل – ٦٤)

بۆ وێنەی (رۆ) وەلی دێوانە یەژێ:

«قیبلەم خاوم بۆ، قیبلەم خاوم بۆ
ئەگەر وەبێ تۆ یەك دەم خاوم بۆ
رۆ جەفاو مەینەت شەواراوم بۆ
وەچنگ گیان کێش گلاراوم بۆ»

(وەلی دێوانە، ل – ٦٣)

**○ (رەودهە = raodha): ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (روو)، (وێنە)، (دیمەن)، (دیم)، (ڕوومەت) (چارە) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (رووت = rūt)، لە پارسی نوێ – ش‌دا (رو = ru).

**○ (رەودهیتە = raodhita): ○**

**ئەم وشەیە، بۆ ناوی رەنگە، ئەویش سووری مەیلەو سپی‌یە.**

**لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (رۆدیك = rodik)** یان بووە بە (رۆتیك = rotik).

○ (رەیتیە = رەیثیە = raithya): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ڕێ)، (ڕا)، (ڕێباز)، (ڕاه)، (ڕێگا) هاتووە.

لە پارسی نوێدا (راه = rāh) و لە پالەوی خ‌دا، هەر هەمان وشەیە لە بلووحی دا بووە بە (را = rā) و لە ئەفغانیش دا (راه = rāh)ە و لە ئەرمەنیش (رەه = rah)ە و.

بۆ وێنەی (ڕێ) بێکەس دەڵێ:

«کوردە تۆ بگری بۆ قارەمانت
بۆ لاوی چاکو مەردی مەیدانت
بۆ باغەوانی باغی ژیانت
بۆ ڕەمزی بەرزی شەرەفو شانت
بۆ ئەوەی لە ڕێی عیزەتی نەفسا
بێ باکانە خۆی، کردە قوربانت»

(دیوانی بێکەس، ل – ٦٢)

بۆ وێنەی وشەی (ڕێگە) بێکەس دەڵێ:

«قەومی ئیسپاتی کرد. بۆ عالەمی سەر ڕووی زەمین
میللەتێکی قارەمانن، هەر ئەبێ سەربەست بژین
میللەتێ لاوی لە ڕێگەی سەربەخۆیی نیشتمان
بێتە بەر سێدارە، بێ ترس دەم بە خەندەو پێکەنین»
(دیوانی بێکەس، ل – ٧٩)

بۆ وێنەی (ڕا) سەیدا هەورامی دەڵێ:

«مەجاز ئەر ساریش، پەی ڕای حەقیقەن
هەر مەگنۆ نە ڕا بەندی تەوفیقەن
تەوفیق جە لای حەق هەر مەیۆ پەرێش
کەس مەجاز تا سەر نمەمانۆ پێش»
(دیوانی سەیدی، ل – ١٠٣)

○ (رتەونی = rtaunī): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ڕاستی) هاتووە.
لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (ڕاست = rāst)، یان (دروست = drust)، یان (درودست = drudist). لە پارسی نوێدا بووە بە (ڕاست = rāst)، یان (دروست = drust) (ف. ف. پ. د. فرەوەشی).

○ (رڤان = rvān): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ڕۆح)، (ڕەوان)، (گیان) (جان) هاتووە لە پالەویدا بووە بە (جان = jan)و لە پارسی ئەمڕۆش دا، هەر (جان)ە.

بۆ وێنەی (جان) مەولەوی دەڵێ:

«سەد دووری چون دڵ مەعدوومی دڵتەنگ
مارۆ ئەو فریاد دڵەی سەخت و سەنگ

سزان ئەر گێرۆ تەم دڵەی کاوان
هەور نەو وە جان ڕێزم هووناوان»
(دیوانی مەولەوی، ل - ۳۳۱)

وێنە، بۆ وشەی (گیان) سەیدای هەورامی یەژێ:

«پەرسە شیرینێ مەیل ئێمەش لاوەن
یا جە شەرتی وێش چون زوڵفی خاوەن
پەی سەیدی مەرگەن بە بێ یار ژیان
جازە بای شەماڵ! بسپارۆ گیان»
(دیوانی سەیدی، ل - ۱٤۱)

●

# بەشی (س = S)

## ○ (سادره = sādra) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، ناوە بۆ نەخۆشییێ یان دەردێ، کە بە هۆی سەرماوە تووش دەبێ. بە شێوەیەکی رۆشنتر، ئەم (دەردە)، دەردی (پەسیو)، (ئاڵامەت)، (زکام) دەگرێتەوە.

## ○ (سەتە = sata) : ○

ئەو وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (سەد = سەت) یان (بەند) هاتووە. لە پالەوی دا بووە بە (سەت = sat)و لە ئەفغانیش دا (سەل، سیل = sal، sil)ە و لە هیندی کۆنیش دا بووە بە (چەتە = cata).

لە پارسی ئەمرۆ (نوێ)دا (سەد = سد = sadd)ە. ئەوجا، ئا لێرەدا بیرمان بۆ ئەوە دەچێ، کە (سد)ی عارەبی و ئەم وشە ئاڤێستایی یە، لە یەك بنەڕەتەوە بن، یان عارەبی یەکە لە بنەڕەتەوە تەعریب بووبێ!

○ **(سەتەم** = satam). ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (سەد = سەت)، (سەد) هاتووە. لە رووی رووالەتەوەو ئاوازەوە وا دەردەکەوێ، کە قەدیان هەر یەك بێ. ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا بووە بە (سەت = صەت = sat)و لە پارسی نوێ - ش‌دا، بووە بە (سەد = صەد = sad).

بۆ وێنەی (سەد = صەد) مەلای جزیری دەڵێ:

«زوهرە رەنگی ماهو خورشیدێ ژبالا وی نوما
لەو دوو کەوکەب چۆنە ڤێرا ئستوابی راستو چەپ
بێتە ئەیوانی ژخەلوی حۆری‌یا قودسی سرشت
سەد هەزاران حوری قودسی تێن لقابێ راستو چەپ»
(دیوانی جزیری، ل - ١٣٢)

بۆ وێنەی سەد، مەولەوی دەڵێ:

«ئێمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەم وە گەرمەن
سەدای زێڵو بەم مەینەت سەد تەرزەن
خەفەت شادیشەن، خەم دەماخ بەزرەن»
(دیوانی مەولەوی، ل - ٢١)

●

○ **(سەخڤەر** = saxvar): ○

**ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ڕاگەیەنەر)، (هەواڵبەر)، (هەواڵ)، (خەبەر)، (واتەی)، (وتار)، ( وتن)، (گوتن) هاتووە.**
**لە پالەوی‌دا بووە بە (سوخڤەن** = suxvan).

لە پارسی نوێ – ش‌دا بووە بە (سوخەن = suxan).

○ **(سەرە** = sara): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (سەر = سەرْە) هاتووە.
شایانی باسە، کە ئەم وشەیە، جگە لەو ڕوواڵەتەی سەرەوەی بە دیمەن‌و ڕوواڵەتی دیکە خۆی پیشان داوەو ئەوانیش:

– (سارە = sāra)، (ب.ق)،
– (سارەھ = sārah)، (ب. ق).

وشەی (سەر)ە ، لە هەندێ زاراوو ئیدیۆمی کوردواتەنی‌دا بەشداری کردووە. بۆ وێنە:

**(سەرئەنجامی گا هەر دۆڵە)،**
**– (سەری گوریسێکی بە دەستە)،**
**– (سەری بە تاشین دا)،**
**– (سەری بووە بە ئاش‌و قنگی بووە بە ماش)،**
**– (سەری بڕێت‌و ریشی بە شانە دەکات).**

بۆ وێنەی (سەر) بێکەس دەڵێت:

«گەرچی هەندێ کەس خەریکن ورگ‌و گیرفان پڕ ئەکەن
شەو بەبێ خەم سەر ئەنێنە سەرین، هەر سەر سەرین
پیاو ئەبێ دائیم خەمی قەوم‌و وڵاتی خۆی هەبێ
ئەو کەسانەی بێ خەمن حاشا نەوەی ئەم خاکە نین»
(دیوانی بێکەس، ل - ۲۷)

○ (**سەرەد** = sarad): ○

ئەم ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ساڵ)، (سال) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، بووە بە (ساڵ)، بە پارسی نوێ ش هەر هەمان وشەیە.
لە ئەفغانی‌و بلووجی‌دا، (سال = sāl)ە.

بۆ وێنەی (ساڵ)، بێکەس دەڵێ :

«بیستوحەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم
خزمەتم کردی لە ئێرانو ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم».

(دیوانی بێکەس، ل – ٧٥)

بۆ وێنەی (سال)، مەلای جزیری یەژێتن :

«چ حەددێ سەد هەزارجان بن دفترا کا حەبیبێ من
کو سەد جمشیدو کەیخسرەوو غولامن سەر دڤێ رێدا
ددەهـ سالان مولازم مامو یارێ روو نەدا جارەك
وەگەر نەیار ئەگەر روودت هەیە جارەك دسالێدا».

(دیوانی جزیری، ل – ١٠٣)

○ (سەرەتە = srata ) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (سەرما)، (سارد)، (سەرد)، (سار) هاتووە . لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (سەرت = sart)و لە پارسی نوێ‌ـشدا بووە بە (سەرد = sard) .

لە هیندی کۆندا (چیچرە = cicra)یەو بە ئەرمەنیش (سەرن = sarn)ەو بە بلووجیش (سەرد = sard)ە، یان (سەرت = sart)ە .

بۆ وێنەی (سەرد)، لە لەیلیٚو مەجنووندا هاتووەو دەڵێ :

«فەسلی زمسان یەخبەندانی سەرد
هەوای خەزانزەرد روو جە تۆفان کەرد
گەڵاٚی چناران رێزا سەرتاپا
جە سایەی درەخت مۆرغان ستێزا».

(لەیلیٚو مەجنوون، ل - ٢٢٥)

بۆ وێنەی (سەرما)، پیرەمێرد دەڵێ :

پیرێژن ئەڵێ : بەفر ئارد بووە
قەدریان نەگرتوەو لە کیسیان چووە
چی دەبوو بەفر شەکر بوایە
سەرمایە ئەبوو، بۆ ئەم سەرمایە!».
(دیوای پیرەمێرد، ل - ١٣٨)

○ (سپەخە = spaxa) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە رووالەتێکی دیکەشەوە دیتراوەو ئەویش (سپان = spān)ە.

ئەم وشەیە (سپەخە = spaxa)، بە واتای (سەگ)، (تووتە)، (سە)، (سەو)، (سەذ)، (سەناتۆ)، (سپڵۆت)، (سپڵۆك) هاتوە.

لە پالەویدا بووە بە (سەك = sak)و لە پارسی نویٚدا بووە بە (سەگ = sag). لە پارسی کۆنیشدا (سەکە = saka)یە.

«بۆ وێنەی (سەگ) سەیدی هەورامی یەژێ:

شیی نەپای دیوار مەجنوونی دڵرێش
تا سای ئەو کەرۆ زامانش سارێش
دیش سەگێ زەعیف، ریشی کۆهەن ساڵ
ها نەپای دیوار کەفتەن وە بێ حاڵ».

(دیوانی سەیدی، ل - ٨٩)

○ (سپەیتە = spaita) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووە، ئەویش (سپەیتە = spaeta)یە. (ب. ق).

ئەم وشەیە، بە واتای (سپی) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (سپێت = spēt)و بە ئەرمەنی بووە بە (سپیتەك = spitak). بە ئەفغانی (سپین = spin) یان (ئیسپیت = ispit)ە. بە هیندی کۆنیش (چڤێت = cvet)ە.

○ (ستەر = star) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (ستارە)، (ئەستێرە)، (ستێر)، (هەسارە)، (هەسێرە)، (هەستێرە).

لە پارسی نوێ‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (ستارە = stāra)و لە پالەوی‌دا بووە بە (ستارەك = stārak)و بە ئەرمەنی (ئەستەر = astar)ەو بە ئەفغانی (ستۆرەی = stōrai)و بە هیندی کۆنیش (ستەر = star)ە.

بۆ وێنەی (ئەستێرە)، پیرەمێرد دەڵێت :

«ئەستێرە بەرزەکان ئەدرەوشێنەوە بە شەو
وەك من بە داخەوەن نەسرەوتیان هەیە نەخەو».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٠٦)

بۆ وێنەی (ستارە)، گۆران دەڵێ :

«لە سەمای بەرزی ناوبانگی حوسنا، تاقە ستارە
نەبووی لە وزەی دەستکورتی منا، ئاشکراو دیارە
هەر لەبەر ئەوە، رووم لێ وەرگێڕای، یەکەم تەصادف
دڵەی حەساسی‌نا، بەردم پیشان دای، بەڵام تەئەسسوف :».
(دیوانی گۆران، ل - ٢٤)

○ (ستانە = stāna) : ○

وشەی (ستانە = stāna)ی ئاڤێستایی، بە واتای (جێگا)، (ئەستان)، (ئاستان)، (بەر قاپی)، (ستان)، (بەر دەرگا) هاتووە.

ئەم وشەیە لە پالەوی‌دا، بووە بە (ستان = stān)و بە پارسی نوێ - ش بووە بە (ئاستان = āstān) یان (ئاستانە = āstāna)و لە ئەرمەنیش‌دا بووە بە (ستەن = stan)و لە هیندی کۆنیش‌دا (ستهەنە، ستەنە = sthaʹna)یە.

بۆ وێنەی (ئەستانە)، لە لەیلیۆ مەجنووندا هاتووەو دەڵێ:

«چون خزمەتکاران نە ئەستانەت بۆ
کەمتەرین بەندە نە دەورانت بۆ
مەکە سەرگەردان قەومو خوێشانم
هەرچی موازی مننەت وە گیانم».

(لەیلیۆ مەجنوون، ل - ١٨٠)

بۆ وێنەی (ئاستان)، سەیدای هەورامی دەڵێت:

«جە پەنجا ئاستان راگیر مەنیشان
ئەوان چێمە، مەپەرسانێ هەوالاْ
جە هەر یاگیْوە جوابشا وەش نەدەیمی
(تەوەقوف)مان هەزارێ پەڕ بە سالاْ».

(دیوانی سەیدی، ل - ١٥٤)

بۆ وێنەی (ئاستانە)، پیرەمێرد دەڵێ:

«رێگام لێ بووبوو بە هەردەی دوجەیل
تا خۆم گەیانە ئاستانەکەی لەیل
دڵ لە ئەندێشەی ترسو هەوا کەیل
گەیمە خوابگای جانانەی پڕ مەیل».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٩١)

## ○ (stav = ستەڤ) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە دوو جۆرە رووالەتی دیکەش بەرچاو کەوتووەو ئەوانیش ئەمانەن :

- (staomi = ستەومی)،
- (stavāt = ستەڤات) .

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، لە پالەوی دا بووە بە (stūtan = ستوتەن)و لە پارسی نوێدا، بووە بە (staudin = ستەودن)و لە ئەفغانیش دا (ستایەل = stāyal)، لە هیندی کۆنیش دا (stav = ستەڤ)ە یان (stāuti = ستاوتی)یە .

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ستایش)، (ستایش کردن)، (پیاهەڵدان)، (تاریف دان).. هاتووە .

## ○ (stri = ستری) : ○

وشەی (stri = ستری)، بە واتای (ژن)، (ئافرەت)، (پنکۆ)، (پتۆ) هاتووە. جگە لەوەش، بە واتای (سترو)، یان (هێستر)، یان (زگ وزانەکەر = نەزۆك) هاتووە .

## ○ (stūn = ستوون) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (ئەستوون)، (ستوون)، (کۆڵەکە)، (پایە)، (پاژەر)، (دیرەك)، (تیرەك). هاتووە .

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (stūnak = ستوونەك)و لە پارسی نوێ ـ ش دا، هەر (stūn = ستوون)ە .

بۆ وێنەی (ئەستوون)، مەحوی دەڵێت :

«ئەو سەروی نازە تەوسەنی هێنایە تازو تەك
هەستا قیامەتو فەلەك ئەستوونیە گەرەك
ئەی دڵ بناڵە، ساز بدە چەنگی بەزمی عیشق
مەی خوێنی جەرگە ناڵەی مەحزونیە گەرەك».

(دیوانی مەحوی، ل - ١٩٢)

بۆ وێنەی (ستوون)، لە لەیلێو مەجنوونْدا هاتووەو دەڵێ :

«تووشم بی وە تووش جە ڕا ویارم
دیدەی سورمەرێز ئاهووی تەتارم
زەڕستوون قامەت، گەردەن مینایێ
لایق بە حەرەم گرد پادشایێ».

(لەیلێو مەجنوون، ل - ١٤٩)

C (سرادهە = srādha) : O

ئەم وشەیە، بە واتای (چاڵی ئاو سارد کردنەوە)، (ساردا‌و)،(سارداب). دەدات.

لە پارسی کۆندا ئەم وشەیە بووە بە (سرادە = srāda).

## ○ (سرەوشە = sraosha): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (خورپەی دڵ – هی خوایی)، ئاگادار بوون – هی کاری غەیبی)، (فریشتە) دێ.

حاڵی حازر، لە کوردیی ی نوێدا، وشەی (سرووش) بەکار دەهێنرێت.

شایانی باسە، کە وشەی (سروە)ش هەیە، بەڵام واتای ئەمیان لەویان جیاوازە، چونکە ئەویان بە واتای (خورپەی دڵ – هی خوایی) هاتووەو ئەمیشیان بە واتای دەنگ دێ، دەنگی زۆرنزم، دەنگی چپە، کە بەرگوی دەکەوێ (سا هی هەر کەسێ بێ).

بۆ وێنەی (سروە)، مەحوی دەڵێ:

«با زۆری بێ بە کەم مەگرە ئاهی بێکەسان
بەم سروە بایە عەرشی خودا دێتە ئیهتیزاز
مەحوی نیشاری (رەوضە)، کە ئەمجارە نەقدی جان
مەرگ ئەر نەبوو بە حاجیزو هەم چوویە حیجاز»
(دیوانی مەحوی، ل – ١٣٦)

بۆ وێنەی وشەی (سروە)، قانیع یەژێ:

«ئیشتیهای سروەی، نەسیمی سوبحی سەرکۆسار ئەکەم
سەیری خاڵی ئاڵ و واڵی، ئاهووی تاتار ئەکەم
ژنەی وەتەن، وەختم بە یادی تۆیەوە ئیمرار ئەکەم
بیر لە ئەیامی زەمانەی زەندیی و قاجار ئەکەم»
(دیوانی قانیع، ل – ١٨٤)

بۆ وێنەی (فریشتە)، پیرەمێرد دەڵێ:

«قەباڵەی عیساو ئەحمەدی موختار
پارێزگارم بن لە دوو توێی مەزار
ئەوسا فریشتە دێتە سەرینم
شەرمی تای زوڵفی لوولی وەك زەننار
فریشتەکانم لێ ئەکا بە یاد»

(دیوانی پیرەمێرد، ل – ١٦٧)

شایانی باسە، وشەی (سرەوشە = sraosha) لە پالەوی‌دا بووە بە (**سرۆش** = **srōsh**)۔ (ف. پ. د. فرەوشی).

○ (**سرەونی** = sraoni): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (سمت)، (کەفەڵ)، (ڕان)، (بالیف)، (سەرین)، (سەرینگا) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (سەرین = sarīn) و لە پارسی نوێدا بووە بە (سەرین = sarīn) و ئەم (سەرین)ش – لێرەدا – هەر تەنیا بۆ واتای (کەفەڵ)، ڕان) و (کەمەرگا) هاتووە. وشەی (باڵش)یش، یان (باڵشت) بۆ واتای (سەرین)، (ژێرە سەر)، (سەرینچا)، (بالیف) هاتووە.

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (چرونی = cróni) و بە بلووجیش (سەرین = sarīn) یان (سەرێن = sarēn)ە

## ○ سرڤەرەم = srvaram) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (کوژراو) هاتووە.

ئێمە، ئەگەر لەم وشە ئاڤێستایی‌یە ورد ببینەوە، بیرمان بۆ ئەوە دەچێ، کە وشەی ناساکاری (سرڤەرەم = srvaram) پێك هاتووە لە وشەی:

– (سر، سەر = sr, sar)،

لەگەڵ (ڤەرەم = varam)دا یەکەمیان بە واتای (سەر)هاتووەو ئەوی دیکەشیان، بە واتای (خوراو)، یان (خۆر = وەر) هاتووە.

واتە: زاراوی (سەرە خۆرە)، کە لە کوردەواری‌دا بەکار دێ، هەتیوێکی بێ دایك‌وباوك، دێتەوە یاد.

بە هەرحاڵ، واتای (سرڤەرەم = srvaram) و (سەرە خۆرە)ی کوردیی لە یەکەوە زۆر نزیکن، ئەگەر یەك نەبن!

## ○ (سکەند = scand) : ○

وشەی (سکەند = سچەند = scand)، بە واتای (شکان) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پاڵەوی‌دا، بووە بە (شکەستەن = shkastan) یان بووە بە (شیکەستین = shikestin)و لە پارسی نوێ –ش‌دا بووە بە (شکست = shikist).

شایانی باسە، لە زمانی کوردی‌ی نوێ‌دا، جگە لە وشەی (شکان)، وشەی (شکستە)و (شکست) یش هەن‌و بەکار دەهێنرێن.

●

○ : (supti =سوپتی) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پشت) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، .ئەم وشەیە، بووە بە (سوفت = suft) و لە پارسی نویٚ – ش‌دا، هەر هەمان وشە بەکار دیٚت. بەلاٚم لە پارسی کوٚن‌دا، (چوپتی = cupti)یە.

جگە لەوەش، ئەم وشەیە، بە واتای (سوٚراخ) کردنیش هاتووە ئەگەر سەرنجیٚکی سەرپیٚی بدەینە ئەمە، بوٚمان دەردەکەویٚ، کە پاش‌و پیٚشیٚ بە برگەکانەوە دیارە. واتە، لەوانەیە، کە وشەی (پشت)ی ئیٚستا (پست) بوویٚو ئەمیش (سوپت = سپت)ە یان بە شیٚوەیەکی ئاشکراتر بەم جوٚرە:

– (supti ← supt ← pust ← pusht).

(وشەی (سفتن) بە مانای کون کردن، سوٚراخ کردن هاتووە. جگە لەوەش، لە کوردی‌ی ئیٚستادا، وشەی (سفت) هەیە، کە بە واتای (سخ)، (عەکس)، (شاش)، وەیا بابلیٚین (توند) هاتووە.(د. ئەمین).

بوٚ ویٚنەی وشەی (پشت) گوٚران دەلیٚ:

«یا کەو لەسەر بەفری نزار
بوٚ لووتکەی هەزار بەهەزار
چەن ئیٚسك سووك چەن گورج‌و گوٚلٚ
ئەکشیٚ پشت لە توٚی تەختی دوٚلٚ»
(دیوانی گوٚران، ل – ١١»

●

○ (سوشی = sushi): ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (سێ)، (شۆشی)، (شش) هاتووە. لە پالەوی‌دا ئەم وشەیە، بووە بە (سوش = sush)و لە سانسکریتیش‌دا بووە بە (چڤەس = cvas). (ب. ق).

○ (سوخرە = suxra): ○

**ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە بە واتای (سوور، سۆر) هاتووە. جگە لەوەش (قرمز)، ، (ئاڵ)یش پێ دەوترێ.**

**لە پالەوی‌دا بەشێوەی (سوهر = suhr)** هاتووەو لە پارسیِ نوێ‌دا بووە بە (سورخ = surx)و بە بلووحیش (سوهر = suhr) یان (sohr)ەو بە هیندی کۆنیش (چوکرە = cukra)یە **بە** ئەفغانیش (سوور = sur)ەو بە

بۆ وێنەی (سوور) گۆران ئەڵێت:

هەنگە زەردە ئەبڕێ ڕێی دوور
بۆ بینینی گوڵاڵەی
چۆن بە پێی خۆی دێ گوڵی گەش
بۆ لای شوانی کەپەنەك ڕەش»
(دیوانی گۆران، ل – ٥٠)

بۆ وێنەی (ئاڵ) گۆران دەڵێت:

«بە ژن و باڵای کەڵەگەت و شۆخ و شەنگ
لەش و لاری کەمێك گۆشتن کەمەر تەنگ
پێستی سپی بە خوێنی گەش مەیلەو ئاڵ
کوڵمی قەڵەوە چەناگەی ناوەڕاست چاڵ»

(دیوانی گۆران، ل — ٤٧)

بۆ وێنەی (سۆر) سەبری بۆتانی دبێژیت:

«مینا بەهشتێ بێ گومان
بانگ و ئاوازێن بلبلان
هش ناهێلن بۆ سۆرگولان
ئەڤ نێرومێ ژهەمی ڕەنگان»

(شین و شادی، ل — ٩١)

### ○ (سووکە = sūka): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (سووزن)، (سووژن)، (دەرزی)، (چەنی) (گۆچەوەنی)، (سووکە) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (سووچەن = sūcan)و لە بلووجیش‌دا بووە بە (سووچن = sūcin)، یان بووە بە (سیشن = sīshin)، (ب. ق).

●

○ (شیاته = shyāta): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (شاد) هاتووە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەم وشەیە، بەم رووالەتەشەوە خۆی پیشان داوە، واتە: (شاتە = shāta).
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (شات = shāt)و لە پارسی کۆن‌دا، بووە بە (شیاتی = shiyāti)و لە پارسی نوێ ش‌دا بووە بە (شاد = shād)

بۆ وێنەی (شاد) مەولەوی دەڵێ:

«ورشەی ستارە نەو زوڵف بووم زەر
چون قەوس‌و قەزەح گرتەن دەور وەر
جەو بەزم شیرین منیش کەر وە یاد
بەزمتان جەم بۆ دایم وە دڵ‌شاد»

(دیوانی مەولەوی، ل - ۳۹۳)

بۆ وێنەی (شادمان) گۆران دەڵێ:

«سەردەمێك بوو بێ نەغمە بوو باغچەی ژیانم
بێ‌ورتە بوو ناو هێلانەی بولبولەکانم
لەرەی دەنگی شادمانی و نەشئەم خنکا بوو
شەپۆلی بای بەهرەو جۆشم مەنگ راوەستا بوو»
(دیوانی گۆران، ل - ٤٢)

●

## بەشی (ڤ = v)

○ (ڤەچ = vac): ○

ئەم وشەیە، لە ئاڤێستادا، بۆ زۆرجار پات بووەتەوەو بە رووالەتێکی دیکەش دەرکەوتووە، کە ئەویش (ڤاچ = vāc)ە.
ئەم وشەیە، لە پالەویدا بووە بە (ڤاچەك = vājak) و بە لاتین بووە بە (ڤوخ = vox) و بە فەرەنساویش (ڤواخ = voix)ەو بە ئینگلیزیش (ڤۆیس = voice)ە.
وشەی (ڤەچ = vac) یان (ڤاچ = voc)، بە واتای (گوتن)، (وتن)، (ئاخافتن) هاتووە.
ئەوەندە وشەکەش بە ناو بانگە، ئەو گەلە دیرینانەی، کە لە دێرین زەمانەوە هاتوونەتە کوردستانو لەوێ نیشتەجێ بوونو بە زمانی ماچۆ گفتوگۆ دەکەن، یان کردوویانە، پێیان وتوون (ئێریەن ڤەچ)ەکانو بە زمانەکەشیان زمانی ماچۆ، یان زمانی ئێریەن ڤەچ وتراوەو بە نیشتمانەکەشیان نیشتمانی (ئێریەن ڤەچ) وتراوە.

ئەم وشەیە، بەم جۆرەی خوارەوە هەڵدەسوورێت:

چاوگ: (ڤەچ = vac) یان (ڤاچ = vāc)ە، کە حاڵی حازر بووە بە (وەچ = wac)، یان (واچ = wāc) یان (واچە = wāca).
- مرواچوو: واتە، بەژم، دەڵێم، ئەڵێم

- مۆواچۆ: واتە، یەژێت، دەڵێت، ئەڵیت
- مۆواچی: واتە، یەژێت، دەڵێیت، ئەڵێیت
- مۆواچمێ: واتە، یەژین، دەڵێین، ئەڵێین
- مۆواچدێ: واتە، یەژن، دەڵێن، ئەڵێن
- مۆواچا: واتە، یەژن، دەڵێن. ئەڵێن

بۆ رابوردوو بەم جۆرەی لێ دێ.

- من واتم: لەبنەڕەتدا، (واچم) بووە.
- ئێمە واتما: لە بنەڕەتدا، (واچم) بوو.
- ئێمە واتما: لە بنەڕەتدا، (واچم) بووە.
- ئێمە واتما: لە بنەڕەتدا، (واچما)»
- تۆ واتت: لە بنەڕەتدا، (واچت)»
- شمە واتتا: لە بنەڕەتدا (واچتا) بووە
- ئاد واتش: لە بنەڕەتدا، (واچش) بووە
- ئادە واتش: لە بنەڕەتدا، (واچش) بووە

ئادە واتش: لە بنەڕەتدا، (واچش) بووە
ئادی واتشا: لە بنەڕەتدا، (واچشا) بووە

ئەوەی کە بە دیی دەکرێ، قەدە کە هەر (واچ)ەیە. شایانی باسە، هەندێ زاراو لە چاوگی (قەچ)یان (ڤاچ)، یان بە هۆیەوە دروستکراون.

بۆ وێنە:

- (گۆرانی – واچ = gōrani wāc).
- (بالۆرە – واچ = bālōra - wāc)،
- بەزم – واچ = bazim - wāc)،
- (تەڵقین – واچ = talkin - wāc)، یان (تەڵقین وان= talkin - wan)
- (راست – واچ = rāst wāc).

بۆ وێنەی (ماچۆ) مەولەوی یەژێت:

«ئەو خەندەی بێ وەخت مەیۆش وە دەمدا
مەگێلۆ ماچۆ نەو گێجو تەمدا
ئەر هەر ئەو بەختەن، هەر ئەو تاڵەمەن
دیدەم دیدەنێت، ئەڵڵاه ئاڵەمەن»
(دیوانی مەولەوی، ل - ١٤٨)

بۆ وێنەی (ماچوو) مەولەوی یەژێت:

«ئەر هەر سات دەردێ، دەردێوتەر چەنی
بەیۆ ماچوو ئاخ پەی دەردێو هەنی
یەکێوەن جە لام شادیو رەنجووری
کەیێو بێکەیێ نزیکیو دووری»
(دیوانی مەولەوی، ل - ١٧٤)

بۆ وێنەی (واچە) مەولەوی یەژێ:

«مەپەرسۆ بەو مەیل بێ سامانەوە
های چ خەبەرەن جە دامانەوە
واچە پڕ جە تۆ جە وێ فەرامۆش
من دیم، تۆ حاڵشِ نەژنەوی وە گۆش»
(دیوانی مەولەوی، ل - ١٧٤)

بۆ وێنەی وشەی (واچ) مەولەوی دەڵێ:

«چفەی گەردەن کەچ، مەرگ من چێش واچ
خاین وە خەفەت، نەزان جگەر پاچ»
(ل – ٤١٣، هەمان سەرچاوە)

بۆ وێنەی (واچی)، مەولەوی ئەڵێ:

تا واچی خەرمان خەم وە کۆنانێ
وە کەیف–ی دەماخ دووریی تۆ – نانێ
(دیوانی مەولەوی، ل – ٤٠٩)

هەر وەها، بە هۆی وشەی (ڤاچ = vāc)ەوە زاراوی (ڤاچەکیە = vōcakih) دروست بووە (لەوانەیە، لەم جۆرەو هی دیکەش هەبن. بەڵام ئێمە هەر ئەمانەمان دەست کەوتووە)، کە بە واتای (ڕۆشن کردنەوە)، (لێك دانەوە)، (لێ کۆڵینەوە)، هاتووە.

هەڵسووڕاندنی ئاڤێستایی وشەی (ڤەچ = vac) بەم جۆرەیە:

- (ڤەڤەچە = vavaca)، واتە: وتی = گوتی.
- (ڤە ڤەچ = vavac)، واتە: وترا = گوترا.

●

## ○ (ڤەخشۆ- بەرە = vaxshō - bara) : ○

ئەم وشەیە، ناساکارە، پێك هاتووە، بە لای کەمی یەوە، لە دوو پارچەو ئەوانیش :

- (ڤەخش = vaxsh)، کە واتای (نامەی خودایی)، (پەخشی خودایی)، (پەیخامی خودایی) دەدات .
- (بەرە = bara)ەش، کە بە واتای (بەر) هاتووەو لە چاوگی (بردن)ەوە وەرگیراوە .

حاڵی حازر (پەخش) هەیەو (بەخش)یش هەیە. ئەوەی یەکەمیان بە واتای (نثر)ی عارەبی، یان (پرۆز = prose)ی ئینگلیزی هاتووە. ئەوەی دووەمیشیان بە واتای (پی ّدان) دێت - واتە : یەکێك شتێك بە دۆستێکی دەبەخشێت .

دیارە، دەبێ (ڤەخش) بەرەو (بەخش) بڕوا، نەك بەرەو (پەخش)، چونکە :

(١) بەخش، واتای (عطا)ی عارەبی دەدات و ئەم وشەیەش، یاخود کاری وەهاش لە دەس (خێرۆمەند)، (لی ّهاتوو)، (دەستڕۆیشتوو)، (گەورە) دێ .

(٢) زوربەی وەخت دەنگی [ڤ]و دەنگی [و]: [ب] جێگا گۆڕکێ دەکەن :

بەم پێیە، دەبێ، یان دەگونجێ، کە وشەی پێنحامبەر (پێغامبەر) = (پێخەمبەر = پێغەمەر) لە سەرەتادا (ڤەخشۆ - بەرە) = vaxshō — bara) بووبێ، ئەوجا بوونێ بە (ڤەخشبەر)و ئەوجاش (بەخشبەر)و لەپاشا (پێخەمبەر) .

جگە لەوەش دەشێ، هەر لە بنەڕەت‌دا، (پەیام)، هەبووبێ‌و بەو جۆرە (پەیام + بەر = پەیامبەر)ی دروست کردبێ.

○ : (vadh — upa = ڤەد - ئوپە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای جووت‌کردنی نێرومێ‌یە، کە بە رێڕەوی ئیسلامی (مارەبڕین) دەگرێتەوە.

یان، بۆمان هەیە، بڵێین، (مێ) دوای (نێر) دەکەوێ! بەڵام بە شێوەی، لە نەرێت‌و رێڕەوی کۆمەڵایەتی لادان.

شایانی باسە، وشەی (رەدوو) لە ناو کوردەواری‌دا، هەیەو لە سانسکریتیش‌دا وشەی (ڤەدوو – vadhū) هەمان واتا دەگرێتەوە.

دیاردەی هەرەگرینك لێرەدا، ئەوەیە، کە دەنگی [V]ی سەرەتایی بەرەو دەنگی [ر = r]ی قەڵەو گۆڕاوەو بڕگەی کۆتاییش قرتاوە، یان سواوەو ئەمەش سروشتێکی گشتیی زمانانە.

○ : (varka = ڤەرکە) ○

ئەم وشەیە، لە (ب. ق)دا، بەم جۆرەش هاتووە، (ڤەرکە = vehrka).

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، بە واتای (گورك)، (وەرگ)، (ڤەرگ)، هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (گورك = gurg) (ف. پ. پ. د. فرەوەشی).

لە پارسی کۆندا لە جیاتی ئەم وشەیە، (ڤەرکانە = varkāna) بەکار دەهێنرێت. لە ئافغانیدا بووە بە ءٕ(لووگ = lūg)و لە بلووجیشدا بووە بە (گورك = gurk)

لە هیندی کۆندا بووە بە (ڤرکە = vrka) .

بۆ وێنەی (ڤەرگ) لە کوردواتەنیدا، هاتووەو دەڵێ :

– (چنی ڤەرگی مووەرۆنەو چنی مەیێ شێوەن مکەرۆ!). یان :
– (چەنی وەرگی وەرۆو چەنی مەیێ شیوەن کەرۆ!) .

ئەمانەش هەندێ زاراون، کە وشەی گورگ تیایاندا بەشدارە :
– (گورگانە شەوێی بۆ دەکاٹ). واتە : دەیخلافێنێ !
– (گورگە خەو دەکات)، واتە : بەچاو نووستووەو بە دڵ وریا .
– (گورگەو لە پێستی مەڕدا)، واتە : بە رووالەت پاكو بێ وەیەو لە ناخەوە ناپاكو وەیدارە .
– (گورگو مەڕ پێکەوە ئاو دەخۆنەوە)، واتە : دنیا زۆر ئەمینو ئەمانە .

دیاردەی ئێرەش : مانەوەی دەنگی [ڤ = v]یە، یان گۆڕانیەتی بەرەو دەنگی [و = w]، هەر وەها گۆڕانی دەنگی [ك = k]ە.

**○ (ڤەرازە = vārāza) : ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (بەراز)، (خووگ)، (خێو)، (ئەوەنەپێچ) هاتووە .

لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (ڤەراز = varāz)و بە ئەرمەنی بووە بە (ڤەرەز = varaz)و بە هیندی کۆنیش (ڤەراهە = varāha)یە (ب. ق) .

لە پارسی نوێدا، ئەم وشەیە بووە بە (خووگ = xūg).

ئەوەی، کە لێرەدا، وەك دیاردەبێ، بە دیی دەکرێ، ئەوەیە، کە لەپارسی نوێدا، ڕێچکەی وشە ئاڤێستایی‌یەکە دیار نی‌یە، بەڵام لە کوردی‌یەکەدا، بە ڕێك و پێکی هاتووەتە خوارەوە.

## (ڤەرشە = varsha) :

ئەم وشەیە، بە واتای (جەنگەڵ)، (بێشە) هاتوو.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (ڤیشەك = vīshak)و بە سانسکریتش (ڤرکشە = vrksha)یە.

بە پێی ڕوواڵەتی وشەکە، وا دەردەکەوی کە دوو پارچە بێ:

(١) – (ڤەر = var)، کە قەدی (ڤەرگ = varg)یان (ڤەرك = vark)ەو.
(٢) – (شە = sha) کە واتای (جێگا)، (شوێن)، (لانە) دەدات.

بەو پێیە، بە هەردووکیانەوەو پێکەوە ئەو وشەیان پێك هێناوەو تایبەتی‌یە، بە لانەی (گورگ)ەوە.

بۆ وێنەی (بێشە) ع.ح، ب، دەڵێت:

«غیرەتمان وا یاخی‌یە،
ئەندیشەمان بۆ نی‌یە
نە لە تاریکی شەو
نە لە بێشەی پڕوڕەو».

## ○ (ڤەزەگە = ڤەزەغە = vazagha) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بۆق)، (قڕواق) هاتووە.
لەوانەیە، وشەی (قڕواق) ناوی دەنگ بێ و تایبەتی بێ بە دەنگی (بۆق)ەوە، ئەوجا بەو پێیە، دەشێ لە بنەڕەتدا، وشەی (قڕواق)، (غرواغ)، یان (خڕواخ) بووبێ، چونکە ئەم جۆرە وشانە (ناوانە) زۆرتر بە لای دەنگەکەیدا دەچن.

## ○ (ڤەسترە = vastra) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کراسی دەرەدامان)، (کراسی درێژ)، (دزداشە)، (جامەی وەستەرە) هاتووە.
لە ئینگلیزیدا، وشەی (ڤیستمەنت = vestment) هەمان واتا بە دەستەوە دەدات.
لە شێوەزاری هەورامانیدا، کراسێکی دزداشەڕەنگ بۆ پیاو نیەو نەبووە، بەڵام بۆ پیاو کەوای شۆڕ هەبووەو بەو کەوا شۆڕەش وتراوە: (کەوای دەرەدامان)، یان کەوای (وەستەرە).
وشەی (ڤەسترە)، بە واتای (داکەوتوو = شۆڕ) هاتووە.

●

## ○ (ڤەفرە = vafra) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بەفر)، (وەفر)، (بەرف)، (وەروە)، (وەزڤە) (ڤەرڤە)، (وەرو)، (ڤەرو) هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (ڤەفر = vafr)و لە پارسی ئەمڕۆشدا بووە بە (بەرف = barf).

بۆ وێنەی (بەفر)، گۆران دەڵێ:

«کۆمەڵە شاخێك سەختو گەردنکەش
ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش
سەرپۆشی لووتکەی بەفری زۆر سپی
بە دارستان ڕەش ناو دۆڵی کپپی».

(دیوانی گۆران، ل – ١٢٧)

بۆ وێنەی (وەروە)، مەولەوی دەڵێ:

«بەرزان هیلال‌تار وەروان قەرار دا
غوڕەی شار شۆڕ دڵان دیار دا
نەسیم وە بۆی چین چنووری رووی هەرد
سوب (صباح الخیر) دەماخ‌ـی دڵ کەرد».

(دیوانی مەولەوی، ل – ١٤١)

●

بەم بۆنەیەوە، زۆر نەبیٚ. کەم. دەبیٚ دەربارەی پاشبەندەکانی پلەی بەروردی‌یەوە نەختیٚ بلٚیین :

بۆ ویٚنە، وشەی (ڤەهو = vahu)، بە واتای (چاك)، (خاس)، (باش)، (بەهـ) هاتووە. بەلاٚم لە کاتی بەراوردکردنی‌دا، بەم جۆرەی لیٚ دیٚ.

- (ڤەهو + بەهـ = ← ڤەهیەهـ = vahyah — yah —

- (ڤەهو + ئیشتە = ← ڤەهیشتە = vahshta — ishta —

## ○ (ڤۆهو مەنە vahumana) : ○

ئەم وشە ناساکارە بەم جۆرە رووالٚەتەشەوە بەرچاو کەوتووە؛

**(ڤەهومەنە = vahu — mana)**

هەر وەك دیارە، ئەم وشەیە پیٚك هاتووە لە :

- (ڤوهو = vohu) یان (ڤەهو = vahu)، بە واتای (چاك) هاتووە،

- (مەنە = mana)، بە واتای (خوو)، (رەوت)، (رەوشت) هاتووە.

ئەوجا بە هەردووکیانەوەو پیٚکەوە واتای (خووپاك)، (رەوشت‌باش)، (خووو رەوشت چاك) دەدەن.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (ڤوهومەن = vahuman).

## ○ (ڤی‌چیرە = vīcīra) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (فتوای‌شەرعی) یان (بریاری قانوونی) هاتووە.

بەم بۆنەیەوە، پیٚویستە (بۆ پتر رۆشن بوونەوە) ناوی کتیٚبی دینی (ڤیچەر - کەرت - ی دیٚنیك = vicarkart — i denik) - کە لیٚکۆلیٚنەوەی دینی شەرعی تیٚدایە) بهیٚنینەوە، چونکە بەم ناوەوە - کتیٚبیٚ ناوبراو - ناوبانگی دەرکردووە.

## ○ : (vahyah = ڤەهیەهـ) ○

بەم رووالّەتەشەوە (ڤەهیاهـ = vahyāh) بەرچاو کەوتووە.

ئەم وشەیە، بە واتای، (چاك)، (خاس)، (باش)، (بەهـ) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پارسی کۆندا بووە بە (ڤەهو = vahu)و لە سانسکریتیش‌دا بووە بە (ڤەسو = vasu). بەلاّم لە پالەوی‌دا بووە بە (ڤێهـ = vēh).

لە پارسی ئەمڕۆدا، ئەم وشەیە، بووە بە (خوب = xub).

لە ناو کوردەواری‌دا، بە شتێکی زۆر باش‌و زۆر نایاب، بۆ نیشانەی سەرسوڕمان، لە چاکی‌و نایابی‌دا، وشەی (بەهـ)بەکار دەهێنرێ‌و دەوترێ: (بەهـ لەو شتە نایابە!)، (بەهـ لە میوە باشەیە!).

لەوانەشە، هەر ئەم (بەهـ)ە بووبێت‌و بەرەو (بەخ) خۆی گۆڕی بێ!

## ○ : (vahishta = ڤەهیشتە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بەهەشت) هاتووەو لە ریشەی (ڤەهو = vahu)ەوە یان لە هی (ڤوهو = vahu)ەوە، یان بە هۆیەوەو بە خستنەسەری پاشبەندی (ishta —)، کە بۆ پلەی بەراوردی‌یە، دروست بووە.

هەر وەك وتمان، بەشی یەکەمیان، بە واتای چاك هاتووەو پاشبەندەکەش، بۆ پلەی (— ترین)ە، واتە: باشترین پیشان دەدات. گوایا ئەمەش ناوونیشان هەلّدانی شتێکی لابراوە، کە ئەویش: (ئەنگو = anghu) یان (جیهان)ە. (ب. ق. ل – ٣٢٧).

بە شێوەیەکی ئاشکراتر، بۆمان هەیە، بڵێین ناوی ئەو کتێبە بەم جۆرەو وشە بە وشە لێك بدەینەوە : (کتێبی شەرعی پارچەی دینی)، یان کتێبی شەرعی بەشی دینی. بەڵام ئەگەر بە پێ‌ی رێرەوی ئەمڕۆی زمانی کوردی وشەکان بدرێنە سەر یەك، بەم جۆرەی لێ دێ : (کەرتی دینی شەرعی).

وشەی (ڤیچیرە = vîcîra)، لە دوو وشە، یان دوو پارچە پێك هاتووە :

- (پێشبەندی (ڤی — = = — vī).
- (— چیرە = cīra —)، کە ریشەیەو واتای : لایەنی زۆر ورد، نەبینراو، یان شارراوە دەدات.

پێش ئەوەی برۆینە سەر خاڵێکی دیکە، دەبێ دەست بۆ ئەوە رابکێشین، کە دوور نی‌یە وشەی (فتوی)ی عارەبی تەعریبی ئەم وشەیە بێ! .

**○ (ڤیمەنە = vimana) : ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (گومان)، (دوودڵ) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گومان = guman)، لە ئەفغانی‌دا، بووە بە (گومان = gumān)و لە بلووجیش‌دا بووە بە (گووان = guwān)و لە پارسی کۆنیش‌دا (ڤیمانە = vimāna)یە.

**○ (ڤیشە = visha) : ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (زەهر)، (ژەهر)، (ژار) هاتووە.
بەم بۆنەیەوە، وا ئەم فرەیزە دەخەینە بەرچاوی خوێنەر :
(فیشەرەنتەم = زەیرەتە — visharantam — zairitam)، کە بە واتای (زەهری زەرد) یان (ژەهری زەرد) هاتووە.

○ (ڤیسەیتی = vīsaiti) : ○

ئەم وشەیە بریتی‌یە، لە دوو پارچە :
– (ڤیسە = vīsa)، رەگە، یان (قەدە)، بە واتای (بەس = بەست)، (دیوار) هاتووە .
– (پاشبەندی (– یتی = iti —)، کە پاشبەندی ناوی‌یە .
ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا بووە بە (ڤیست = vist) .
هەر لەم قەدەوە، یاخود بە هۆی ئەم قەدەوە ناوی(ڤیشتاسب = vishtāsp) پێك هاتووە (ف. د. فرەوەشی) .

○ (ڤیسپە = vispa) : ○

وشەی (ڤیسپە = vispa)، بە واتای (هەموو)، (گشت)، (گرد)، یان (all)ی ئینگلیزی هاتووە .

○ (ڤیدوز = vidus) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (زانین)و (ناسین)و (دۆزین) دێ .
ئەم وشەیە دوو پارچەیە، یەکەم بریتی‌یە لە ؛ پێشبەندی (ڤی – = – vi)، کە دووبارەکردنەوەی تێدایە. پارچەی دووەمیش بریتی‌یە لە (دۆز) یان (دۆس) = (dus)، کە بە واتای (پشکێنەر)، (دۆزەر) هاتووە .
لە ناوی کوردەواری‌دا، (خۆدۆز)و (وێدۆز) بە واتای (خۆناسین)و (خۆزانین) هەن .

○ : (vīsati = ڤیسەتی) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بیست)، (ویس)، (ویست) هاتووە.

دیاردەی ئێرە، جێگاگۆڕکێ نێوان دەنگی [ڤ]و دەنگی [ب]و دەنگی [و]یە.

○ : (vīra = ڤیرە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بیر، ویر) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، وشەیە، بووە بە (ڤیریه = virīh) یان (ڤیراك = virāk).

○ : (vish = ڤیش) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (خانوو)، (ماڵ).

بە هۆی وشەی (ڤیش = vish)ەوە ئەم فرەیزە دروست بووە:

(ڤیش‌دەتی = vish — dati)، کە بە واتای (دەتی‌ماڵ)، یان (گەورە)ی ماڵ، یان (دادی‌ماڵ)، یان (باوکی‌خێزان) دێ.

بە پێی بیروڕای خۆم، وشەی (دەتی = dati)ی ئاڤێستایی بەرەو وشەی (داد)ی ئەمڕۆ چووەو کە حاڵی‌حارز بووە بە (داتی)، (تاتە)، (باوك).

○ : (vinad = ڤینەد) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (بینین)، (دیتن)، (وینای) هاتووە.

بە شێوەیەکی ئاشکراتر، ئەم وشەیە چاوگە، یان ناوی کارەو بۆ پتر ڕۆشن کردنەوەی ئەم فرەیزە دەخەینە بەرچاو:

– (ڤینەدتی = vinad — it) کە بە واتای (دەبینێ) هاتووە.

## ○ (ڤیره = vīra) : ○

وشەی (ڤیره = vīra) بە واتای (مێرد)، (مێر)، (مرۆ)، (پیاو)، (مرۆڤ) دێتو بەرامبەری وشەی (man = مان)ی ئینگلیزی‌یە .

ئەوەی، کە پێویستە لەم رووەوە بوترێت، ئەوەیە، کە دەنگی [ڤ] بەرەو دەنگی[م] چووەو پاش ئەو بەسەربردنە درێژو بە تەمەنە، (مێر)ی ئەمڕۆ پارێزگاری ئاوازو واتا کۆنەکەی کردووە . .

بۆ وێنەی وشەی (مێر) سەبری بۆتانی دەڵێ :

«جووتیارن گەر شڤانن
گەر پالەو رەزڤانن
هەمی مێرو میرخاسن
یەکیەك گولێ دناسن».

(شینو شادی، ل - ١٨٤)

●

# بەشی (ف = f)

○ (فشەرمە = fsharma) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە رووالەتێکی دیکە بەرچاو کەوتووەو ئەویش ئەمەیە : (فشەرمەن = fshareman) .

ئەم وشەیە بە واتای (شوورەیی)، (ئابڕوو)، (شەرم)، (حەیا)، (عەیبە) هاتووە .

بۆ وێنەی (شەرم) بێکەس دەڵێ :

«مەڵێ من کچم، تۆش وەکو منی
موحتاجی عیلمو فەنن‌و خوێندنی
مەجبووری ئیش‌و خزمەت‌کردنی
هەستە تێ‌کۆشە تا خوێنت گەرمە
سەرپۆش فڕێ دە چ وادەی شەرمە»

(دیوانی بێکەس، ل – ١٠٢)

بێکەس، وشەی (عەیب)یشی بەکار هێناوەو دەڵێت :

«سەیر ئەکەی شەخسێکی مەئموور گەر وەزیفەی لێ بڕا
عاقیبەت وەختێ، کە ماڵی گشت فرۆشت هیچی نەما
ناعیلاجی دێ بەسەریا دەس لەخەڵکی پان ئەکا

یا کەسێکی زۆر بە سەروەت هاتو لێی قەوما، ئیتر
هەر لە ترسی دەنگی عەیبە تەرکی گشت فرمان ئەکا

(دیوانی بێکەس، ل – ٨٨)

ئەم وشە ئاڤێستایی یە (فشەرمە = fsharma)، لە پالەویو لە پارسی نوێدا بووە بە (شەرم = sharm) (ف. د. فرەوەشی).

بۆ وێنەی (ئابڕوو)، (ع.ح. ب دەڵێت :

«بە رۆیشتنتا دیارە، گیانت پڕ لە ئازارە
پڕ لە پیاهەڵکالانە، پڕ لە ئاهـو نالانە
پڕ لە زۆری گەردوونە، پڕ لە ئابڕوو چوونە».

(ناسۆری دەروون، ل – ٢٩)

دیاردەی ئێرە، قرتاندن، یان فڕێدانی دەنگی سەرەتای وشەکەیە، کە دەنگی [ف = f]یە

○ (فشویەنی = fshuyanī) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مەڕی داشت)، (ئاژەڵی داشت) – (واتە : مەڕومالات بۆ زاوزێ) – هاتووە بۆ بەرامبەری ئەم وشەیە، لە ئینگلیزیدا فرەیزی (کەتڵبریدە = cattle -- breeder) بەکار دەهێنرێت .

ئەم وشەیە، بە جۆرە رووالەتێکی دیکە بەرچاو کەوتووە، ئەوانیش :

– (فشویەت = fshuyat)،
– (فشویەنت = fshuyant) .

**O (فشوپەیتی = fshu — paiti) : O**

ئەم وشەیە، بە واتای (شوان)، (سەپان)، (شڤان)، (چۆپان) هاتووە .
**لە پالەوی‌دا**، ئەم وشەیە بووە بە (شەپان = shapān)و لە پارسی نوێ –
**شی‌دا بووە** بە (چوپان = cupān). (ف. د. فرەوەشی) .
**شـایان** باسە، لە پارسی نوێدا، دەش وترێ (چۆپان = cōpān) .

لە ئەفغانی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (شپوون = shpūn)و بە بلووجیش بووە بە (شیپانگ = shipānk)، یان بووە بە (شەوانك = shawānk)، یان (شەفانك = shafānk) .

بۆ وێنەی (شڤان) سەبری بۆتانی یەژێ :

«شڤان هەمی دل‌پاکن، بۆ مێڤانا پرچاکن
کۆدا شیری بادەیە، شەڤو رۆژێ هەر هەیە».

(شین‌و شادی، ل – ١٠٢)

بۆ وێنەی (شوان)، گۆران دەڵێ :

«پیاو ماقووڵی راسپێری کرد تارەك ساز بکرێ
زوو ئەم شۆخە نەرم‌و نۆڵەی بە بووك بۆ ببرێ

کوڕی شوانە، کە ئەمەی بیست شێت بوو دایە کێو
زەوی داگرت بە تفکردن، ئاسمان بە جنێو».

(دیوانی گۆران، ل - ٥٩)

**○ (فرەثەهـ = frathah) : ○**

ئەم وشەیە، بە ڕووالەتێکی دیکەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (فرەثوهـ = fathuh)ە.

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، بە واتای (پان)، (زۆر)، (فیش)، (فرە)، (بێ‌شومار).

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا بووە بە (فراهـ = frāh)، یان (فراخف = fāxv)و لە پارسی نوێ - ش‌دا بووە بە (فراخ = frāx).

لە پازەنددا، ئەم وشەیە، بووە بە (فراخ = frāx)، یان بووە بە (پراخ = perāx)و بە بلووجی بووە بە (پراهـ = prāh)و لە هیندی کۆنیش‌دا (فرەثەهـ = frathah)ە. (ب. ق).

بۆ وێنەی (بێ‌شومار) مەولەوی دەڵێت :

«هاومالاَن یاوان بە وارگەی جاران
من بێ بارەبەر مەندەی هەواران
جەورەکەی سەرئێل خەم بێ‌شومارەن
خێڵ خانەم بەر پێچ تا خێڵ ئەو خوارەن».

(دیوانی مەولەوی، ل - ٤٢٠)

بۆ وێنەی وشەی (فیشتەر) مەولەوی دەڵێت :

«تاوە ئەڕەی دەرد دڵەی من شانەن
زەریفتەر طوڕەی ئەو دانە دانەن
تا من دووی سفتەی جەستەم فیشتەرەن
جە لای ئاوێنەی ئەو زیادتەرەن».

(دیوانی مەولەوی، ل – ٨٩)

بۆ وێنەی وشەی (فراوان)، مەولەوی یەژێت :

«یانەی دڵ وە فەیضڵ ڕای مەولاناوا
تەوار تەرلان لان (مەوڵانئاوا)
پایەت بوڵەند بۆ سایەت فراوان
پەی پەی کەردەی ڕەم دیدەسیاوان».

(دیوانی مەولەوی، ل – ٧٥)

بۆ وێنەی (بەخت)، مەولەوی یەژێ :

ئای کێ بێ هەواڵ لوای تۆ ئاوەرد
بەختش بەرگەشت بۆ، هۆشم وەحشی کەرد
مدیا ئەو شۆنت دڵ نە پەنهاندا
چون ئیسمی (ڕەحیم) وەشۆن (ڕەحمان)دا
(دیوانی مەولەوی، ل – ٣٣)

### ○ (فرەیشتە = fraishta) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکەوە بەرچاو کەوتووە، ئەویش (فرێشتە = frēshta)یە .

ئەم وشەیە، لە پارسی کۆندا بووە بە (فرەیشتە = fraishta)و بە ئەرمەنی (فرێشتەك = frēshtak)ەو لە پارسی نوێ-ش‌دا (فریشتەهـ = firishta) .

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، بە واتای (پەری)، (فریشتە)، (چارە)، (بەخت)، (هات) هاتووە .

بۆ وێنەی (پەری)، گۆران دەڵێ :

«وەك ساوای یەك شەوە کە دێ پاش نەمانی
چۆڵ ئەبێ بە یەکجار لە ناوونیشانی
ئەم دێیە، جێ دێلم، بێ نیشان، بێ شوێن بێ پێ
ئەی پەری، سڵ مەکە، لا مەدە، بۆ لاڕێ».

(دیوانی گۆران، ل - ٢٦)

بۆ وێنەی (فریشتە) گۆران دەڵێ :

«نە لە شارو نە لە دێ
نەمدی کەس، وەك تۆ جوان بێ
تۆیت‌و بەس، کچە کوردێك، دڵ پێ‌ی شاد بێ
وەك فریشتەو پەریزاد بێ».

(دیوانی گۆران، ل - ٢٨)

بۆ وێنەی چارە مەحوی ئەڵێ:

«ئەسیرو صەیدی کەیدوشەیدی نەفسی ئەمّارەم
لە دەست ئەم مارە بەدچارە چییە چارم خودا چارەم».

(دیوانی مەحوی، ل – ٢٢٨)

## بەشی (ك = k)

### ○ (كارەی = kāray) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (كار = فرمان) هاتووە :

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (كەرتەك = kartak)، یان بووە بە (كار = kār)، یان بووە بە (ئەرگ = arg) (د. فرەوەشی) .

لە پارسی نوێدا (كارە = kāra)و لە ئەفغانی (كەر = kar)ەو بە سانسكریتی‌یش (كەر = kar)ە، بەڵام بە واتای (وەشاندن) هاتووە .

### ○ (كامە = kāma) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مەیل)، (ئارەزوو)، (خواست)، (مەرام)، (نیاز)، (كام) هاتووە .

بۆ وێنەی (كام) گۆران دەڵێ :

بڕوانە، شایی‌یە، چۆپی‌یە، لەو ماڵە
گوێ بگرە، زورنایە، دەهۆڵە، شمشاڵە
زەردو سوور تێكەڵ بوون، ژنو پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە!
سا توخوا، خێرا كە، با بڕۆین، دەست بگرین
بە كامی دڵداری پێكەوە هەڵپەڕین».

(دیوانی گۆران، ل – ١٦)

بۆ وێنەی وشەی (ئارەزوو) پیرەمێرد ئەڵێ :

سەرگۆنای ماچ کەم- لە شیرین خەودا
هەرچیم بێتە ڕی لە ڕێگەی ئەودا
خواستو ئارەزووی دڵو گیانمە».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٩١)

بۆ وێنەی (نیاز)و بۆ (مەرام) پیرە مێرد دەڵێ :

«ئەوا هەرسێکم بەستن بە دەستە
هاتنە خزمەتت بە دەستی بەستە
هەر یەك بە ڕەنگێ مەرامی پێتە
بۆ نیازی خۆی خاکی بەر پێتە»

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٥٨)

## ○ (کە = ka) : ○

ئەم وشەیە، ئامرازی پرسەو بە واتای (کێ...؟) هاتووە.
بە پارسی کۆن (کە = ka)یەو بە پالەوی (کێ = kē)یەو لە پازەندا بووە بە (کا = kā)و لە بلووجی‌دا (کێ = kē)یە (ب. ق).
(کە)، وەك ئامرازی پەیوەست دەورێکی گرینگ دەگێڕێو (کێ)یش وەك ئامرازی(پرس) دەوری زانین، یان ناسین دەگێڕێ.
شایانی باسە، (کە = ka) بە واتای (چ = چە)ش هاتووە. بۆ وێنە، لە ئاڤێستادا، یان بە زمانی ئاڤێستایی، لە بری ئەوەی بوترێ : (چە وەختێ؟ =

چ وەختیٚ؟) یان (چە کاتیٚ؟ = چ کاتیٚ؟)، دەوتریٚ : (کە دهە؟)، واتە : (چ کاتیٚ؟) .

لە هیندی کۆندا، دەوتریٚ : (کە دا؟ = kadā)، بە ئەفغانی (کە لە = kala)یەو بە بلووجیش (کەدیٖ = kadī)ە .

○ (کەتە = kata) : ○

ئەم وشەیە، لە چاوگی (کەن = kan)ەوە وەرگیراوەو بە واتای جیٚگای پیرۆزی زەردەشتی هاتووە .

○ (کەرەنە = karana) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کەنار)، (لا)، (تەنیشت)، (قەراخ)، (روخ) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (کەنار = kanār)، یان (کەنارەك = kanārak) و بە ئەفغانیش بووە بە (کینەر = kinar).

○ (کەرە = kara) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتیٚکی دیکەوە بەرچاو کەوتووە، ئەویش (کەرنەویتی kerenaoiti)یە.

بە هەرحالٚ، ئەم وشەیە، بە واتای (کردن)، (کەردەی) هاتووە.

لە پارسی کۆندا، ئەم وشەیە بووە بە (کەر = kar)و لە پالەویش‌دا بووە بە (کەرتەن = kartan).

بۆ وێنەی (کەردە) مەولەوی دەڵێ:

«من شەوێ ناڵەم جۆش ئاوەردەبۆ
سەگی ئاسانەت بێداد کەردەبۆ
با ناستەبۆ سەیل دیدەم نەفەسێ
نەسیم گەردی پات، بەرۆ پەی کەسێ»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٦)

ئەمانەش هەندێ کورد واتەنین، کە بە هۆی وشەی (کرد)ەوە پێك هاتوون، یان زاراویان پێك هێناوە:

- (کردەی تۆیەو بردەی شەیتان)،
- (کەردەی تۆنو بەردەی شەیتانی).
- (کردی بە بنێشتە خۆشەی زۆر دانی)
- (کەردش بە وێژەنو چێرو ددانا)
- (کرەی میری سوور دەکات)
- (کرەو میرو سووری کەرۆنە)

●

○ (کەرش = karsh) ○

وشەی (کەرش = karsh)، بە واتای (ڕاکێشان)، (کێشتەی)، (درێژ کەردەی)، (درێژکردن) هاتووە.
بە هیندی کۆن (کەرش = karsh)ە و بە پالەوی (کەشیتەن = kashitan)ە.

○ (کەرشوەر = karshwar): ○

**ئەم وشەیە، بە واتای (ناوچە)، (وڵات) (کێشوەر) هاتووە.**
**لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (کیشڤەر = kishvar).**

○ (کەفە = kafa) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کەف) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، (کەف = kaf)ەو بە بلووجیش (کەپ = kap).
لە سانسکریتی‌دا بووە بە وشەی (کەفە = kapha)، کەبە واتای بەڵغەم یش دێ.
بۆ وێنەی (کەف)، گۆران دەڵێ:

«هەتاوی نەورۆز، مانگی جۆ درەو
زۆر هاتوونو چوون بە ڕۆژو بە شەو
خورەی قەڵبەزی کەف زیوینی چەم
لە هەزار چەشنە پرشنگی ناو تەم»
(دیوانی گۆران، ل – ۹)

یان دەڵێ:

«هاوارو هاژەی کەفچڕین چەم
بۆ تەنیایی شەو لایەلایەی خەم»

(ل - ١٢٨)

**(کەرەتە** = karata): O

ئەم وشەیە، بە ڕووا ڵەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (کەرتە = kareta)یە.

ئەم وشەیە، بە واتای (کارد)، (کێرد)، **(چەقۆ)** هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (کارت = kārt)و لە بلووجی‌دا بووە بە (کارچ = kārc)و یان (کارچە = kārca) و لە هیندی کۆنیش‌دا (کەرت = kart)ە.

O **(کەشە** = kasha): O

ئەم وشەیە، بە واتای **(چاڵی‌سەرشان)**، یان (کەش)، (بن‌کەش) دێ. بە شێوەیەکی ڕۆشن‌تر، بە (بن‌باڵ)، (بن‌کەش = بنکەش) دەوترێ‌و بە لای سەرەوەشی، (کەش) دەوترێ.

لە پالەوی‌دا، هەر (کەش = kash)ە لە بلووجیش‌دا هەر هەمان وشەیەو بە هیندی کۆنیش (کەکەشە = kakasha)یە

لەم ڕووەوە کورد واتەنیێ هەیەو بە بیری دەخەینەوە، ئەویش:

– هێلکە بە بنکەش دەبرژێنێ!
– ((هێلکە بە بن باخەڵ دەبرژێنێ!
– (سەرکەشێ هێزمێش ئاوردێنێ!
– (چێرکەشی چۆڵکێش ئاوردێنێ!

○ (کەڕناوس = karenâos): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کەڕ) هاتووە.

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە (کەرنە = karna)یەو بە بلووجیش (کەڕ = karr)ە.

شایانی باسە، بە یەکێکی گوێ‌گرانو گوێ قورس (کەڕناوس) دەوترێ

○ (کەمەرا = kamarâ): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پشتێن)، (پشتوێن)، (کەمەرە)، (هەیاسە)، (کەمەربەند)، (تەکبەند) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (کەمار = kamâr)، یان کەمال = (kamâl).

لە ناوچەی شارەزوورو هەورامانو لەناو جافەتیش‌دا، دوو جۆرە پشتوێنی زیوینی ئافرەت هەبووە، یەکێکیان پێ‌ی وتراوە (هەیاسە)و ئەوی دیکەشیان پێ‌ی وتراوە (کەمەرە).

جیاوازی نێوان (هەیاسە)و (کەمەرە) هەر تەنها ئەوەیە، کە قوببە زیوی‌یەکانی هەیاسە بە تایبەتی قوببەکانی پێشەوەی گەورەترن تاوەکو ئەوانەی (کەمەرە).

بۆ وێنەی (هەیاسە) گۆران یەژێ:

زەردو سوور تێکەڵ بوون، ژنو پیاو هەرایە
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە!

(دیوانی گۆران، ل - ١٦)

بۆ وێنەی (کەمەربەند) پیرەمێرد دەڵێ:

«سەرگونات سێوی لاسوورەی سەر دەشت
پاوانەت داوی گەنمەکەی بەهەشت
تامەزرۆ زۆرە هیچکەس لێی نەچەشت
کەمەر بەستەی دەست وەیسی ماهی دەشت»
(ل - ١٥٦)

بۆ وێنەی (کەمەرە)و (هەیاسە)، قانیع یەژێت:

«ورشەی گوارەگوێ، زریکەی لاگیر
هارەی پڵپڵەو سڵسڵەو زنجیر
شۆڕتکەو کەمەرە، هەیاسەی پشت
گۆ یەخە تا خوار جوانترین لە گشت»

(دیوانی قانیع، ل - ٢٦١)

وێنەی (کەمەرە)ش لای گۆران

«شەماڵی ڕێگەبی کانی ئەخاتە باڵاکەت
لەرانەوەی لەشی زیوینی شۆڕەبیی کەڵەگەت
ئەڕۆی بە عیشوە، بە لەنجە، بە وەزنی گۆرانی
ئەڕۆی زڕەی کەمەرەت دێ هەتاوەکو بەر کانی،
(دیوانی گۆران، ل – ٦٠).

○ (کەنیا = kanyā): ○

ئەم وشەیە، بەم ڕوواڵەتانەی دیکەش بەرچاو کەوتووە، ئەوانیش (کەینین = kainin)ەو (کەینیکا = kainikā).
ئەم وشەیە، بەواتای (کەنی)، (کەنیشك)، (کیژ)، کناچێ (کناچە) (کچ)، (دوت) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (کەنیك = kanīk) و لە پازەندا بووە بە (کەنێچەك kanicak) و لە هیندی کۆنیش‌دا (کەنیە = kanya)یە.

بۆ وێنەی (کناچە) و (کەنیشك)، پیرەمێرد دەڵێ:

«لە کەناری زەڵم، ئەو سەوزە گیایە
تۆوی کەنیشکی جافی تێدایە
تۆ بە کناچەو لەنجەو لارەوە
من بە چاوێکی فرمێسك بارەوە»

(دیوانی پیرەمێرده ل – ١٢٩)

بۆ وێنەی (کچ) پیرەمێرد یەژێ:

«ئەگریجەی بووکە بەڕەزاو چنوور
چارەچەقیلە بۆتە تارای سوور
بە لیس گیای پیشوك ئەدۆزرێتەوە
وێنەی پرچی کچ ئەهۆنرێتەوە»
(ل - ١٤١)

**○ : (kautaka = کەوتەکە) ○**

ئەم وشەیە، بە جۆرە رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش، (کوتەك = kutaka).

ئەم وشەیە، ئاوەڵناوە، بە واتای (کورت)، (کۆتا)، (کولّ)، (بچووك) هاتووە.

هەر وەك وتمان، ئاوەڵناو، بەپێی (نێر)و (مێ) کۆتایی دەگۆڕێ و ئەم وشەیەی ئێرەش بۆ (نێر)ەو ئە گەر کرا بەهی (مێ) پێویستە کۆتایی یەکەی بکرێ بە (-ئا = ā-)، واتە، (کەوتەکا = kautakā).

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (کۆتاھ = kōtah)و لە پارسی کۆ نیش دا بووە بە (کۆت = kōt)و یان (کەوتە = kauta).

بۆ وێنەی (کۆتا)، سەیدای هە ورامی دەڵێ:

« شێی بە ماوای وێش تەشریف بەردەوە
تۆش ئاستی وە لای داخو دەردەوە

کۆتا بی سەداو نەعرەتەو دەنگت
بیٚقیمەت گنای، کە ساس بی سە نگت »
(دیوانی سە یدی، ل - ٢٠٤)

○ (کەوفە = kaofa) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کۆە) یان (تەپۆڵکە) یان (گرد) هاتووە.جگە لەوەش، بە واتای (دووگی حوشتر) یش دیٚ، چونکە دووگەکە ی دە بیٚ بە هۆی دەرپە رینو بەرزبوونەوەی پشتیەوەو وەك گردۆڵکەی پشت، بەرز دەنویٚنیٚ.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (کۆف = kōf)و لە پارسی نویٚ ش دا (کۆه = kōh).

لە بلووجی دا بووە بە (کۆپەك = kōpak) یان (کۆڤەگ = kōfagh).

○ (کەینا = kaēnā) : ○

وشەی (کەینا) یان (کەیەنا) بە واتای (کینە)، (رق)، (قین)، هاتووە. لەپالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (کین = ken) لە بلووجیش دا بووە بە (کانەگ = kanagh) بە ئەفغانیش (کیٚنە = kēna)و بە ئەرمەنیتس (کیٚن = ken).(ب . ق).

شایانی باسە، کە زاراوی (بیٚکینە)و لە ناو کوردەواری دا، بەکار دە هیٚنریٚتو لەو رووە شەوە وتەیەکی بە ناوبانگ هەیەو ئەویش، دەڵیٚ :

( سینەی بیٚ کینە - محمد - سەڵەوات ).

وێنە، بۆ وشەی (کینە) گۆران یەژێت :

«دیاریی خوای شهڕ، خەشمەو قِینە
دوشمنی‌یەو ڕقەو کینە
بەدخواهی‌یەو نیهادی پیس
باری لێکدانەوەی ئیبلیس»
دیوانی گۆران، ل ١٩٦٠).

# بەشی (گ)

○ (گاتە = Gātha ) : ○

وشەی (گاتە = gātha) بە واتای سروود هاتووە بیٚگومان مەبەست لە گۆرانی وتنە لەبەر قاپی خوادا یاخود مەبەست پاڕانەوەیە لەخوا.

○ (گامەن = gaman) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (هەنگاو)، (هەنگام)، (گاف) هاتووە. لە پالەوی‌دا، وشەی (گام = gām) بە هەمان واتا هاتووە بو ویٚنەی (گاف) سەبری بۆتانی دەڵیٚ:

«کاروان دچت بەرێژۆر
ڤە ناگەریٚ بەر بژیٚر
پیٚشوا دچت گاڤ بگاڤ
لپەی ریٚناسیٚن دلیٚر
تەنگاڤ بۆیە کولەدار
پیریٚ لاوازو نەویٚز»

(شین‌و شادی، ل – ٨٧)

یان جزیری دەڵێ:

«شەرحێ حاڵێ غەمێ عشقا تە ژکو تێتە نڤیسین
مەدحێ ئەوصافێ جەمالا تە کوجا تێ رەقەمێ
وێ مەجالێ کو جەمالا خوە تەجەللا دکری
لازمە سەجدە ببین بەر تە دورێ گافو دەمێ»
(دیوانی جزیری، ل – ٤٣١).

## ○ (گاتو = gātu): ○

وشەی (گاتو = gātu) یان (گاثو = gāthu). بە واتای (جێ)، جێگا)، (یاگێ)، (یاگە)، (تەخت)، (گا) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گاس = gās)و لە پارسی کۆن‌را (گاثو = gāthu) ەو بە ئەرمەنیش (گەە = ghah)ەو بە ئەفغانیش (گالەی = jālah)ە.

لە زمانی کوردی‌دا، (–گە = ga)، یان (–گا = gā) وەك پاشبەندێ بۆ واتای جێگا بەکار دێت.

ئەمە لەوە دەکات، کە (گا) یان (گە) خۆی بە تەنیا سەربەخۆ بووەو واتای سەربەخۆی هەبوە. بۆ وێنە دەوترێ: تاڤگە، ئاشگە، نوێژگە، خەرمانگە... هتد.

بە شێوەیەکی، رۆشن‌تر، (تاف) ئاوەو بە گوڕ لە بە رزاییەوە دەکەوێتە خوارەوە، بەڵام (تافگە) جێگای کەوتنە خوارەوەی ئاوەکەیە، کە وابوو ئەگەر مەبەستمان لە ئاوە کە بێ، دە بێ بڵێین (تاف)ەکەی (بۆوێنە)، زەڵم، ئەگەریش مەبەستمان جێگای تافەکە بێ دە بێ بڵێین (گەی تاف)، واتە (جێی تاف).

یان (تاڤگە).

بۆ وێنە (تاف) گۆران دەڵێ:

« هەرچەن بە بەر مەلالی فرەم تەنگە قافیە
یەك عومری خەم هەناسەیەکی ساردی کافی یە
خۆزگەی خەم بە قەڵبەزەی سەرچاوەکەی زەڵم
چاو وشکی کردو ئەو وەکو خۆی تافە تافیە »
(دیوانی گۆران، ل – ٦٤)

بۆ وێنەی (تاڤگە) پیرەمێرد ئەڵێ:

« تاڤگەی زاڵم زەڵم، تاڤگەی زاڵم زەڵم
گریەی چاوی چەرخ پڕ لەناو تەم
زادەی جەرگی کێو، مەوجوودی عەدەم
دێوانە ئاسا شەیدای روو لە چەم »
دیوانی پیرەمێرد، ل – ١٣١)

بۆ وێنەی وشەی (گا) مەولەوی یە ژێت:

«خاوخاو پەی نەچیر چەم وە نیگاوە
تەك مەداین وە لای کۆی ئاتەشگاوە
منمات و بێدەنگ بێصەداو ناڵە
یەکێ بیم چون سەنگ قولەی قەزاڵە».

(دیوانی مەولەوی، ل – ٤٩٠)

○ (گەرەهـ = garah) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (قورگ، گڵو، گەروو، کۆژك، قوڕوو)دێ.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گەرووك = garūk)ەو لەپارسی نوێدا بووە بە (گڵوو = glū).
لە سانسکریتی‌دا (گەلە = gala)یەو بە لاتینی (گوڵە = gula)و بە ئەرمەنیش (کول = kul)یەو بە ئەفغانیش (گارە = غارە = ghāra)یە.

○ (گەرێز = garēz) : ○

(گەرێز = garēz) بە واتای (گلەیی لی‌کردن)، (گریان) هاتووە.
لە بنەڕەت‌دا، ئەم وشەیە، لە بنکەی (گرِیی = griy)یەوە — (کە بە واتای فرمێسك ڕشتن هاتووە) — هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گریستەن = gristan)، کە بە واتای (گرین)، (گریان) هاتووە.

○ (گەوشە = gausha) : ○

ئەم وتەیە، بە واتای (گوێ)، (گۆش) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گۆش = gōsh)و لە پارسی کۆن‌دا، هەر (گەوشە = gausha)یە، لە هیندی کۆن‌دا، (گوشە = ghosha) یان (غوشە)و بە بلووجیش (گۆش = gosh):

○ (گەڤە = gava) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووە، ئەویش (گاڤە = gava)یە. ئەم وشەیە بۆ نێرە، بەلام بۆ مێ دەبێ بە (گاڤا = gavā) . لە پالەوی‌دا، (گاڤ = gāv)ەو لە ئەفغانیش‌دا، بووە بە (گڤا = ghvā) یان (غڤا) .

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (گا)، (گاو) هاتووە.

وێنەی هۆنراوە بۆ وێنەی (گا) پیرەمێرد دەڵێ :

«بیستوومە، کەوا ئافرەتێك لەسەر پێ‌پێلکەی بان
گایەکی گرتە باوەش‌و سەرکەوت بە بێ وچان».

(دیوانی پیرەمێرد ، ل - ٢٥٢)

○ (گەیری = gairi) : ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکەشەوە، بەرچاو کەوتووەو ئەویش (گەری = gari)یە .

بە هەرحاڵ، ئەم وشەیە، بە واتای (گارە، شاخ، کێو، چیا، کاو، کەش، کەژ، کۆ) هاتووە.

بە هۆی قەدی ئەم وشەیەوەو بە هۆی هەندێ پاشبەندەوە کە خراونەتە پاشکۆی، ئەم دوو وشەیە بەرچاو دەکەون :

– (گەرەیز = garai – s) .
– (گەرەیت = garai – t) .

بۆ وێنەی (چیا) سەبری بۆتانی یەژێت :

«برایێ تۆ برایێ
پڕپڕ گران بهایێ
زاکا هەزار ژانایێ
زاناو شارەزایێ
جەرگێ هەزار چیایێ
دەنگی هەمی کوردایێ».

(شینو شادی، ل – ١٣٩)

بۆ وێنەی (شاخ) ع. ح. ب. دەڵێ :

«چەشنی رۆژی روون دیارە
تۆ بێگانە بەم شارە
بەم شاخوداخو دەشتە
کە هەر ئەڵێی بەهەشتە».

(ناسۆری دەروون، ل – ٣٠)

بۆ وێنەی (کێو) ع. ح. ب یەژێت :

«وەرە بڕوانە ئەو جووتیارە شاخو داخو کێوو هەرد
تەمو بارانو چەخماخەو شنەو ورشەو کزەی بای سەرد

پلاری چەرخ‌و ئاسمان‌و زەمانەی پڕ لەئێش‌و دەرد
لە ترسی گاسن‌و بێڵی ئەلەرزن ئەبنە جاوی زەرد».

«ناسۆری دەروون، ل – ٤٢»

بۆ وێنەی (کاو)، مەولەوی دەڵێ :

«چووزەی سەوزەی هەرد فەیضی تۆ وەرۆ
گەردش نە پای کاو لوتفی تۆ کەرۆ».

(دیوانی مەولەوی، ل – ٧٥)

بۆ وێنەی (کاخ) مەولەوی یەژێت :

«نەسیم دووی دەروون چون هەردەجاران
ئیمجار دەر نە کاخ دەماخی جاران».

(دیوانی مەولەوی ل – ٤٣٤)

بۆ وێنەی (کۆ) سەیدای هەورامی دەڵێت :

وێڵ‌وێڵ مەگێڵام کۆبەکۆ، دەردم گران بێ ڕۆبەڕۆ
ساحاڵ‌و دەردێم پەرسە تۆ، خۆ کافرستانی نیۆ.

(دیوانی سەیری، ل – ٩٨)

بۆ وێنەی (گارە) میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ

هەوارگەی (گوڵ – بەند) هەردی سەرپاسار
(ڕگارا)و (بەنادۆڵ)ە (لەشگرگەو بیار)».

(دیوانی میرزا ئۆلقادر، ل – ٦٩)

○ (گەوسپەنتە = gaospenta) : ○

وشەی (گەوسپەنتە = gaospenta) بە واتای (گەلەو گۆسفەند)، یان (گەلەو گۆسپەند)، (مەڕو ماڵات)، (ئاژەڵ)... هاتووە.
وشەی (سپەنتە = spenta) بە واتای (پیرۆز) هاتووە. کەوابوو وشەکە، بە هەردوو پارچەکەیەوە، بە واتای (ئاژەڵی پاك)، یان (گۆسفەندی پیرۆز) دێ.
لە پارسی ئەمڕۆدا (گۆسفەند = gosfand)بە کاردێو لە پالەویش دا (گۆسپەند = gōspand)ە.
شایانی باسە، ئەم وشەیەو چەندان وشەی دیکەی وەها، بە پامانو زامانی، هەر لە تەمەنی ئاڤێستاوە، تا ئەمڕۆ، ماونەتەوە، چونکە – بەبیروڕای من – دەستی شارستانیەت(مدنیة)یان نەگەیشتووەتێو تەنها کەرەستە وشەی دەستی جووتیارو فەلاحو باخەوان بوون.

وێنە، بۆ وشەی (ڕان)و بۆ (مێ) گۆران دەڵێ:

«تێخورە، تێخورە
مێ تێرو گوان پڕە

کاتێ ڕان مۆڵدانە
تا بڵێی دەشت جوانە
لێو بەرە بۆ شمشاڵ
بە سۆزوناڵەناڵ»

(دیوانی گۆران، ل – ٥٢)

بۆ وێنەی (پەز)سەبری بۆتانی دەڵێ :

«نێرێ کەڤەر پێشەنگە
زەنگل بقیرو دەنگە
کو پەزێ من دبۆرێ
ئەز پڤ دکەم بلۆرێ»

(شینو شادی، ل – ١٠١)

○ (گەیتە = gaētha) : ○

ئەم وشەیە، بە ڕوواڵەتێکی دیکەوە بەرچاو کەوتووە، ئەویش (گەیێتا = gaetha)یە .

ئەم وشەیە، بە واتای (جیهان)، (گێتی)، (دنیا) هاتووە .

لە پازەندا، ئەم وشەیە بووە بە (گێتی = geti)و لە پالەویش دا (گێتێە = geteh)یە، یان (گێتاهـ = getāh)ە .

(ف. پ. پ. د. فرەوەشی)

بۆ وێنەی وشەی (جیهان) مەحوی (دەڵێ) :

«لە قسێکی لەبی پشکووتوە شۆری دوو جیهان
قسبەیەك صەد لەکی مانا لە لکی دامانا
قەسەمی گوێی بە چاوی بە چەدا پیری موغان
کە لەمەولا نەبیسێ وەعظو قسەی مەولانا»

(دیوانی مەحوی، ل – ٣٤)

وێنە بۆ وشەی (دنیا) بێکەس دەڵێت :

«لە دنیادا نی‌یە وەك من بە عەشقی ئەو گرفتارێ
سەرو ماڵم لە رێی دانا کەچی لوتفی نەبوو جارێ
سەفیلو دەربەدەر رۆژی لە کوچەو قوژبنی شارێ
ئەمان مردم عیلاجێ، سا لە رێی پێغەمەرا جارێ».

(دیوانی بێکەس، ل – ١٣٤)

O (گەوشەکە = gaoshaka) : O

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (کونج)، (گۆشە)، (گوێ)، (قەراغ)، (گەوشە)، (زێوار)، (لێوار)، (پەراوێز) هاتووە.

بۆ وێنەی (گۆشە) گۆران دەڵێ:

«لە ژێر زەردەی خۆرەتاوا
بە ناوچیمەنی گوێ ئاوا.

یان دەڵێ:

«یا پۆر لە گوێ ڕێگای دەشتا
لەگەڵ سایەقەی پاش وەشتا
چەند وردو جوان بە لەنجەولار
ئەشێلێ سەوزەگیای بەهار»

(دیوانی گۆران، ل ١١ - ١٣)

بۆ وێنەی (سووچ) گۆران دەڵێ:

«نوێژ بەتاڵ ئەبێ جەماعەت بڵاو
چەن پیرێك ئەبن بە خڵتەی لافاو
سووچێك گەرم ئەکەن بە ڕازی چوانی
ئاخ، بە با ئەدەن دنیای فانی»

(دیوانی گۆران، ل - ١٣٣)

**○ (گەرەم = garam): ○**

**ئەم وشەیە، بەم جۆرە ڕووالەتەشەوە بەرچاو کەوتووە (گەرەم = garam)** واتای ئەم وشەیە (کرمە) دەگرێتەوە. (کرمە) ناوی دەنگە، بۆ دەنگی خواردنی ئاژەڵە، بە تایبەتی ئاژەڵێ، کە دانەوێڵە، دەکرمێنێ، یان ئالیك، یان جۆ دەخوات، دەنگی کرمەی دێ، یان دەنگی خواردنی دێو ئەو دەنگەش (کرمە) ی پێ دەوترێ.

بۆ وێنەی (کرمە)، (گۆران) دەڵێ:

«لە بەر دەرگای (بەگ) چاوەڕێ وەستاو
هەندێك زین پۆشتە، هەندێك ناتەواو
سەرو توورەکە بەرەو زەوی شۆڕ
بە کرمەکرمی ئالیك گەرمە کۆڕ»

(دیوانی گۆران، ل - ١٣٦)

**(گەرمە =garma ):**

ئەم وشەیە، بەم جۆرە رووالەتەش بەرچاو کەوتووە (گەرمە = garema).
ئەم وشەیە، بە واتای (گەرم)، (سەخت)، (ناڕەحەت)، (دۆزەخ).
(شەکەت)، (ئەندیشە)، (ماندوو).... هاتووە.
لە پارسی کۆندا، هەر (گەرمە = garma)یەو بە هیندی کۆن (گەرمە = غەرمە = gharma)یەو بە ئەرمەنیش (جیرم = jerm)ە یان (جیرمن = jermn)ە.
لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (گەرم = garm)و لە بلووجیشدا هەر (گەرم = garm)ە. بەڵام لە ئەفغانیدا بووە بە (گارمە = ghārma). (ب. ق).

بۆ وێنەی وشەی (گەرم) گۆران دەڵێ:

«لەوێ بەو گەرماو قرچەی نیوەڕۆ
دانیشە حەڵواو پشیی بووك بخۆ

ئەمجا سوار بووین و بۆ ڕاست وەر گەڕاین
لە پێ‌دەشتێکا دێ خۆی پیشان داین»

(دیوانی گۆران، ل – ١٥٢)

**(گەینتی = gainti)**:

ئەم وشەیە، بە واتای (گەنیو)، (گەنا)، (گەنیك)، (گەن)، (بۆگەن) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گەند = gand)، یان (گەندەك = gandak).

لە هیندی کۆن‌دا (گەندهە = gandha)ەو لە ئەفغانیش‌دا (گەندە = ganda)ەو بە بلووجیش (گەند = gand)ە. (ب. ق).

لە پارسی نوێ‌دا بووە بە (گەندیدەن = gandidan).

بۆ وێنەی وشەی (گەن)، گۆران دەڵێ:

«قژکاڵی، لێوئاڵی، پرشنگی نیگا کاڵ
ئەی کچە جوانەکەی سەرگۆنا نەخێك ئاڵ
ئەی کچە مەنگەکەی بە دەنگی چپە ڕوو
گەندە مووی دەم چاو مەچەك هەڵ‌نەگرتوو»

(دیوانی گۆران، ل – ٤٥٠)

(گەن) یاخود (گەندە) لە کورد واتەنی‌دا، بە زۆری هاتووەو ئەمانەش هەندێکن:

- (گەندە خۆر= گەندەوەر = گەننەوەر). واتە: هەمیشە لەکاری سووك دەگەرێ. یان بەشتی کەڵك نەخواردووو هەرزانەوە دەنیشێتەوە یان:
- (گەندەو مەندە بەشی ئەرامەندە)

○ (گەیسە = gaisa): ○

ئەم وشەیە، بە جۆرە رووالەتێکی دیکەش هاتووەو ئەویش (گەیسە = gaesa)یە.

ئەم وشەیە، بە واتای (مووی درێژ)، (گێسوو)، (پرچ) دەدات لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (گێس = gēs)و بە ئەرمەنیش هەر هەمان وشەیە.

بۆ وێنەی (گێسوو)، سەیدای هەورامی دەڵێ:

«یە تاکەی، دوو ساخ، گیسووی سیاتەن
ئیرادەت چێشەن چێش موددەعاتەن»
(دیوانی سەیدی، ل - ١٤٨)

گۆرانیش دەڵێ:

«بە تای دووری غەزەل ئەچنم لە حەسرەت روشتەیی گێسووت
مەتای عومری درێژ کردووم لەبەر ناکەی ئەرۆی ئۆغر»

(دیوانی گۆران، ل - ٦٣)

## ○ (گەیە = gaya) : ○

وشەی **(گەیە** = gaya)ی ئاڤێستایی، بە واتای (گیان)، (ژیان)، (ڕۆح)، (ژین) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گیان = gyān)و بە ئەفغانی‌و بە بلووجیش وشەی (جان = jan)ە.

بۆ وێنەی (ژیان) مەولەوی یەژێت:

«مەر لابەرۆ ژار وە داروی ویصالْ
با.وەمەرهەم سێلْ زامْ کەرۆ پامالْ
وەر نە ئارەزووی ژیان مەحالەن
خەیالی حەیات، فیکرێ بەتالەن»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٥٠٩)

بۆ وێنەی (گیان) مەولەوی دەلێت:

«هەر لایی بادەی شەوقێوەم وەردا
یەکسەر سەرچون گیان شاباشم کەردا
خالۆگیان نامان پەی نەونەمامان
گیان دان وە مۆبەت پەی مەعدووم ئامان»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٤١٦)

وێنە بۆ (ژین) سەبری بۆتانی دەلێ:

«ئەگەر بمرم دیسا رابم
ژ دیدارا تە تێر نابم

ئەگەر ژینی ئەگەر ژانی
تو خۆشی یادل‌و جانی»

(شین‌و شادی، ل - ٣٣)

## ○ (گریڤا = grīva): ○

ئەم وشەیە، بەم جۆرە رووالّەتەش بەرچاو کەوتووە (گریڤە = grīva).
بە هەرحالٚ، ئەم وشەیە، بە واتای (ملە)، (یالٚ)، (پشت‌مل)، یان (گریٚمل) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (گریڤەك = grivak)

لە پارسی نویٚ - ش‌دا، بووە بە (گەردنە = gardna)،

یان بووە بە (گەردەن = gardan).

لە هیندی کۆنیش‌دا، بووە بە (گریڤە = grīva).

شایانی باسە، لە کوردیی‌دا، زاراوی (گەردەمل) بەکار دیٚت‌و دەوتریٚت:

- (گۆشتی گەردەملە). واتە: مالّی خاوەنیەتی. (کورد واتەنی).

جگە لەوەش وشەی (گریوە)، بە واتای (یال)، (ملەی‌بەرز)، دیٚ یان بە جیٚگایەکی زۆر بەرزی سەرماو سۆلّەگیر، (گریوە) دەوتریٚ

بۆ ویٚنەی (گریوە) میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەلّیٚ:

«(گەزەن) کەمەرەن، دیارگای (دەوران)
گنە سەر بەرزان (کریٚلەو ماکوان)

سەرچەمەی شارا «گریوە» و (سەریاس).
(بن‌دەرە) و (مەرین)، (شارا) و «مەسکەناز»
(ل – ٦٩)

○ (گی‌یوش = گی‌ئوش = geush): ○

ئەم وشەیە، بەو فریشتەیە دەوترێ، یان بە فریشتەیێ دەوترێ، کە سەرپەرشتی، یان چاودێری (گا)، (گاو) دەکا. واتە: شوانی گاگەل، یان گاوان (فریشتە)یە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (گۆش = gōsh) = (gōs).
(ف. پ. ب. د. فرەوەشی).

لە پارسی ئەمڕۆدا، بووە بە (ئیزد)، کە ڕۆژی (قوربانی دان) یان (بیرکردنەوەی خوا)، یان (خوا)، یان (جەژنی ئاژاڵ) دەگرێتەوە. بەڵام بە شوانی ئاسایی‌و لە پارسی ئەمڕۆدا، (چۆپان) دەوترێ.

○ (گۆورو = gōuru): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (گەورە)، (قورس)، (سەنگین)، (زل)، (بەڕێز)، (سەرۆك)، (مەزن)، (گران) هاتووە.

لە پارسی کۆن‌دا بووە بە (گرانە =grāna) و لە پالەویش‌دا بووە بە (گەران = garān)، یان (گیران = girān). (ف. پ. ب. د. فرەوەشی).

بۆ وێنە (سەنگ) مەولەوی دەڵێ:

«سەنگی سەنگ‌وخاك نە سەر دۆشم بۆ
مەر ئەوسا مەیلت فەرامۆشم بۆ»
(دیوانی مەولەوی، ل – ٢٩٦)

بۆ وێنەی وشەی (گەورە) گۆران یەژێت:

«لە دێدا، کام جێت گەورە بەرچاو کەوت
ماڵی ئاغایەو خانەقاو مزگەوت»
کە گەیشتینە بەر دەرگای گەورە
هەر خزمەت کارەو لێت ئەدا دەورە»
(دیوانی گۆران، ل – ١٢٨)

بۆ وێنەی (زل)، گۆران دەڵێ:

«توولە ڕێی باریك، تووناوتوون پشکن
ڕێبوار ئەخاتە ئەندێشەی بێبن
ناو ڕێگا تەق‌تەق لاڕێ بەردی زل
کە هێشتا گەردوون پێی نەداوە تل»
(دیوانی گۆران، ل – ١٢٨)

بۆ وێنەی (مەزن) جزیری دەڵێ:

زەهی دەردێ مەزن فرقەت جەگەرسۆت ئاتەشی دا دل
جهێ صەبری نەما چەندان فەرەج من دی دصەبری دا

مەلا بێ قامەتا یەکتا قیامەت من بچەهڤان دی
فراقێ رووسیابن تە ژمن جانێ شیرین جیدا
(دیوانی جزیری، ل - ١٠٩)

●

## بەشی (م = m)

○ (ما = ma) : ○

ئەم وشەیە، ئامرازی نەفیە، لە بری (نە، مە، نا،...)یە لە کوردیی دا .
لە پازەندا، ئەم وشەیە، بووە (مە = ma). لە پارسی کۆنیش دا (ما = mā)یەو لە هیندی کۆنیش دا هەر هەمان وشەیە. بەڵام بە ئەرمەنی (می = mi)یە .

بۆ وێنەی (نە) گۆران دەڵێ :

«تاوانم کرد گەل پێوە نام مۆری ناپاکی
بۆ زیندانە کۆچی ژینم دنیای رووناکی
وتم : گەل.. نەء، گەلفرۆشی دەزگاو دووکانگێڕ
عاری تێرپۆش خەوشی برسی، موو بە موو ژمێر»

(دیوانی گۆران، ل – ٢١٤)

بۆ وێنەی (نە)ی نەفی میرزائۆلقادر دەڵێ :

ئیمشەو شەو نیەن داخی دەبجوورەن
جە دووری بالاَت دیدەم بێ نوورەن

کاشکای نەکەردام نی ئاشنایی
وەی تەور نەچەشتام مەزەی جیایی».

(دیوانی میرزائۆلقادر، ل – ٧٤)

لە لایەکی دیکەوە دەڵێ :

«بەڵام زامی دڵ جای مژەی دوڵبەر
سارێش نمەبۆ، تا وەرووی مەحشەر»

(ل – ٧٦)

○ : (ma = مە) ○

ئەم وشەیە، ڕاناوە، لە دۆخی هەبووندا. واتە، بە تەواوی بەرامبەری (my)ی ئینگلیزییە .

لە کوردیدا، وەك ڕاناوی هەبوون، کە (–م)ە خۆی پیشان دەدات .

بۆ وێنەی (–م)ی موڵکایەتی، یان خاوەنیەتی، میرزائۆلقادر دەڵێ :

«تۆ چێش مەزانی زنیدەگیم چیۆ وەر
چە تەور ویارام جە لای ئەو دوڵبەر

چون مەیلش چەنیم نەکەردەبێ سەرد
گاگا وە شادیم من مەدام وە فەرق»

له وێنەی یەکەمیاندا وشەی (زیندەگی + م)، (-م)ی خاوەنیەتی پێوەیەو لە هی دووەمیاندا، وشەی (شاری + م)، (- م)ی خاوەنیەتی پێوەیە .

بۆ هەمان وێنە، (گۆران) یەژێت :

«تاوێ نەگەرا چەرخی موخالیف بە حیسابم
بێ ناڵە نی یە ئانیەیەك تاری روبابم»

(دیوانی گۆران، ل - ٦٧)

○ (مەبیا = mabyā) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بۆ خاوەنیەتی یەو بە واتای (بۆ من) دێ .
لە بنەرەتدا، پێك هاتووە، لە (مەنە = mana)، کە بە واتای (من) هاتووە، لەگەڵ پاشبەندێ، کە بۆ خاوەنیەتی یەو ئەویش (بیا = byā)یە .
بۆ پتر رۆشن کردنەوە دەڵێین :

- (مەنە = mana)، کە بە واتای (من) دێ .
- (مەبیا = maby ā)، کە بە واتای (بۆمن) دێ .
- (تەڤە = tava)، کە بە واتای (بۆ) دێ
- (تەبیا = tabyā)، کە بە واتای (بۆ تۆ) دێ .

لە زمانی کوردیدا، بۆ هەمان مەبەست، دوو وشە بەکار دەهێنرێن :
یەکێکیان (بۆ)ی پریپۆزیش - (حەرفی جەڕ)ەو ئەوی دیکەشیان ڕاناوی کەسیەتی یەو ئەویش (من)ە .

## ○ : (mātar = ماتەر) ○

وشەی (ماتەر= mātar)، بە واتای (دایك)، (دای)، (داڵك)، (دا)، (دادە)، (دادێ)، (ئەدا) هاتووە.

ئەم وشەیە، لەگەڵ وشەی (مەزەر = mother)ی ئینگلیزیدا زۆر نزیکن.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (ماتەر = mātar)و لە پارسی نوێ-ـش‌دا (مادەر= mādar)ەو بە ئەفغانی (مور = mor)ەو بە ئەرمەنی (مەتەك = matak)ە. (ب. ق).

لە هیندی کۆندا، (ماتەر = matar)ە.

لە کوردیی‌ی‌نوێدا، وشەی (مەت = mat)هەیە، بەڵام بۆ (پوور) - خوشکی باوك یان خوشکی دایك - بەکاردەهێنرێت، یان دەوترێ.

## ○ : (maxshi = مەخشی) ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (مێش)، (مەشی)، (مەگەز)، (مەگەس)،... هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (مەگەس = magas) یان (مەکەس = makas). (ف. پ. پ. فرەوەشی).

بۆ وێنەی (مەگەس) مەولەوی دەڵێ:

«خەیلیۆەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وە ڕابو بەرشۆ عوسرەتم

فەلەك وە بەختم مەگەس مکیانۆ
وە ڕاگەی ڕەحمەت هەم دیس مڕیانۆ»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٢٠١)

شایانی باسە، گۆتەی : (مەشی (مێشی دەرچوو)، بە واتای (گیانی دەرچوو) دێ .

○ (مەدهەخە = madhaxa) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (کوللە)، (مەلەکوڕ)، (مەلەخ) هاتووە، یان بە واتای (مڵە)، یاخود (هووڵە) هاتووە .
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (مەدهەك = madhak)و بە ئەرمەنیش بووە بە (مەرەخ = marax) .

بۆ وێنەی (مەلەخ) میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێ :

«یا (مالك الملك) سەماو سەربسات
جە دەستی مەلەخ پێشان دەی نەجات
مەعلوومەن بێ تۆ پەشێوەن خاڵم
یە جەوری مەلەخ یە جەفای زاڵم»

(دیوانی میرزا، ل - ١٠٧)

بۆ وێنەی «کوللە» میرزا یەژێت :

«نە تۆی سەف مدرا لەرزا جە هەیبەتَ
نامەش دا وە دەس ئەرکانی دەوڵەت
نە پای پای تەختی شا دنیا سەرانسەر
جە زوڵمی کوللە شابی باخەبەر

(دیوانی میرزا ئۆلقادر، ل – ١٢٣)

○ (مەریزەیتی = marezaiti) : ○

ئەم وشەیە، لە قەدی (مەرز = marz)ەوە هاتووە، کە بە واتای (گسك دان)، (ماڵین)، (پاككردنەوە) هاتووە.
لە پالەوی دا، (مەرزکون = marzkun)ەو بە بلووجی (مەڵەگ – مەڵەغ = malagh)ە، یان (مەڵینەغ = مەڵینەگ = malenagh). (ب. ق) .

○ (مەرەتە = marata) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە چەند رووالەتێکی دیکەشەوە بەرچاو کەوتووەو ئەوانیش ئەمانەن :
– (مەشە = masha) .
– (مەشیەهـ = mashya). (زمانی ئاڤێستا. س.ك) .
ئەم وشەیە، بە واتای (پیاو)، (مەرد)، (مرۆڤ)، (مرۆ)، (ئینسان) هاتووە .

چونکە دەزگای تازەی وڵات
بەبێ خەبات
بێ پاس‌و بێ پارێزگاری
سەقام ناخوا هەرگیز کاری»

(دیوانی گۆران، ل – ٣٠٠)

بۆ وێنەی (مرۆڤ)، سەبری بۆتانی یەژێتن:

«کار دکم بۆ مرۆڤا
گوهـ نادم هرح‌و هۆڤا
گوتنا تە ژ دلە
لێڤا تە یا بلبلە»

(شین‌و شاری، ل – ٢٥)

○ (مەر = mar) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مرن، مردن، مەردە، مەردەی) هاتووە. لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (مورتەن = murtan)و لە پارسی نوێ‌دا بووە بە (موردە = murdan) (ف. پ. پ. د. فرەوەشی).
لە پارسی کۆن‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (مەر = mar)و لە هیندی کۆن‌دا، هەر هەمان وشەیەو لە ئەرمەنیش‌دا بووە بە (میرەنیم = meranim)و لە ئەفغانیش‌دا (مرەل = mral)ەوَ بە بلووجیش (میرەگ = mirag)ی پێ دەوترێ(ب. ق).

ه پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (مەرت = mart). لە پارسی کۆن‌دا، (مەرتی‌یە = martiya)یە. بە ئەرمەنیش (مەرد = mard)ە.

بۆ وێنەی (مەرد)و (مەردانە) سەیدی یەژێ:

واتش: ئەی سەیاد تۆ عەشقی پیرت
ببەخشە، پێهان ئارۆ نەچیرت
سەیاد چون مەردان، مەردانەگی کەرد
لاشەی نەچێرش بە مەجنوون سوپەرد»

(دیوانی سەیدی، ل – ٩٣)

بۆ وێنەی (ئینسان) گۆران دەڵێ:

«بەڵام گەر ئەتیل‌و جۆلیۆسی زانا
نەبوورن لە خۆیان لە ڕێی ئینسانا
ژمارەی هەتیوی ئینسانی هەژار
دوور نابێ، ئەگاتە سەد هەزارهەزار»

(دیوانی گۆران، ل – ٢٧٧)

بۆ وێنەی پیاو (گۆران دەڵێ:

«ئێستا کچان
گشت ئافرەتان
گوڵ بارانی سەرباز ئەکەن
خۆیشیان وەك پیاو سەرباز ئەدەن

### (مەرزو = merezu) :

ئەم وشەیە، بە واتای (مەرزی زەمین)، (ئەوپەڕی زەوی)، (سنووری زەوی) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (مەرج - پان = marj — pan)، یان (مەرز - پان = marz — pan).

بۆ وێنەی سنوور، گۆران دەڵێت:

«چاوەنوارین قەفەسی کۆن بشکێنێ
پەساپۆرتی دەنگ لە سنوور بنوێنێ
جۆلیۆ نەی وت: ڕاستی‌و گۆرانی‌ی ڕۆیسن
بێ پەساپۆرت سنوور ببڕن، نەترسن؟».

(دیوانی گۆران، ل - ٢٧٩)

### (مەرگا = margha) :

ئەم وشەیە، بە واتای (مێرگ)، (چیمەن)، (سەوزایی)، (سەوزو گەرخوسدار) هاتووە.

لە زمانی عەرەبی‌دا، وشەی (مەرج)، یان (مروج) بۆ بە دەستەوەدانی هەمان واتا بەکار دەهێنرێت‌و ئەمەش بیرورا بۆ ئەوە رادەکێشێت، کە نیاز بکرێت، کە وشەی (مرج) عارەبی لە (مێرگی) ئاڤێستایی‌وە وەرگیرابێ، یان هەردووکیان یەك سەرچاوەیان هەبێ!

بۆ وینەی (مێرگ)، سەیدی هەوارمی دەڵێ :

«بێ مێرغوزار دونیا تەمۆم
چەنی ئاڤۆ هەرسۆ چەمۆم
کەی مەینەتۆ پاگۆ خەمۆم
دیدەی من من ئینتیزارەنی!»

(دیوانی سەیدی، ل - ١١٦)

هەر بۆ هەمان وێنە، (گۆران) دەڵێ :

«جوانی‌ی ساخی سەخت‌و دۆڵی قووڵ‌و مەنگ
ملەی بەرز پلەی خز، دەربەندآنی تەنگ
مێرگی سەوز چەمی خوڕ، دارستانی چڕ
دێی بناری دەشتی پەنا گردی خڕ».

(دیوانی گۆران، ل - ١٩١)

وێنە، بۆ وشەی (چیمەن) بێکەس دەڵێ :

«خۆشی لە سەرچنارە
چیمەن‌و مێرغوزراە
هەواکەی مێشکبارە
داروبەردی خومارە
سەیرانکەری هەزارە
جێی بولبول‌و هوزارە»

(دیوانی بێکەس، ل - ١٤٩)

## ○ مەزەنت = mazant) : ○

ئەم وشەیە، رووالەتێکی دیکەی بەرچاو کەوتووەو ئەویش (مەزەت = mazat)ە .

لە کوردیی ئەمڕۆدا، ئەم وشەیە بووە بە (مەزن)، (بوزرگ)، (گەورە)، (پایەبەرز) .

وێنە، بۆ (گەورە) گۆران دەڵێ :

«بەڵام ڤالەی گیان ڤالەی دروستی
هەرگیز ون نابێ، لە باغچەی هەستی
یادی گەورەیی و شیرینیی و چاکی
بەڵگەی مانە بۆ ژیانی پاکی».

(دیوانی گۆران، ل – ٢١٣)

بۆ وێنەی (مەزن)، ع، ح، ب، دەڵێ :

«بیرەوەریم......
ناخی هەستی شەکەت و شینم
لە یادکردنەوەی تۆ پڕن
ئەی مامۆستای بەرزی مەزن
هەرچی شتە بیرچێ و لاچێ
گەورەیی تۆ لە بیر ناچێ
لەئاسمان
لەو شوێنەی تەختی گەردوونە
ناوی «گۆران» .
(ئاسۆری دەروون) (ل – ١٥٩)

○ (مەزگە = mazga) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (مەزگ)، (مێزگ)، (مێشك)، (دەماخ) و (دەماغ)،... هتددێ.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (مەزگ = mazg) و لە بلووجی دا بووە بە (مەژهگ = mazhg)و بە ئەفغانیش (ماغزە = maghza) یەو بە هیندی کۆنیش (مەججەن = majján)ە

شایانی باسە، جگە لەو وشە کوردی یانەی سەرەوە وشەی (مەزگە)ش هەیە، کە بە واتای (ناوی گوێز)، (کاکڵە گوێز)دێ.

بۆ وێنەی (دەماخ) میرزا ئۆلقادری پاوەیی دەڵێت:

گاگا وە شادیم من مەدام وە فەرق
چەنی ستاران، دایم مەدام بەرق
وێم وە دڵواز شادیم وە کۆ بێ
دەماخم پەرداخ عەترە لیمۆ

(دیوانی میرزا ئۆلقادری پاوەیی – ٩٢)

○ (مەسیە = masya) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ماسی)، (ماهی)، هاتووە.

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە بووە بە (ماهیك = māhik) و لە بلووجی دا بوو بە (ما هی = māhi) و لە ئەفغانی دا بووە بە (ماهەی = māhai).

لە هیندی کۆن دا، ئەم وشەیە، بووە بە (مەتسیە = matsya). (... ی).

بۆ وێنەی (ماهی) لە کتێبی کاکەیی دا هاتووەو دەڵێ:

«شاه سوڵتان سەهاك دەسش کەرد ڤە بەحر
ماهی بەرشتە بەر ئاڤەرد ڤە بەر
قاتش میکائیل گۆشتش کەرە نۆش
سوخرانش مەشکەن، خەمدەری پڕ جۆش»
(کاکەیی، ل – ٢١١)

بۆ وێنەی (ماسی)، کورد واتەنی دەڵێ:

– (ماسی بێ کێردە). واتە: هیچ ئەرکێکی بە سەرەوە نی یە، بۆ هەموو شتێ ئامادەیە.
– (ماسی لە دەریا دەبەخشێت). واتە: خاوەنی شتێ نی یەو دەیەوێ بیفرۆشێ.
– (ماسی لە بەحردا، مەعمەلە ناکرێ!) واتە: شتێ لە بەرچاو نەبێ چۆن مامەڵەی دەکرێ! (ء. ل – ٤٤٤).

○ (مەگۆ = magō): ○

(ماگۆ = māgō)، هەردووکیان دوو رووی ئەم دیوو ئەو دیوی وشەیەکن، کە بە واتای (مۆگ = مۆغ) هاتووە.

بۆ وێنەی (پیری مۆغان) مەلای جزیری دەڵێتن:

«خدمەتا پیری مۆغان) دێکت کەسێ مەقصوودە مەی
شیشە ئوو جاما زوجاجی ئێ دڤێت دێ رەت حەلەب

جووری هندی دیٚ کشینت هەر کەسیٚ طاوس دڤیٚت
گەوهەرو دوڕا یەتیم بیٚ تەرکی سەرتیٚتن طەلەب»
(دیوانی جزیری، ل - ١٢١)

بۆ وێنەی پیری موغان لای مەحوی

«هەی لە ژن کەمتر، موعەططەلیٚ بۆچی! نەی ژەن لیٚدە نەی
ساقیا ساقت شکیٚ، بەس رابوەستە، بێنە مەی
ئەو قورمساغە، دەڵێن پیری موغانە پیٚی بڵێن
پیری ئاخرشەڕ، دەری مەیخانە تاکەی دادەخەی»
(دیوانی مەحوی، ل - ٣٥٨)

شایانی باسە، ئەم وشەیە، بەم جۆرە رووالەتەش بەرچاو کەوتووە (مۆگو یان (مۆغو = mōghu). (ب. ف).

○ (مەنە = mana): ○

ئەم وشەیە، راناوی کەسی نەلکاوە، بە واتای (من، ئەز) دیٚ لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (مەن = man)و لە پارسی کۆنیش‌دا (مەنا = manā)یە.

بە هۆی ئەم وشەیەوە، وشەی (مەنەھـ = manah) دروست بووە، کە بە واتای (spirit)ی ئینگلیزیی هاتووەو مەبەستیش (پیاوەتی)، یان (پیاوی)یان (رۆحی پیاوانە)یە.

دیارە، هەروەك لەوەوپێش‌تر، باسمان کرد، وشە بە پیٚی بە کار هێنانی لە جیٚگای جۆراوجۆردا - (مەبەستمان، ناوە، یان، ئاوەڵناو) - کۆتاییەکە

ئاڵ‌و گۆڕ دەبێ‌و کەم، یان زۆر پاشبەندی بۆ دێت. ئەوجا ئەم وشەیەش، ئەم دوو ڕوواڵەتەی، بە هۆی گۆڕینی جێگاوەو دەوری خۆیەوە، بەرچاو کەوتوون، ئەوانیش:

- (مەنەهەز = manah - as).
- (مەنەهەت = manah - at).

### ○ (مەونگ = maungh): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مانگ)؛ (هەیڤ)، (ماه)، (مۆنگ)، .. هتد) هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (ماه = māh)، یان (ماهەك = māhak).

بۆ وێنەی (مانگ). بێکەس دەڵێت:

«ئەی مانگ، من‌و تۆ هەردوو هاو دەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین
تۆ وێڵ‌و ڕەنگ زەرد بە ئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بە شارانەوە»
(دیوانی بێکەس، ل - ١٥١)

بۆ وێنەی (مۆنگ)، سەیدای هەورامی دەڵێ:

«ئەز ئاشك بێنێ گێرێم یاوو ئەشكی
گرێنێ‌و سۆچێنێم من یاو و ئەشكی

نەبێ حاڵم وەرۆ ئەشکی عەظیمی
رووی‌و کۆم کیاستم پەی حکیمی
دیۆم چێش یارم ئوما وەختێ شۆمە
ئەرجێ (مۆنگەنە) مۆنگی تەمۆمە»

(دیوانی سەیدی، ل - ١٦)

بۆ وێنەی (هەیڤی) سەبری بۆتانی یەژێتن:

«یا تەکری‌و یا تە گۆتی
یان تە بری یان تە سۆتی
دکم چیرۆك بۆ سێوییا
پێ ساخ دکم سەد هێڤیا»

(شین‌و شادی ل - ١٣٢)

○ (مەیشە = maesha): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مەر)، (مێ)، (کاور)، (بەران)، مێشن = گۆشتی مەر یان گۆشتی سپی) دێ. هەندێ پێ‌ی دەوترێ گۆشتی (مێشن)، واتە: گۆشتی کاور، بەرخ، بەڕان، پەز. بە گۆشتی بزن‌و سابرین‌و نێری‌و گێسك‌و کار گۆشتی سیاون دەوترێ.

بە شێوەیەکی رۆشن‌تر، بە ئەوانەی بەشی یەکەم، ماڵیاتی، یان ئاژەڵی (مێشن) دەوترێ‌و بەوانی بەشی دووەمیش بەشی سیاون دەوترێ‌و ئەم دوو جۆرە جیا کردنەوەشە، لە شارەزوورو هەورامان‌دا زۆرباوەو زۆر بڵاوە.

بۆ وێنەی (مێ)، یاخود (مەڕ). گۆران دەڵێ:

«کە مۆڵمدا مێ – گەلی تێر، لەسەر سەوزەگیا
زەردەی هەتاو ئەگرێتە زێر رووی دەشتو چیا
هەر نازدارە، بۆ هەڵپەرکێ، جۆشێ لەسەریا
لە شمشاڵم ئەنێ، بە ناز رووی نیازی جیا»
(دیوانی گۆران. ل – ٥١)

بۆ وێنەی (مەڕ) ع. ج. ب دەڵێ:

«کاتێ کە مەڕەکانت
هاورێ بە فەڕەکانت
ماندووی جە ستەتو بەدەن
بۆ شمشاڵ دەورت ئەدەن»

لە هیندی کۆندا، ئەم وشەیە. بووە بە (مێشە = mēsha) و بە ئەفغانیش (مێغ = mēgh)ی پێ دەوترێ، یان (مێش = mēsh)و بە بلووجیش (مێش = mesh).

## ○ (مینو = minu) ○

ئەم وشەیە، بە رووالەتێکی دیکەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (مینەڤ = mina). (ب. ق.).

ئەم وشە ئاڤێستایی یە. بە واتای (خۆش). (پاك). (دڵگیر). (جوانی). (خاوێنی). (بەهەشت)، (.... هتد) هاتووە.

بۆ وێنەی (مینا) – نموونەی پاکی‌و ڕۆشنی- مەحوی دەڵێ:

«براله، ئەم هەموو ئۆباڵە بێ بەو گردنە حەیفە
بنیشێ بەم حەدە ئەم گەردە لەو مینایی بێ‌گەردە
لە دەورمدا حەصار : ئافەت، لەسەر سەر خەیمە : دوودی ئاهـ
لە سایەی عیشقەوە بوومە شەهی صاحیب سەراپەردە»

(دیوانی مەحوی، ل – ٢٧١)

بۆ وێنەی (پاك) پیرەمێرد یەژێت :

«لە پێشەوە جووتێکی باڵا عەرعەرو لاولاو
کە تیشکی کوڵمی ئەوان مانگی خستبوە ناو ئاو
بە یەك دڵی تەکیان دابوە یەکتر بە سەوداوە
بە خۆشەویستی‌یەکی پاكو بێگەردو ساواوە»

(دیوانی پیرەمێرد، ل – ١٥٩)

○ (مەهرکە = مەرکە = mahrka) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مەرگ) هاتووە.

دوو ڕووالەتی دیکەی ئەم وشەیە، بەرچاو دەکەون، ئەوانیش : (مرثیوش = m—rthyush)و (مرتیوش = mrt — yu — sh)ن.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (مەرگ = marg)و لە ئەرمەنی‌دا، بووە بە (مەهـ = mah)و لە بلووجیش‌دا بووە بە (مەرك = mark). (ب. ق).

بۆ وێنەی (مەرگ) بێکەس دەڵی :

«ئەمڕۆ ڕۆژی ماتەمە
عالەم دڵی پڕ لە غەمە
ڕووی ئاسمان هەورو تەمە
بۆ جوانە مەرگانی وەتەن

(دیوانی بێکەس، ل - ٨٠)

○ : (mushti = موشتی) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مست)، (مشت) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، بووە بە (موشت = musht)و لە ئەفغانیش‌دا هەر (موشت = musht)ەو لە هیندی کۆنیش‌دا (موشتی = mushti)یە.

○ : (mizada = میزەدە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (مزە)، (کرێ) هاتووە.
لە پالەوی‌دا بووە بە (میزد = mizd) یان (موزد = muzd).
(ف. پ. پ. د. فرەوەشی).
لە پازەنددا، هەر هەمان وشەی (موزد = muzd) بەکار دەهێنرێت.
لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (میدهە = mīdhá.

پێش ئەوەی ئەم وشەیە بەحێ بهێڵین، دەبێ ئەو بهێنینەوە یاد کە(کرێ)ی هارینی گەنم بۆ ئەوەی ببێ بە ئارد، لە ئاشی(ئاو)دا (مزە) بووە. ئەویش بە پێ‌ی پێوانە بووە. ئەوجا ئەو (مزە)یە (دە - یەك) بووە، یان (بیست - یەك) بووە - بە تەواوی ئەمەم لا ڕوون نی‌یە!

ئەم وشەیە، بە واتای (موژدە)، (مژدە)، (مزگێنی)، (مزانی)، (هەواڵی خۆش)، (پاراشت) دێت .

هەر لەم وشەیە، وشەی (میزدەڤەت = mizdavat)و هی (میزدەڤەنت = mizdavant)، کە بە واتای (مژدە وەرگر) وێ، پێك هاتووە .

بۆ وێنەی (پاداشت) گۆران یەژێت :

کە تیری نیو نیگات چەرخانە ئینسان
قەفەس خاڵی ئەکا، مورغی دیرایەت
لە چاوی بەدخوا عومری جوانی
قوبوڵ کا لێم بە پاداشتی ویقایەت

(دیوانی گۆران، ل - ٦٨)

بۆ وێنەی (مزگینی) مەلای جزیری پەژێتن :

دلۆ مزگینە من شابەکو سولطانێ مە دێ بێن
ژمن باوەر کە پەیغامێ سەحەر مزگین بمن پێدا
شوکور بیناهی‌یا من‌هات‌و (یعقوب) دیدە رەوشەن بوو
ببویا یوسفێ میصرێ لەکنعانی بەصەر پێدا».

(دیوانی جزیری، ل - ١٠٤)

بۆ وێنەی موژدە (پیرەمێرد) دەڵێ :

«سبەینێ بوو لە خەو هەستام، کە روانیم بەفرە باریوە
سلێمانی ئەڵێی بەڵقیسە، تارای زیوی پۆشیوە
دەمێك بوو چاوەڕێی بەفرێکی وا بووم موژدە بێ باری
سەرم بەفرە کەچی هێشتا شەرە تۆپەڵمە بۆ یاری».

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ١٣٥)

بۆ وێنەی (مزانی) سەیدی هەورامی یەژێت :

«نەورۆزگوڵ جاسووس گوڵانی تازەن
وەهار کیانان مزانی وازەن
بافتەن پەی زینەت، رەندانی دوڵبەر
چون جوقەی تاوس بپێکان وە سەر».

(دیوانی سەیدی، ل - ١٨٣)

بۆ وێنەی وشەی (مژدە) قانیع دەڵێ :

«وەتەن، مژدە بێ پارشێو کەرانە
تاریکی نەما بەرەو بەیانە
شۆرو غەوغایێ لە ناو گەلانە
ئەڵێن، وا دەوری ژینی کوردانە»

(دیوانی قانیە، ل - ٢١٥)

●

## بەشی (ن = n)

○ (نە = na) : ○

ئەم وشەیە ئامرازی (نەریٚ = نەفی)یە .

بە کوردیی بۆ هاوواتای ئەم ئامرازە، (نە، نا، ناء، نەء، مە... هەن) .

لە پازەندا بۆ ئامرازی نەریٚ (نە = na)ش بە کار دیٚت .

لە هیندی کۆندا هەر (نە = na)یەو لە ئەفغانیدا (نە = na)یەو لە پالەویدا (نەی = nay)یەو لە پارسی نویٚدا، (نە = na)یە، یان (نەی = nay)ە. (ب. ق) .

بۆ ویٚنەی (نە) گۆران دەلیٚ :

مەکتەبیٚکت خویٚند، نە ئوستادیٚ پەلی گرتی
صیرف بەرزیی دەکا ئەم سنعەتەی فیٚر کرد بە شمشاڵت
هەموو وەزنیٚکی گۆرانی، لە توولانی هەتا کورتی
بە سەر پەنجەی هونەر کردت بە دیلی کۆششی زاڵت»

(دیوانی گۆران، ل - ١٢٠)

بۆ ویٚنەی (نا) گۆران یەژیٚت :

«هەرچەن ئەکەم، ئەو خەیاڵەی پیٚی مەستم
بۆم ناخریٚتە ناو چوار چیٚوەی هەڵبەستم

لێك دانەوەی دەروون قسەی زمانم
بۆچی وەها دوورن لە یەك نازانم»

(دیوانی گۆران، ل – ١٢١)

بۆ وێنەی (نەء) گۆران دەڵێ:

لە لێشاوی غەڵبە . . . . .
بانگێکی دا، لە گوێچکەم (با)
رژێمی جەمهووری بژی
خەو ئەبینم جەمهوری چی!
نەء، خەو نی یە
شایلۆغانی جەمهوری یە».

(دیوانی گۆران، ل – ٢٨١)

**○ (نەڤە = nava): ○**

**ئەم وشەیە، بە واتای (نەڤە)، (نەوە)، (وەچە) هاتووە.**
**لە پالەویدا، (نەپ = nap)ەو لە پارسی نوێدا بووە بە (نەڤە = nava)و**

لە پارسی کۆنیش دا (نەپات = napāt)ە.
ئەم وشەیە، لە هیندی کۆن دا، بووە بە (نەپات = napāt)، یان (نەڤە = nava). (ب. ق).

بۆ وێنەی (نەڤە) سەبری بۆتانی یەژێت:

«جوتیارێ» دەست قلێرم
نەڤێ کاوەی دلێرم
سۆز بت یان تە بکێلم
ژبۆ زۆردار نەهێلم»

(شینو شادی، ل – ٧٥)

بۆ وێنەی (نەوە) یان (نەتەوە) گۆران دەڵێ:

«ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەفقەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز، دای بە هەوری زستان، دڕ
گەرمیو ژینو شادی هێنا بە دیاری
کوردی خستە جەژنی تازەی بەهاری»

(دیوانی گۆران، ل – ٣٠٩)

وێنە بۆ وشەی (نەوە)، قانیع دەڵێ:

«بژی کاکی شۆڕشگێڕ بۆ نیهادی
لەگەڵ دەستەی فەقیرانو هەژاران
ئەگەر بۆ خۆت نەبوو (قانیع) مەترسە
نەوەت سەربەست ئەژی، بێ زەجرو لێدان»
(دیوانی قانیع، ل – ١٦٣)

## ○ (نەر = nar): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (نێر)، (پیا)، (نێرینە) هاتووە

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (نەر = nar).

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە (نەر = nar)ەو بە ئەفغانیش هەر هەمان وشەیە.

شایانی باسە، ئەم وشەیە، بە شێوەو جۆرێکی دیکەهاتوەو ئەویش (نر = nr)ە.

بە هەرحاڵ، ئەم دوو رووالەتە، دوو دیوی یەك وشەن.

شایانی باسە، بە هۆی وشەی (نەر = nar)ەوە، ئەم وشە ناساکارانە دروست بوون:

- (نەرەگەرەم = naragaram)،
- (نر - گرمە = nr - grma).

ئەم وشە نوێ ناساکارە، بە واتای (خرمەی نێر) - واتە پیاو لە کاتی خواردن‌دا، جۆرە کرمەیەك یان جۆرە خرمەیەك دەکات - هاتووە.

بۆ وێنەی (نێر)، کوردواتەنی دەڵێ:

- نێرەو بیدۆشە!
- یامن ئەڵێم نێرەو ئەویش دەڵێت بیدۆشە!

ئەمە بە کەسێك دەوترێ، کە لەسەر قسەی نابەجێی خۆی سوور بێ!

- نێرەحەیتەیەکە بۆ خۆی!

(بە یەکێکی زلی جەربەزە) دەوترێ!

هەر لە هەمان وشەوە (نەر = nar)، ئەم وشە ناساکارەش دروست دەبێ:

- (نەریە مەنەه = narya - manah)، کە بە واتای (رۆحی پیاوەتی)، یان (رۆحی پیاوانە) هاتووە.

○ :(nazda = نەزدە) ○

**ئەم وشەیە، بە واتای (نزیك)، (نزدیك) هاتووە.**

**لە ئەفغانی دا، ئەم وشەیە بووە (نزدێ = nizdē)و لە هیندي كۆنیش دا بووە**
بە (نیدییەس = nédīyas) یان (نیدیشتە = nédishtha).

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نەزدیك = nazdik).

○ :(naska = نەسكە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (تێكست) (كتێب)، (جزم) – هی پیرۆز – هاتووە.

○ (navaiti = نەڤەیتی) ○

ئەم وشەیە، ناوی ژمارەیەو وشەكەش ناساكارەو بە واتای (نەوەد = نەوەت = ٩٠)، (نەڤەی)، (نەڤەی)، (نۆت) هاتووە.

لە پالەوی دا ئەم وشەیە بووە بە (نەڤەت = navat)و لە پارسی كۆنیش دا بووە بە (نەڤەتی = navati).

○ :(nava = نەڤە) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (نە)، (نۆ)، هاتووە.

هەر لەم وشەیەو بە هۆیەوە وشەی (ناومە = nāuma) یان (نەومە = naoma) دروست بووە، كە بە واتای (نۆهەم)، (نۆیەم) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پارسی كۆن دا، بووە بە (نەڤەمە = navama) و لە پالەویش دا بووە بە (نەوم = naum) و بە هیندی كۆنیش (نەڤە = nava)یەو بە ئەرمەنیش (ئین = inn)ەو بە ئەفغانیش (نوە = nuh)ە.

ئەم وشەیە، لە پارسی نوێ دا، بووە بە (نوهە = nuh)یان (نۆە = nōh)ە.

○ (نەمرە = namra) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (نەرم، نیان، ناسك، نەمر) هاتووە.
هەروەك دەردەکەوێ، جگە لە ئاڵ و گۆڕێك، کە لە نێو دەنگەکاندا رووی داوە، چ زیادو کەمی یەك بەرچاو ناکەوێت.
لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (نەرم = narm).و لە هیندی کۆنیش دا (نەمر = namra)یەو لە بلووجیش دا هەر (نەرم = narm)ە.

○ (نەمەن = naman) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ناو)، (ناڤ)، (نام)، (نامێ) هاتووە.
لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نام = nām)و لە پارسی کۆنیش دا، بووە بە (نامەن = nāman).
لە هیندی کۆن دا، بەرامبەری ئەم وشەیە، وشەی (نامەن = nāman)ەو لە بلووجیش دا بووە بە (نام = nām).

○ (نیەز = ni – az) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ئاوات)، (خورپەی دڵ)، (نیاز)، (پێویستی دڵ و دەروون)، (ویستن)، (خورپەی دەروون)، هاتووە.
لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نیاز = niyāz)و لە پارسی نوێش دا بووە بە (نیاز) یان هەر هەمان وشەیە.

بۆ وێنەی (نیاز) مەحوی دەڵێ:

«ئەو چاوە چی دەکا، کە هەموو عاشقانی کوشت
بێ نازە ناز ئەگەر بەرو دەوری نەدا نیاز

پرسی: که حاڵی چاوو دەروون‌و دڵت چی‌یە
هەر ئەشك‌و ئاهو داغە لەگەڵ سۆزی جان گوداز»

(دیوانی مەحوی، ل - ١٣٤)

وێنە بۆ وشەی (نیاز) هەردی دەڵێ:

«کەچی ئەو کۆشکی چەند ساڵەی، دڵم بنچینەکەی دانا
بە تەنیا گەردەلوولێکی (نەهاتی)، چوو بە ئاسمانا
هەموو ئەو نیازو ئاواتەی، لە ناو ناخی دەروونا بوو
لە داخی بێ بەڵێنی ئەو، بە جارێ تەفرو توونا بوو»

(رازی تەنیایی، ل - ٦١)

**○ (نەیرێڤە = nairyava): ○**

ئەم وشەیە، ناساکارەو سێ پارچەیەو بە هەر سێکیانەوەو پێکەوە بە واتای (نێریی)، (مەردیی)، (نێریەتی)، (پیاوی)، (مەردایەتی) هاتووە. لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نێرۆك = nērōk)و بە هیندی کۆنیش (نەریە = narya)یە. (ب. ق).

بۆ وێنەی پیاوەتی بێکەس دەڵێ:

«بەسیە تەعنەم لێ مەدە، هەر رۆڵەکەی جارانتم
هیندە حیلمت بێ هەتاکو دەست‌وپێم ئەکرێتەوە

شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ گەر خودا دەستم بدا
دوژمنت پەت کەم وەکو سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە»

(دیوانی بێکەس، ل – ٥٦

وێنە، بۆ وشەی (مەردی) سەیدای هەورامی یەژێت:

«واتش: ئەی سەیاد، تۆ عەشقی پیرت
بیەخشە، پێمان، ئارۆ نەچیرت
سەیاد، چون مەردان، مەردانەگی کەرد
لاشەی نەچیرش بە مەجنوون سوپەرد»

(دیوانی سەیدی، ل – ٩٣)

○ (نەیزە = نەیەزە = naeza): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (نووك)، (سونگی)، (نێزە) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نێزەك = nezak)و بە ئەرمەنی ش
بووە بە (نیزەك = nizak).. (ب. ق.).

بۆ وێنەی (نووك) مەحوی دەڵێ:

«بە نووکی تیری شۆخێکی کەوا چۆخ
لەبەرما تەن بووە جامەی برنجۆك

به کوڵمی ئاڵیا ئاڵاَ خەتی سەبز
ترنجی کەوتە بەر پەنجەی ترنجۆك »

(دیوانی مەحوی، ل – ١٩١).

بۆ وێنەی (نووك) قانیع بەژێ:

«دادو بێدادو فوغانم، بۆ نەکەم، بڵاهەر بکەم
قوڕ بپێوم هەر لە تەوقی سەر هەتا نووکی قەدەم »
(ل – ١٩٧).

بۆ وێنەی وشەی (سونگی) گۆران دەڵێت :

« بەڵام کام تیر، کام پۆشتە
وێنەی ئەو، ئەی فریشتە
بێباك وەستا بەرامبەر
نووکی سونگی ستەمگەر »

(دیوانی گۆران، ل – ٨٥).

بۆ وتنەی (نێزە) ك. هەورامانی یەژێ :

ئێمە رۆڵەی ینشتمانین گیان بەختکەری هەرزانین
هەوڵمان بە رۆح و گیانە، بۆ سەربەرزی ێشتمانە
چون عەزمی ئێمە بە هێز تر لە تفەنگ نێزە
تێ هەڵ دانی بەندیخانە تفەنگ نێزەی بێگانە
زەرەیێ نامانترسێنێ، گەر کیانیشمان دەر بێنێ!

(ك. هەورامانی).

## ○ : (naima = نه‌ىه) ○

ئه‌م وشه‌یه، به رووالّه‌تێکی دیکه‌شه‌وه به‌رچاو که‌وتووه‌و ئه‌ویش (نه‌ىه = naema) یه.

له سانسکریتدا، ئه‌م وشه‌یه، بووه به (نێمه = nema)وه له (ڤه‌ندیداد)دا ئه‌م فره‌یزه‌و به‌م جۆره رووالّه‌ته‌وه هاتووه(نه‌یم خشه‌فنی = naemexshafni) یان به‌م جۆره (نه‌یم ئه‌زنی = naemeasni).

(ب. ق. ل – ۲۲۳۳).

له پاله‌ویدا، ئه‌م وشه‌یه بووه به (نێم = nēm)، یان (نێمه‌ك = nēmak)و له پازه‌ندیشدا (نیم = nīm)ه‌و له بلووجیشدا (نێمرۆچ = nemrōc) – که به واتای نیوه‌رۆ هاتووه – یان (نێم شه‌پ = nemshap) – حه به واتای نیوه‌شه‌و هاتووه – به ئه ئه‌فغانیش (نیمه‌ی = nīmai)یه. (ب. ق).

به هه‌رحالّ، ئه‌م وشه‌یه (نه‌ىه = naima)، به واتای (نیم)، (نیو)، (نیڤ) هاتووه.

وێنه، بۆ وشه‌ی (نیم) مه‌وله‌وی ده‌لێ:

«به‌لّ ئیمشه‌و خه‌مان نه ده‌رۆم وه باد
ساقی گیان قوربان خاتر که‌ره شاد[1]
بووه وه باعیس ئه‌ی نیم گیانی سه‌خت
سابه‌لّکه نه‌مرۆ (مه عدوم)ی به‌دبه‌خت»

(دیوانی مه‌وله‌وی، ل – ٥).

وێنه بۆ وشه‌ی (نیڤ)، سه‌بری بۆتانی یه‌ژێت:

«ئه‌ز نه ئه‌وم یێده‌م ده‌مێ
هه‌ر ئه‌رێ مه هه‌ر ئه‌رێ

سەیدانێ رەوشا رهڤیٚ مە
پەیوکیٚ نیڤیٚ شەڤیٚ مە »

شینو شادی، ل – ٠٠)

○ (نیژاتی = nizāti) : ○

ئەم وشەیە بە واتای (نەژاد) هاتووە.

بە سانسکریتی (جاتی = jāti)یە.

لە پارسی پالەوی بۆ بەرامبەری ئەم وشەیە، چەند وشەیەك هەنو ئەوانیش ئە مانەن :

– (چیهر = cihr)،
– (چیهرەك = cihrak)،
– (چتیر = citr)،
– (ناف = nāf)،
– (تۆهم = tōhm)،
(توخم = tuxm).

(ف. پ. ب. د. فرەوەش، ل – ٣٦٤).

لە پارسی ئەمڕۆدا ئەم وشەیە بووە (نەژاد = najat). لە زمانی کوردیدا بۆ بەرامبەری ئەم وشەیە، ئەم وشانە هەن :

(رەگەز)، (نەژاد)، (هۆز)، (تیرە)، (رەچەڵەك)، (رەسەن)، (توخم)،......) هتد.

بۆ وێنەی (نەژاد) قانیع یەژێت :

«لاوێ خوێنگەرمم خەریکی ئیشی ناو کۆڵانی‌یە
مردنم چاکە عەزیزم بێژەنی خوسرەو نەژاد
ئێستە مەحکوومی چەپۆکی جوولەکەی کاشانی‌یە
کوانێ ئەو بازە چریکەی سەد شەهێنی کەڕ ئەکرد».

(دیوانی قانیع ، ل– ٢٠٣)

○ (نیکازە = nikasa) : ○

**ئەم وشەیە، بە واتای (نیگاها)،(تەماشا)، (روانین)، (نیشان)،.... هاتووە.**

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نیکاز = nikās)و لە پارسی نوێیش‌دا بووە بە (نیگاه = nigāh)و بە بلووجیش (نیکاه = nikāh)ە.

بۆ وێنەی وشەی (نیگا)، مەولەوی دەڵێ :

نەواچي من پیر ئیفتادەی دڵ‌ڕێش
ئیسە چەنی مەیل ئازیزانم چێش

تا یاران نیگای نیهانیشان بۆ
پیران مشیۆ تاف جوانیشان بۆ

(دیوانی مەولەوی، ل – ٧٥).

بۆ وێنەی (نیگاه) قانیع یەژێت :

« هەموو ملکی بەلاو میحنەت، بە تەنیا ملك‌و تاپۆمە
کەسێ وا بێ لە ناوشارا چ دەربەستی سەرایەکە
بە غەیرەز خەم، کە، خواردنە، نەهاروشام‌و بەرقلیان
لە ئەنعامی خوا حصصەی ئەمن تەنیا نیگاهێکە ».

(دیوانی قانیع، ل - ١٨٩).

دیاردەی، هەرە گرنیگ لێرەدا، پەڕینی، یان قرتاندنی.پاشپەندنی کۆتایی‌یەیان، سووانی بڕگەی کۆتایی‌یە.

○ (نوو = nū) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ئێستا، ئێستە، ئیسە، نووکە، هەنووکە) هاتووە.

لە ئینگلیزی‌دا وشەی (ناو = now) لە هەمان واتا هاتووە، بۆیە بۆمان هەیە بڵێین بە هەردووکیانەوە لە یەك ریشەوە وەرگیراوە، یان یەك ریشەیان هەیە.

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نوونەم = nūnam)و لە پالەویش‌دا بووە بە (نوون = nūn)و بە بلووجیش (نوو = nū)ە یان (نوون = nūn)ە.

لە پارسی ئەمرۆدا، بووە بە (ئەکنوون = aknūn).

بۆ وێنەی (ئێستە)، گۆران دەڵێ:

«کەنیشکە جوانەکە: گوڵباغی شۆخو رەونەقدار
کە ئێستە مەوقیعی باڵای سەرتە مەستی مەغروور
ئەبینی، ئاخری رۆژی سوقوط ئەکا مەقهوور
لە ژێری پێی عەجووزا ئەبێتە تۆزوغوبار»

(دیوانی گۆران، ل - ٧٠)

بۆ وێنەی (ئێستا)ش، گۆران دەڵێ:

«کەنیشکە جوانەکە، ئێستا ئەگەر بە سیحرو فسوون
هەزاری وەك من ئەکێشێتە داوی شۆڕو جنوون
بە ئیبتیسامی نەوازش لەبت بکەی تەهزیر
دڵی هەزاری وەکوو من لە عیشق ئەکەی لەبریز»

(دیوانی گۆران، ل - ٧٠)

دیاردەی هەرە گرینگ لێرەدا، ئەمەیە، کە:

لە زمانی کوردیی ئەمڕۆدا برگەی (-کە = ka-)ی بۆ زیاد کراوە، یان خراوەتە سەری، ئەگەر لەگەڵ (نووکە)دا بەراورد بکرێ.
لە پارسی نوێدا، برگەیێ لە پێشەوەو یەکێکیش لە کۆتاییەوە، خراونەتە بەرودوای وشە ئاڤێستاییەکە.

## ○ (نوڤێد = nuvēd) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، دوو رووالەتی دیکەشی بەرچاو کەوتوون و ئەوانیش :

– (نیڤەیدهەیمی = nivaedhayemi)و
– (نیڤەیدەمی = nivaedayemi)یە .

لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نیڤێدهـ = nivedh)و لە پارسی ئەمرۆش دا، بووە بە (نەوید = nawīd) .
ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (نەوید)، (مزگێنی)، (مزگانی)، (موژدە)، (مزانی)، (هەواڵی خۆش)، (دەمخۆشانە) هاتووە .

بۆ وێنەی (نەوید) مەحوی دەڵێ :

«شەو بەئێمە، با (نەویدی) هاتنی جانانی دا
یەعنی ؛ ئەی شەونم گەلینە موژدە بێ میوانە رۆژ
مەطلەبت گەریارە، هەر سەعیت بە کارە دائیما
بۆ تەوافی ڤاپی یەك وا بەر زەدە دامانە رۆژ» .

(دیوانی مەحوی، ل – ١٣٨)

بۆ وێنەی (مژدە)، مەولەوی دەڵێ :

«مژدەم بەڵێ بەیۆ ناگا جە دەردا
نیگام وراستەن وە راگوزەردا

دلْ وەتەمامی نیەن وە جادا
خەریکەن نە بەین خۆفو ڕجادا»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٥١٨)

○ (نیدهاتی = nidhāti) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای، (نیهانی)، (نهێنی)، (پەنایی)، (پەنهانی)، (پەنادراو)، (هەشار)، (هەشاردراو)، (شارراوە)، (شاریاوە)، (پەنا دریاو)، (پەنانی)، (پەنانەکی) دێ.

ئەم وشەیە، لە پالەوی‌دا، بووە بە (نیهان = nihān)و لە پارسی کۆنیش‌دا (نیدانە = nidāna)و لە پارسی نوێ–ش‌دا بووە بە (نیهان = nihān).

بۆ وێنەی (پەنهان) مەولەوی یەژێت :

«ئای کێ بێ هەوالْ لوای تۆ ئاوەرد
بەختش بەرگەشت بۆ، هۆشم وەحشی کەرد
مدیا ئەو شۆنت دل (پەنهان)دا
چون ئیسمی ڕەحیم وە شۆن ڕەحمان‌دا»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٣٣)

بۆ وێنەی (پەنهانی)، مەولەوی دەڵێت :

«وێت تەنیا ئەیاز مەحمود نەزانی
من شەیداتەر بیم پەرێت پەنهانی

بەلاّم با جە تیر بەلاّی قەزاوە
پالّ دەیم وە قوللەی قەلاّی رەزاوە»

(دیوانی مەولەوی ل – ٢٥)

مەولەوی دەلّێت:

«سەرشاری صەهبای بەزمی موناجات
مەلّجەی ئیلتیجای ئەربابی حاجات
جای رجای جەرگەی پادشاو دەروێش
بارەگاو پەنا، پەی بێگانەو خوێش»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٢٨٨)

**○ (نی – گەوش = ni — gaosh) : ○**

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بریتی‌یە، لە (قەد)ێك و (پێشبەندێك)و بە هەردووکیانەوە، بە واتای (ژنەوتن)، (گۆش‌گرتن)، (ژنەوتەی)، (ئەژنەی)، (ژنیە)، (بیستن)، (گوێ گرتن)، (بە گوێدا چوون)، (بە گۆش) هاتووە.

لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (نیێۆخشیتەن = niyōxshītan)و لە بلووجیش‌دا بووە بە (نی‌گۆشەك = nigōshag)، یان بووە بە (نی‌غۆشەغ = nighōshag).

لە پارسی نوێدا، بووە بە (شەنیدەن = shanīdan)، یان بووە بە (شنیدەن = shnīdan).

بەم پێیە، وشەی (نی = ni)، یان پێشبەندی (نی = ni)، بە واتای (ناو)، یان (لەناو)، کە بەرامبەری وشەی (ئین = in)ی ئینگلیزیی‌یە هاتووە.

بۆ وێنەی، ئەگەر (هەر وەك بۆمان دەرکەوت)، وشەی (سەد = sad) بە واتای (لا) یان (قەراخ = قەراغ) هاتبێ، ئەو وەختە وشەی ناساکاری (نی — سەد = ni — sad)، بە واتای (ناوقەراخ) یان (لە ناو قەراخ) هاتووە.

●

## بەشی (h = ە)

○ (هاڤەن = hāvan) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، رووالەتێکی دیکەی بەرچاو کەوتووەو ئەویش (هاڤەنە = hāvana) .

ئەم وشەیە، بە واتای (هاوەن)، (ئاوەن)، (دەسکەوان) هاتووە .

لە پارسی ئەمڕۆدا، ئەم وشەیە، بووە بە (هاڤەن = هاوەن = hāvan)و لە پالەویش‌دا، هەر هەمان وشەیە .

لە ئەرمەنی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (هەڤەن = havan)و بە زمانی عارەبیش (هاون = hàwn)ی پێ دەوترێ .

دیاردەی هەرە گرنیگی ئێرە، ئەوەیە، کە بەشی دووەمی وشەکە کە (گاز = گاس = gās)ە پەڕیوە یان سواوە، ئەمە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، ئاڵوگۆڕو سوانی لە بڕگەی دووەمی، بەشی یەکەمی وشە ناساکارەکە رووی داوەو ئەویش بریتی‌یە :

(١) – لە لاچوونی دەنگی کۆتایی بڕگەی دووەمی بەشی یەکەم، ئەویش [ – ە = a]یە .

(٢) – دەنگی [ڤ = v]بەرەو دەنگی [و = w] لە هە... شێوەزاردا چووەو لە هەندێ شێوەزاریش‌دا، هەروەك خۆی ماوەتەوە

○ (هاڤەنی = havani) : ○

بە رووالەتی دیکە هاتووەو ئەویش (هاڤەنگاز = havan – gas -)ە .

ئەم وشەیە، بۆ ناوی (کاتی)دینی پیرۆز دانراوە، کەوتووەتە نێوان، بەیانی و نیوەڕۆوە. حاڵی حازر لە ناوکوردەمراری دا، بۆ ئەو کاتە(چێشتنگاهـ)و(فراڤین) هەن، بەڵام پەیوەندی یان وەك کاتێکی پیرۆز دەنگ‌وباسی نەبوە!

بە هەرحاڵ، ئەمە، ناوێکی پیرۆزە، تایبەتی یە، بۆ کاتی نوێژ، کە یەکێ بووە لە پێنج‌فەرزەی نوێژ کردنی زەردەشتی یەکان.

○ **(هاڤیشڤتە = hāvishvata) :** ○

**ئەم وشەیە، بە واتای شاگردی دینی زەردەشتی – (قوتابی دینی، فەقێی دینی) – هاتووە، یان بە واتای، (هاوڕێکانی) هاتووە.**

**لە پالەوی دا، ئەم وشەیە، بووە بە (هاڤیشت = hāvisht) :**

○ **(هامینە = hāmina) :** ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە جۆرە رووالەتێکی دیکەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش، رووالەتی (هەمە = hama)یە.

ئەم وشەیە، بە واتای (هامن)، (هاوین)، (هاڤین) هاتووە.

وشەی (هەمیز = hamiz)، لە پارزەندادا، بە واتای (چلە) یان (دوولا)ی هاوین، یان (مانگی تەمووز) هاتووە. (ب. ق).

بۆ وێنەی وشەی (هاوین) گۆران دەڵێ:

«ئەی لاوانی گشت دنیا،
هەلسینکی،
باخچەی زەمەقی سپی،
کە لە گەرمەی هاوینا،
ناسکی بەهار دیارە،
ئەمجارە
جێگای میهرەجانتانە»

(دیوانی گۆران، ل - ٣٣٠)

بۆ وێنەی (هامن)، مەولەوی دەڵێت:

«وەی من دیارەن پەنجەی تارمەن
سەروەختی هامن نەو وەهارمەن
سەبحم نە تۆی شەو مەخەنۆ وە کەردەم
وە کەردەکەی بەد عومری وێەردەم»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٤٧٧)

○ (هەپتایتی = haptāiti): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (هەفتا)، (حەوتا)، (حەفتا)، (حەفتێ)، (هەفتەیی) هاتووە.

لە پالەوی‌دا بووە بە (هەفتاد = haftād) یان بووە بە (هەفتات = haftat).

له پارسی ئەمڕۆدا، بووە بە (هەفتاد = haftād)و بە هیندیش کۆنیش (سەپتەتی = saptáti)یە.

بۆ وێنەی وشەی (هەفت)، مەولەوی دەڵێ:

«ساتێ تاملێ کەر بدیە درەنگێ
ئانا موینی ئاسمان رەنگێ
بوولێ کەردەن وە سەد هەر هەفت تارمدا
خصوص وە سەر بەخت چەرخو چارمدا»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٤٩٤)

بۆ وێنەی (هەفت) سەیدای هەورامی یەژێت:

«با دۆعای خەیر یاران کەرمێ شاد
خاسی عەوداڵان باوەرمێ وە یاد
هەر هەفت عەوداڵان بگێرمێ دامان
بەڵکم بیاوان یاران وە لامان
یا هەفت عەوداڵان دڵپاکی دڵساف
نامتان مەشهوورەن، جە قاف تا بە قاف»

(دیوانی سەیدی هەورامی، ل – ١٠٩)

بۆ وێنەی (حەوت) بێکەس دەڵێ:

«بیستوحەوت ساڵە من رەنجبەری تۆم
بە نانو ئاوو جلو بەرگی خۆم

خزمەتم کردی لە ئێران و ڕۆم
لە پێناوی تۆ شکاوە ئەستۆم»

(دیوانی بێکەس، ل - ٧٥)

شایانی باسە، وشەی (هەپتایتی = haptãiti)، وشەیەکی ناساکارەو لە دوو پارچە پێك هاتووەو یەکێ لەو پارچانەش وشەی (هەپتە = hapta) ، کە بە واتای (هەفت)، (حەفت)، (حەوت)، (حەڤد)، (هەڤت)،... هتد) هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە، بووە بە (هەفت = haft) و لە پارسی نوێ - شدا هەر هەمان وشەیە.

لە هیندی کۆندا، ئەم وشەیە، بووە بە (سەپتە = sapta).

○ (هەرز = harez): ○

ئەم وشەیە بە واتای، (هەرە، بڕۆ، ئازاد بە) هاتووە، هەر وەها بە واتای (هێشتن)و (هێڵان) یش دێ.

لە پازەندا، ئەم وشەیە بووە بە (هێڵدەن = hēldan)، یان بووە بە (هێڵیدەن = hēlīdan).

○ (هەزەنرە = hazanra): ○

ئەم وشە ناساکارە، بە واتای (هەزار) یان (هەنزار) هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (هەزار = hazãr) و لە پارسی نوێ شدا، هەر هەزارە.

له ئەفغانیی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (زەر = zar)
لە هیندی کۆن‌دا هاوواتای ئەم وشەیە، وشەی (سەهرە = sahasra)یە.
ئەم وشەیە، بە جۆرە رووالەتێکی کەوە بەرچاو کەوتووەو ئەویش (هەزەنگرە = hazangra)یە.

بۆ وێنەی وشەی (هەزار) جەزیری یەژێتن:

«بێتە ئەیوانێ ژخەلوێ حۆری یا قودسی سرشت
سەد هەزاران حوری قودسی تێن لقابێ راست‌و چەپ
ما مەلایی ئەز لەبێ لەعل ئابی حەیوان بت نەصیب
قودسیان راگرتی – یێن دەستێ دوعابێ راست‌و چەپ»

(دیوانی جزیری، ل – ۱۳۳)

لەم رووەوە گۆران – یش دەڵێ:

«لە ناو زیوی تەما گەش ئەجریوێنن
هەزار زوهرەی ئاسمانی شین ئەهێنن
(مەترۆ)ت ئەڵێی نوێنەگای نیگارە
مەیدانی سوور جێی هەزاران هەزارە»
یان ئەمین نەقشبەندی یەژێت:
«لە زۆرو بازووی کێ هەڵ ئەخێزێ
دوای هەزاران ساڵ کردەی ئەبێزێ»

(بەرهەمی ژیان، ل – ۱۲۲)

## ○ (هەمچی = hamci): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (پارچە پارچە کردن)، (چاندن)، (پژاندن)، (ریزە ریزە کردن) هاتووە.

وا دەردەکەوێ، کە ئەم وشەیە، پێك هاتبێ لە دوو پارچە! قەدی وشەکە، کە (هەم = ham) و ئەم قەدەش لە پالەوی‌دا هاتووە، لەگەڵ پاشبەندی (- چی = ci -).

وشەی (هەم = ham)، یان هەندێ جار (هەمە = hama)، بە واتای (هەم)، یان (هەمدیسان)، یان بە واتای (دووبارە)، (هەمینکە) هاتووە.

ئەم وشەیە، هەر وەك وتمان، لە پالەوی‌داو لە ئەرمەنیش‌دا، هەر (هەم = ham)ەو بە بلووجیش هەر هەمان وشە بەکار دەهێنرێت.

لە هیندی کۆن‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (سەم = sam).

بۆ وێنەی (هەم) مەولەوی دەڵێ:

«خەیلێوەن خەریك زاکەی زەحمەتم
بەڵکو وە ڕابۆ بەرشۆ عوسرەتم
فەلەك وە بەختم مەگەس مکیانۆ
وە ڕاگەی رەحمەت هەمدیس مڕیانۆ»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٢٠١)

●

### ○ • (هەیتی = haiti): ○

**وشەی هەیتی، یان (هایتی** = haiti) ، **به واتای (فصل)ی عارەبی،** یان چاپتەری ئینگلیزی هاتووەو بەرامبەری (بەش)ی کوردی‌یە.

له پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (هات = hat)و بە سانسکریتیش (ساتی = sati)یە.

### ○ (هونەرە = hunara): ○

ئەم وشەیە، بە واتای (هونەر)، (هنەر)، (فەن)، (کاری دیاری) هاتووە.

له پارسی ئەمڕۆو پالەوی‌دا بووە بە (هونەر = hunar)و لە ئەرمەنیش‌دا. هەر (هنەر = hnar)ە. لە ئەفغانی و بلووجیش‌دا بووە بە (هونەر = hunar). لە هیندی کۆن‌دا (سوونەرە = sunava)و بە سانسکریتش (سوندەرە = sundara)یە. (ب. ق).

بۆ وێنەی (هونەر) گۆران دەڵێ:

«بەڵام بلبل ئازایی
ئەوەیە نەبی بایی
بەم بەهرەو بەم هونەرە
ئەگەر یەزدانی گەورە،
لەو نیعمەتەی پیێ داوی
تۆزێکی نەك تەواوی»

(دیوانی گۆران، ل – ١٠٥)

بۆ وێنەی (هونەر = هنەر) سەبری بۆتانی دەڵێ:

گولبهار بلبلۆ هنەرمەندۆ
بێ زنجیرو بێ قەیدۆ
کاجێ بلویلێ بینە
خەمێت مە پێ برەڤینە»

(شین‌و شادی، ل – ۲۹)

○ (هڤەر = hvar) ○

ئەم وشەیە، بە واتای (خۆر)، (ڤەر)، (وەر)، (هەتاو)، (وەرەتاو)، (هەتاڤ)، (هتاڤ)، (رۆجیار)، (رۆژ) هاتووە.

لە پارسی نوێدا، ئەم وشەیە بووە بە (ئافتاب = āftāb)و لە ئەرمەنیش‌دا بووە بە (هور = hur) کە لە بنەڕەت‌دا، بە واتای (ئاگر) هاتووە (ب. ق).

بۆ وێنە رۆژ بێکەس دەڵێ:

«چراغی فیکری روونا کی لە هەر شوێنێ، کە داگیرسا
شەوی تاریکی،وەك رۆژە، خەراباتی گولستانە»

(دیوانی بێکەس، ل – ۹٦)

یان گۆران دەڵێ:

«لەسەر جوگەی ئاش قازو مراوی
چاوەڕێی رۆژن هەڵبێنێ چاوی

**بەڵام تا خولّقی نەکا چێشتەنگاو**
**نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو»**

**(دیوانی گۆران، ل – ١٣٢)**

بۆ وێنەی وشەی (خۆر) میرزا ئۆلقادر دەڵێ:

«زەمین من پەی تۆ، سەد دەلیل داروون
ستارەی شەریف ماهو (خۆر) داروون
راسەن چەپی واز چەرخی چەپگەردم
شەش‌دەر گشت چێوێ ها نەتاس نەردم»

(دیوانی میرزا ئۆلقادر، ل – ١٦١)

○ **(هیزوو = hizū)**: ○

ئەم وشەیە، بە واتای (ئەزمان)، (زبان)، (زوان) هاتووە.
لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (ئوزڤان = uzvan)و لە پارسی نوێ – ش‌دا بووە بە (زوبان = zubān) و بە بلووجیش (زوڤان = zuvān)ە یان (زەڤان = zavān)ە و بە ئەفغانیش (زهیبە = zhiba)یە.
لە هیندی کۆن‌دا وشەی (جیهڤە = jihva) بەکار دێ.

بۆ وێنەی (زوان) ئەمین نەقشبەندی دەڵێ:

«ئەمرو پاراوە زوانی گۆشین
بووەتە جەللاد وەك شمشێری قین

لەمو لەو ئەدا ناپرسێتەوە
دەس ئەوەشێنێ ناسڵەمێتەوە»

(بەرهەمی ژیان، ل – ١٢٠)

بۆ وێنەی (زمان) هێمن یەژێت:

«شیعرت دەوێ لە منی پیر
لە منی پیری گۆشەگیر
لە شاعیری زمانبڕاو
لە شاعیری دەفتەر دڕاو»

(تاریکو روون، ل – ١٥٧)

بۆ وێنەی (زوان) مەولەوی دەڵێ:

«وادەی سەفەرەن های نەسیم ئامان
وە لای ئازیزا بویەر چون جاران
تەقریر کەر ئەوەڵ بەو زوانی حاڵ
سەلامو دۆعای ئەو دوڕدانەی لاڵ»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٤٦٥)

●

# بەشی (ی = y)

## ○ (یاتە = yāta) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (یاد)، (بیر)، (هۆش) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (یاتە = yāt)، یان بووە بە (ئایات = āyāt). لە پارسی نوێ‌شدا (یاد = yād)، یان (یادە = yāda)یە.

بۆ وێنەی (یاد)، مەولەوی دەڵێ:

«بێ‌شەرت و شۆنیت جە حەد ئەو دەرەن
رەحمەت ئەو (یادت)، وەفادارتەرەن
دیدەم چوون میقراز بێ شەرتیت تیژ کەرد
دات جە تانەی وەسڵ جەو پەڕش ویەرد»

(دیوانی مەولەوی، ل – ٧٩)

بۆ وێنەی (هۆش)، قانیع یەژێت:

«تاوێ وەك سۆفی بەریش و شانەو سیواکەوە
لەحزەیێ مەستم بە قەندەو ماشەو تریاکەوە
ڕۆژی بێ هۆشم چ حەقە، من بە پیس و پاکەوە

[وەك هەوا کەوتوومە گێژی گونبەدی ئەفلاکەوە
رەبی ببینم وەکو کیسرا، بە چاکەوە]»

(دیوانی قانیع. ل - ١٩٤)

○ (یاڤەزنە = yāvarena) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (یاوەر)، (هامراز). (هەڤاڵ). (هاوسەر). (هامسەر (هاوکار) هاتووە. جگە لەو واتایانەش. بە واتای (دەسکی هاوەن)، یان (میلی هاوەن) هاتووە:

بۆ وێنەی (یاوەر) مەولەوی یەژێت :

«بێنازەن ئەسپاب ئەسپو سواریت
بێ کەیفەن ئەساس خاصەی شکاریت
یاوەران جەمەن، وادەی شکارەن
ئای لاڵ بام، سەدای تۆ نادیارەن»

(دیوانی مەولەوی، ل - ٨٠)

بۆ وێنەی وشەی (هامراز)، مەولەوی یەژێ :

«ئەیازی هامراز نالەو ئاخو دوود
عەرزش هەن وە خاك ئاسانەی محموود
یاوا وات : نامەی شیرین ئینشادت
نەی رەمەزاندا نەشۆن جە یادت»

(دیوانی مەونەوی، ل - ٢٤)

بۆ وێنەی (هەڤاڵ) سەبری بۆتانی دەڵێ:

«دلبەرا یار ژێ بیانی
کانیکا دەردو زیانی
هەر ئەرێ مە هەر ئەرێ
هەڤالێ دۆستو یارا مە»

شینو شادی

O (یاکەر = yakar) : O

ئەم وشە ئاڤێستایی‌یە، بە واتای (جگەر)، (جەرگ)، (پشارەش)، (یەهەر) هاتووە:
لە پالەوی‌دا، بووە بە (جیگەر = jigar)و لە پارسی نوێدا، هەر (جگەر)ە، هەر وەها لە بلووجیش‌دا بووە بە (جەگەر = jagar).

بۆ وێنەی (جەرگ) گۆران دەڵێ:

«بە یادی دوو گۆم، دوو گۆمی بێ بن
کە هۆگریان بوو ماسیی رۆحی من
هون‌هون فرمێسکم بڕژێتە داوێن
فرمێسکی تا سەر جەرگو دڵ تاوێن»

(دیوانی گۆران، ل – ٩٤)

○ (یەزنە = yasna) : ○

ئەم وشە ئاڤێستایی یە، بە واتای (پەرستن)، (یەزن)، (جەژن)، (جەشن)، (جێژن)، (شادی)، (خۆشی) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە پالەوی دا بووە بە (یەزن = یەسن = yasn)، جگە لەوەش وشەی (سوور = sūr) بە واتای خۆشی هاتووە.

لە پارسی نوێدا، وشەی (جەشن = jashn) بە کار دێت.

بۆ وێنەی (جەژن)، گۆران دەڵێ:

«بە سوورێکی تر، ئەستێرەی ئینسان گر
قەومی کۆنی خستەوە جەژنی ئاگر
کام قەومی کۆن، کام جەژنی بەرزو پیرۆز
قەومی مادی، جەژنی بڵندی نەورۆز»

(دیوانی گۆران، ل - ۱۹۳)

بەم بۆنەیەوە، مەولەوی دەڵێ:

«قوربان، قوربانەن جەژنەن شادیەن
دەس نە گەردەنەن، رووی ئازادی یەن
هەی دەس بۆس دەس بۆس وەش نیگارانەن
خەیر، پابۆس پابۆس، خاتر دارانەن»

(دیوانی مەولەوی، ل - ۳٤۸)

به هەمان بۆنەوە. سەبری بۆتانی دەڵێ :

«گەش بشکڤي رەنگێ جیهان
خوش خەملین مێرگ‌و زۆزان
ب‌نێرگزو گوڵ‌و ریحان
دەما رەنگین جەژنا زەمان»

(شین‌و شادی، ل – ٩١)

بۆ وێنەی، (پەرستن)، گۆران دەڵێ :

«رابوردوو، هەبوو نەبوو
سەردەمی زوو
بت – بتەوان، پیرە شەیتان
بت‌دروستکەر، بتەوان گۆش‌دەر
بت‌پەرستی، بە ئاین‌کەر»

(دیوانی گۆران، ل – ٢٨٢)

**هەر لە (یەزنە = yasna)ەوە، وشەی (یەزەتە = yazata) دروست بووەو واتای (پەرستن)، (پاڕانەوە لە خوا)، (ستایش‌کردن)، (نوێژکردن)، (سروود خوێندن) دەدات .**

بۆ وێنەی وشەی (نوێژ) پیرەمێرد دەڵێ :

«چاولی‌کەری‌یە نوێژکردنی کورد
هەر بۆ ئەوەیە بڵێین نوێژمان کرد»

ژنو شێخ لە خوا پێشترە، بۆ سوێند
ئیتر بەسیەتی تەواومان تیٚ چێند»

(دیوانی پیرەمێرد، ل - ٢٦٨)

**○ (یەڤە = yava) : ○**

ئەم وشەیە، بە واتای (یەوە، یەڤە، جۆ)و (گەندم = گەنم) هاتووە.
لەپالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (جەڤ = jav)و بەپارسی نویٚ-ش بووە بە (جۆ = jō)و بە هیندی کۆنیش (یەڤە = yava)یە.

**(یەڤەن = یڤەن = yvan) :**

ئەم وشەیە، ئاوەڵناوە، بە واتای (جوانِ)، (گەنج)، (لاو) دیٚ.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە بووە بە (یوڤان = yuvān)و لە پارسی نویٚ‌ش‌دا بووە بە (جەوان = jawān).
ئەم وشەیە، لە حاڵەتی نێردایە، بەڵاٚم لە حاڵەتی (میٚ)دا، پاشبەندی (ئا = ā) لە بریی (ـ ە = a)ی نێر وەر دەگریٚو واتە : دەبیٚ بە (یەڤا = yavā).

بۆ وێنەی (جوان)، گۆران دەڵیٚ :

«چەن جوانی بەرەو مەغریب ئەچی زەردە ئەدا لێت،
پرشنگی خشڵ ئەبلەق ئەکا، دەوروبەری ڕێت

تۆ لوای بەو ئەجر سەختی زامەوە
من پەرێ حەسرەت دووریت مامەوە»

(دیوانی مەولەوی، ل - ١٣٣)

بۆ وێنەی (جاوید) قانیع یەژێت.

«ئەگەر خەنجەر، بەخەنجەر پارەت کەن، لەسەر دەعوات
نەڵێی ئۆف، هەر بڵێ ئۆخەی، کەوا ئاواتەکەم پێك هات
گەرەکتە واریسی من بی، حەیاتی جاویدانت بێ
حەیاتی جاویدی رۆڵە، بە چاکی بۆت بکەم ئیسپات»

(دیوانی قانیع، ل - ٦٢)

○ (یوتە = yuta) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (جودا)، (جیا)، (جوێ) هاتووە.
لە پالەوی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (جوتاك = jutāk)و بە پارسی ئەمڕۆش (جودا = juda)یە.

○ (یوختە = yuxta) : ○

ئەم وشەیە، بە واتای (دۆزین)، (یۆژەی)، (پۆزتەی)، (یۆستەی) هاتووە.
لە ئەرمەنی‌دا، ئەم وشەیە، بووە بە (یۆڤەز = yovaz).

ڕۆژی دەمی کەل حازرە بۆ پێشکەشی بەرپێت
ئێوارەیە وا، هەلگرە، سا گۆزەبی تازە»

(دیوانی گۆران، ل - ٣٢)

بۆ وێنەی (لاو) پیرەمێرد یەژێت :

«چەند سال گولی هیوای ئێمە پیپەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گولی ئالی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بلندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیك ئەبرد»

(ل - ١١٩)

(یەڤەیتات = یەڤێتات = yavaetat) :

ئەم وشەیە، بە واتای (جاویدان)، (نەمر)، (مەزن)، (پایەدار)، (ئەمر)، (لەناو نەچوو)، (زیندوو) هاتووە.

ئەم وشەیە، لە بنەڕەتدا، لە وشەی (یەڤی = yave)یەوە، هاتووە.

لە پالەویدا، ئەم وشەیە بووە بە (یەڤێتان = yavētān)و لە پارسی ئەمڕۆدا، بووە بە (جاوید = jāwid) یان (جاویدان = jāwidān).

بۆ وێنەی وشەی (جاویدان)، مەولەوی دەلێ :

«تۆ ئازاد پەی سەیر جای جاویدانی
من پا بەستەی بەند ئەی دنیای فانی

## ○ هەندێ ناوی ژمارە : ○

(ئەیڤە = aiva) : (یەك)، (یووە)، (یڤڤە)، (یوڤە)، (ئێك) .

(دڤە = dva) : (دوو)، (دوێ)، (دڤێ)، (دوڤێ) .

(ترەی = trai) : (سێ)، (یەرێ) .

(چەتڤار = catvar) : (چوار)، (چووار)، (چڤار) .

(پەنجە = panca) : (پێج، (پەنج) .

(خشڤەش = xshvash) : (شەش)، (شش)، (شیش) .

(هەپتە = hapta) : (حەوت)، (هەفت)، (حەڤد)، (حەفت)، (هەڤت) .

(ئەشتە = ashta) : (هەشت) .

(نەڤە = nava) : (نۆ)، (نە) .

(دەسە = dasa) : (دە) .

(ڤیسەتی = visati) : (بیست)، (بیس)، (ویس) .

(تری سەتەم = tri — satam) : (سێ) .

(چەتڤەر سەتەم = catvar satam)

(پەنچە سەتەم = panca satam)

(خشڤەش تیم = xshvashtīm) : (شەت)، (شێست) .

(هەپتاتیم = haptatīm) : (حەفتا)، (هەفتا) .

(ئەشتاتیم = ashtatīm) : (هەشتا)، (ئەشتا) .

(نەڤەتیم = navatīm) : (نەوەد)، (نەوەت)، (نۆت) .

(سەتەم = satam) : (سەد)، (سەت) .

(هەزەهرەم = hazahram) : (هەزار) .

بێڤەر = بێڤەن = baivar, baivan) : دەهەزار .

ئەوەی، کە لەم ئاڵوگۆری پلەی ژمارەیەدا، بە دیی دەکرێ ئەوەیە :

(١) – له پانزەوە تاوەکو نۆزدە، تەنها وشەی (دەسە = dasa)ی .

دەخرێتە پاشکۆیەوەو ناوی ژمارەیەکی ناساکار پێك دێ، بۆ وێنە :

– (پەنجە = panca)،

– (دەسە = dasa).

به هەردووکیانەوە، (پەنجە دەسە = panca dasa) پێك دەهێنن، کە پانزەیە .

(٢) – لە(سێ)یەوە تاوەکو (پەنجا) وەك پاشبەندێ، (سەتەم) دەخرێتە پاشکۆی ئەو ژمارەیەوە، کە دەمانەوێ ژمارە ناساکارەکەی لێ دروست بکەین. بۆ وێنە :

– (پەنجە = panca) .

– (سەتەم = sat — am) .

دەبێ بە، (پەنجە سەتەم = panca satam)، کە (پەنجا)یە .

(٣) – لە (شەست)ەوە تاوەکو (نەوەد) تەنیا پاشبەندی (تیم = tım) .

دەخرێتە پاشکۆی ئەو وشەیەوە، کە دەمانەوێ ژمارە لێك دراوەکەی لێ دروست بکەین. بۆ وێنە :

– (خشڤەش = xshvash) .

– (– تیم = tım) .

دەبێ، بە (خشڤەش‌تیم = xsbvashtīm)، کە (شەست)ە .

(٤) – بۆ ژمارەی (سەدی)، تەنها وشەی (سەتەی)یە، کە دەخرێتە پاشکۆی ئەو ژمارەیەوە، کە بەهۆی ژمارەی ناساکارەوە دروست دەکرێت. بۆ وێنە :

- (دوڤەی = duvai) = دوو

- (سەتەی = satai) = سەت

دەبێ بە : (دوڤەی سەتەی = duvai satai). کە (دووسەد)ە .

## ○ هەندێ ژمارەی تەرتیبی ○

(فرە – تەرە = fra — tara) : یەکەم .

(دڤی – تییە = dvitiya) : دووەم .

(تریت – یە = tritiya) : سێیەم .

(چوریە) = (k) turya) : چوارەم .

(پەنچثە = pan(k)tha) : پەنجەم .

(خشتڤە = xshtva) : شەشەم .

(هەپتەثە = haptatha) : حەوتەم .

(ئەشتەمە = ashtama) : هەشتەم .

(نەڤەمە = navama) : نۆیەم .

(دەسەمە = dasama) : دەیەم .

●

ئەگەرچی، ئەم فەرهەنگە، هەر وەك لە پێشەکی یەکەدا روون کراوەتەوە، خۆی لە خۆی‌دا فەرهەنگی بەراوردی نی یە، بەڵکو وشە کۆکردنەوەیە، بۆ ئەوەی لە دەس دەرنەچن، یان ون نەبن و لەوانەیەو بە هۆی دەرکەوتنیانەوە، خوێنەرو پشکێنەری کورد بتوانن بەرهەمی باشترو بە پێزتر بهێننەکایەوە، لەگەڵ ئەوەش‌دا، وا ئەم تێبینیانەم لەم خاڵانەی خوارەوەدا کۆ کردەوە، ئومێد ئەکەم، کە سوودیان هەبێ:

[١] – دەربارەی دەنگەوە:

– دەنگی [پ =p] لە بڕگەی یەك بڕگەیی‌دا، بووە بە دەنگی [ب]، یان بووە بە دەنگی [و = w].

بۆ وێنە:

(ئاپ = āp)، (ئاب = āb)، (ئاو = āw).

– دەنگی [ث = θ - th] بڕگەی یەکەمی وشە، بەرەو دەنگی [هـ = h] چووە.

بۆ وێنە:

(ئاثەنگ = āthang) (ئاهەنگ = āhang)

– دەنگی [خ = ×]ی بڕگەی سەرەتایی وشە، سواوە، ئەگەر دەنگی [ڤ = v] دوابەدوایەوە هاتبێ و دەنگی [ڤ] کەش بووە بە دەنگی [و = w]، یان وەختی وەهاش هەیە دەنگی [خ = ×] کە ماوەتەوەو بەڵام دەنگی [ڤ =v] کە هەر بووە بە دەنگی [و = w].

ئەم جۆرە ئاڵو گۆڕەش، ئەوەمان بە دەستەوە دەدات، کە دەنگی [ڤ = v] ڕەسەنەو بە تەمەنە، هەروەها دەنگی [و = w] ئاسانترە تاوەکو دەنگی [ڤ = v] لە هەموو ڕوویەکەو زمانیش حەزی بەرەو ئاسان بوون چوونە.
بۆ وێنە

(ئەڤۆ – خڤەرنە = avō - xvarna) بووەبە ئاوە خۆرە.
– دەنگی [ئا = ā]ی سەرەتایی برگەی یەکەم، بووە بە [ی = y]، بۆ وێنە:
(ئارمەیتی ārmaiti) بووەبە یارمەتی.
– دەنگی [ك = k]ی هەندێ برگەی دووەمی وشە، سواوە، یان بووە بە دەنگی [خ = x].
بۆ وێنە:

(ئاکوەرە = a - kwara) بووەبە ئاوڕ، یان
ئاخوڕ
– دەنگی [خ = x]ی برگەی دووەمی وشە پەڕیوە، یان سواوەو بە هۆیەوە برگەی یەکەم و دووەم بوون بە یەك برگە بۆ وێنە:

(ئاخشتی = āxshti) بووەبە ئاشتی
– دەنگی [s]ی کۆتایی وشە، قرتاوە، یان سواوە.
بۆ وێنە:

(ئاکەز = ā - kas) بووەبە ئاگا
– دەنگی [ئ = e]ی سەرەتایی برگەی یەکەمی وشە بووە بە دەنگی [هـ = h].
بۆ وێنەی:

(ئەشتە = ashta) بووەبە هەشت

(ئەمسە = amsa) بووەبە هامسا

(ئەورە = awra) بووەبە هەور

(ئەیزمە = aisma) بووەبە هێزم

– دەنگی [ئو = [illegible]]ی سەرەتای بڕگە بووە بە دەنگی [ح و = h̄u] یان [ هو = hu] یان [و = w]بۆ وێنە.

(ئوشترە = ushtva) بووەبە هوشتر، وشتر

یان دەنگی [و = u] بووە بە [گ = g]

بۆ وێنە:

– (ئوشتی = ushi) بووەبە گۆش، گوی

– دەنگی [ب = b] بووە بە دەنگی [م]، یان ماوەتەوە.

بۆ وێنە:

(ئەی بیان هە = aibyanha) بووەبە ئامیانە، ئابیانە

– دەنگی [ی = i] سەرەتایی بووە بە دەنگی [خ = x].

بۆ وێنە:

(ئیشتیە = ishtya)بووەبە (خشت = xisht).

– دەنگی [ث = θ = th] ی سەرەتای بڕگە بووە بە [ت = t].

بۆ وێنە:

(تەنگ = thang) بووەبە (تەنگ = tang).

– دەنگی [ش] بووە بە دەنگی [ژ = z]

بۆ وێنە:

(پا شنە = pāshna) بووەبە (پاژنە = pāzna)

- دەنگی [پ = ] بەرەو دەنگی [ف = f] چووە.

بۆ وێنە:

(پەرو = paru) بووەبە (فرەهـ = frah).

- دەنگی [ت] بووە بە دەنگی [د - d]

بۆ وێنە:

(سەرەتە = sarata) بووەبە (سەرد = sard).

(کەرەتە = karata) بووەبە (کێرد = kerd)، (کارد = kard)

- دەنگی [ڤ = v] بە دەنگی [م = m] چووە.

بۆ وێنە:

(ڤیرە vira)، بووەبە (مێر = mer)، (مێرد = merd)

دەنگی [گ = g] بەرەو دەنگی [ك = k] چووە

بۆ وێنە:

(گەرەم = garam) بووەبە (کرمە =kirma)

- دەنگی [ت = t] بەرەو دەنگی [ی = i]، [گ = g]، [و = w] چووە.

بۆ وێنە:

(ئاتەر = ătar) بووەبە (ئاگر = āgir) یان:

ئایر = āyer

ئاویر = āwir

## سەربارەت، بە (پاشبەند)ەوە:

- پاشبەندی (ئام = ām) بەرامبەری (- ان)ی کوردی‌یەو نیشانەی (کۆ) یشە.

ئاپ = āp = ئاو

ئەپام = apām = ئاوان

- پاشبەندی (پاتە = pāta)، بە واتای (- وان) هاتووە، کە واتای (ئاگاداری‌کردن)، (بە خێوکردن)ی تێ‌دایە.

بۆ وێنە:

ئاتەرەپاتە = ātarapāta = ئاگرەوان - بۆ نێرە.

- پاشبەندی (نێر)و (مێ):

(ئە = a)، بۆ نێرە: (دینە = dina).

(ئا = ā)، بۆ مێیە: (دینا = dinā).

- پاشبەندی پلەی بەراوردی = (- تەرە = tara —).

بۆ وێنە:

ئەکە = aka - ئەکەتەرە = akatara

- پاشبەندی (داتە = dāta) بە واتای (یار)هاتووە.

ئوشی - داتە = ushi — dāta - هۆشیار = هوشیار.

- پاشبەندی چاوگ = (ـە = -a).

بۆ وێنە:

کەرە = kara - (کرن = kirn)، (کردن = kirdin).

سەبارەت بە برگەوە

(١) هەندێ برگەی سەرەتای وشە، بە تەواوی گۆڕاوە .

بۆ وێنەی :

– (ڤەرشە = varsha) ← بێشە = bēsha .

– (ڤەرکە = varka) ← وەرگ = varg = warg .

– (ڤەفرە = vafra) ← بەفر = bafir .

(٢) هەندێجار برگەی سەرەتای وشە پەڕیوە، بە تایبەتی ئەگەر بە دەنگی [خ = x] دەستی پێ کردبێ .

بۆ وێنە، وەك :

خشماکە = xshmāka ← شمە = shima، ئێوە = ewa. ەوە .

(خڤە سورە = xvasura) ← هەسوورە =

(٣) برگەی ناوەڕاست، ئەگەر کەوتە نێوان دوو بزوێنەوە یان دووەم برگەی هەندێ جارو لە هەندێ وشەدا پەڕیوە – سواوە –، بۆ وێنە :

پەثەنە = pathana ← پان = pān

(٤) زوربەی کات برگەکانی کۆتایی وشە سولوانی، بۆ وێنە :

پەزو = pasu ← پەز = paz = pas .

دەسە = dasa ← دەس = das .

پەنچە = panca ← پەنج = panc .

دەینە = daina ← دین = din .

(٥) هەندێ، وشە، کە دەستی شارستانیەت نەی توانیوە بیانگۆڕێ، هەر

وەك خۆیان ماونەتەوەو ئەمانەش بەشێکی زۆرنو وا هەنا ێ وێنەیان دەهێنینەوە :

پا = pā ← پا، پێ .

پووت = put ← (پووت)، پان (پووچ .

جەتەرە = jatara ← کەتیرە .

خڤەر = xvar ← خۆر، وەر .

دەیمەن = daiman ← دیمەن .

ئارەم = aram ← ئارام .

بەخڤە = baxta ← بەخت .

ئەستی = asti ← ئەست، ئەستی .

(ئازهی- دەهاکە = azhi — dahaka) ← ئەژدیها. ئەژدەهاك .

ئەیزمە = aisma ← هێزم، ئێزم .

●

## پەراوێزەکان :

(١) – لە دێرین زەمانەوەو لە ماوەیەکی دوورو درێژدا، واتە ؛ لە نێوان «٠٠٠ر٢٠٠ پ. ز، تاوەکو ٢٠٠٠ پ. ز» گەلو هۆزە ئارپایی یەکان، کە لە ناوچەکانی ئاسیای ناوەڕاستدا، دەژیان، بە هۆی بەرەوناسازچوونی ئاوو هەوای نیشتمانیان، بە شێوەی پۆلەهۆزو تیرەی خزم بە یەکترێی، بەرەو چەمو دۆڵە ئاودارەکانی ئێرانو ئەفغانو کوردستانو پەنجاب، کۆچیان کردووە.

هۆزوتیرە هیندی یەکان، (هەروەك، مێژووی نووسین «ڤیدا.. ؛ کتێبی ئاینی پیرۆزی هیندی یە دێرینەکان، بۆ نێوان، ١٤٠٠، تا ٨٠٠، پ ز دەگەڕێتەوە) پێشرەوی هۆزە ئاریایەکان بوون لە کۆچ کردنداو لە ڕێبازی فەفغانستانی ئەمڕۆوە، بەرەو ولاتی (پەنجاب)ی ئێستا چوونو بە ناوی (هەیتەهیندو)وە ناویان ناوە، کە ئێستاواتای (نشتمان)ی (هیند) دەداتو حالّی حاز، بووە بە هیندستان (تەماشای، ل – ١٥٦، ١٥٩ی حسن پیرینا – مشیر الدولة – تأریخ مشرق قدیم بکە).

(٢) – هەندێ لەو پشکێنەرو زانایانە، کە بە تەنگەوەی زانینی هۆی کۆچ کردنی ئەو هۆزو خێڵە ئاریایەوەن، بۆ ئەو ناوچانەی ئەمڕۆیان، وای بۆ دەچن، کە هۆی سەرەکی کۆچ کردنیان، بۆ هۆی ساردوسڕبوونەوەی ناو زگی زەوی و زاری نیشتمانی بنەڕەتی و بنچینە یی یان دەگەڕێتەوە (تەماشای ل – ١٤٣ – ی هەمان سەرچاوە بکە).

لەم رووەوە ئەفسانەیەك دەگێڕنەوەو ئەویش، ئەوەیە، کە بە هۆی ناراستی وتنەوە، (بەد) گوتنەوە، زەوی و بوومی نیشتمانی دایکزادی گەلو هۆزە ئاریایەکان، ساردو سر بووەتەوەو بە ستەڵەکی بەستووە. ئەوانیش لەوێدا، خۆیان پێ ڕانەگیراوەو بێ پەروا بەروودوا، کۆچیان کردووە.

(٣) – زوربەبەی پشکێنەرەکان (ئەوانەی بە تەنگ هۆی زانینی کۆچ کردنی گەلو هۆزە ئاریایەکان، بەرەو نیشتمانی ئەمڕۆیانو ناسینیان، هاتوون)، وا بۆی چوون، کە ئەو شەپۆلە هۆزو خێڵە ئاریایانە، بەرودوا، لە ماوەیەکی درێژخایەندا، بە سێ ڕێگای جۆربەجۆردا، کۆچیان کردبێ.

هەندێ لەو شەپۆلانە (هەر شەپۆلەی بریتی بووە لە چەند هۆزو تیرەی نزیك بە یەکتری) لە ئەفغانستانی ئەمڕۆوە بەرەو چەمو. دۆڵەکانی (پەنجاب) روویان ناوەو تیایدا، نیشتەجێ بوون. هەندێکی دیکەش بەرەو کوردستانی ئەمڕۆ هاتووەو تیایدا، نیشتەجێ بوون. هەندێ شەپۆلی دیکەش لە ڕێگای ئەفغانەوە، بەرەو بانەکانی ئێران، هاتوونو لە جێگاو شوێنی گونجاودا، بۆ بەردەوامی ژینو ژیانیان، تیایدا نیشتەجێ بوون. (بروانە، ل – ١١، ١٢ – ی زمانی ئاڤێستا، بە زمانی ئینگلیزی، وەرگێرانی نەورۆزۆف)،

(٤) – پشکێنەرە زاناکان، وای بۆ چوون، کە ئەو هۆزو تیرەو ئێلە ئاریایانە بە بەرودواوە، لە ماوەی درێژی کۆچ کردنیاندا، تاوەکو نیشتەجێبوونیان، نزیکەی شانزە شەپۆلی بەرەو هۆزو تیرە بوونو لە شانزە ناوچەی جۆربەجۆری بۆ کۆچکراودا، نیشتەجێ بوونو بە پێی ئەو ناوانەی، کە لە ئاڤێستادا، هەن ئەمانە ناوەکانیان:

١ – هۆزوتیرەی (ئەیریەن ڤەچ = ئەیریەن ڤاچ)، لە چەمو دۆڵێکدا، لە نیشتمانێکدا ژیاون، پێی وتراوە وڵاتی (ئەیریەن ڤاچ).

ئەم وڵاتە، هەر وەك پشکێنەرە گریکەکان، وا بۆی چوون کوردستانی ئەمڕۆی ئێرانە.

ئەوەش، کە پاڵپشتی راستیی ئەم گوتەیە بێ، ئەوەیە، کە لە ناو زمانی ئاڤێستادا، وشەی (ڤاچ) زۆر دووبارەو پات کراوەتەوەو بە واتای (وتن)و (بێژە)ش هاتووە.

ئەمە، لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە، لە ئاڤێستادا، بە زمانی ناو ئاڤێستا، زمانی (ئێریەن ڤاچ) دەوترێت و ئەمەش ئەوە دەردەخات، کە زمانی کتێبی ئاڤێستا پێش ئەوەی ناوی، ئاڤێستای پێوە بنووسرێ، بە ناوی زمانی (ئێریەن ڤاچ)ەوە ناوبراوە.

٢ – سوغدەیی، یاخود هۆزو خێڵی (سەغدی)، کە لە ناوچەی (سەغد)، یان ناوچەی (سمرقند)ی ئەمڕۆ گلیان خواردووەتەوەو تیایدا ژیاون.

شایانی باسە، ئەو ناوچەی (سۆگدە = سوغدە = سەغد)یە، بە ناوچەی (ئاموداریا)ش ناوبانگی دەر کردووە.

لە سەروکلاوو دەوری هەخەمەنشیدا، ئەم ناوچەیە بە دەستیانەوە بووە.

لە ئاڤێستادا، ناوی هوزوتیرەی ئاسیی هاتووە، کە لە تورکستانی رووسیاوە هاتوون، ناوچەی ئاموداریا، (وڵاتی سەغد) بە دەستیانەوە بووەو ماوەیەکی زۆریش، بە دەسترۆیشتوویی یەوە ناوبانگیان دەر کردووەو لەوانەیە، ئەوانە پاشماوەی ئەشکانیەکان بووبن.

بە هەرحاڵ، وشەی (سمرقند)، لە (سوغدە)وە وەرگیراوەو زمانەکەشیان زمانی دێرینی (سمرقند)ییە.

٣ – هۆزو تیرەی (مورو)، کە لەناوچەی مەرۆ (مرو)ی ئەمڕۆ نیشتەجێ بوون.

٤ – هۆزە تیرەی (باخەزی)، کە لە ناوچەی (باختەرە)، یان (باکتەرە)یەو کەوتووەتە لای سەرووی رۆژهەڵاتی ئێرانی ئەمڕۆوەو بە ناوچەی (بەڵخ)، کە کورتەی (باختریا)یە، ناوبانگی دەرکردووەو ناسراوە.

٥ – هەندێ هۆزوتیرە، لە ناوچەی (نیسابە) نیشتەجێ بوون و لە پاشادا ،

ئەم ناوچەیە بە (نیشابور) یان (نیسابور) ناوبانگی دەرکردووەو ئەم ناوچەیەش کەوتووەتە ناوچەی (خراسان)ی ئەمڕۆوە.

٦ – شەپۆلێ لەوانە، لە ناوچەی (هیرای)، کە حاڵی حازر (هیرات) پێ دەوترێتو ناوجەرگەی ئەفغانستانی ئەمڕۆیە، نیشتەجێ بوون.

٧ – شەپۆلە هۆزوتیرەی دیکە، لە ناوچەیەکدا، نیشتەجێ بوون، کە پێی وتراوە (ڤەئای کرەیتە)و ئێستەش ئەم ناوچەیە، کەوتووەتە ناوچەی (کابل)ی ئەمڕۆی ئەفغانستانەوە.

٨ – شەپۆلە هۆزوتیرەی ئاریایی دیکە، خۆیانو کۆچیان لە ناوچەیەک گرتووەتەوە، کە پێی وتراوە (ئورو). ئەو ناوچەیەش، ئێستە، بە (طوس) یان (غەزنە) ناو دەبرێت.

٩ – شەپۆلە هۆزوتیرەی دیکە، لە ناوچەی (ڤەهرگان) گلیان خواردووەتەوە، کە حاڵی حازر بە ناوی (گورگان)ەو ناو دەبرێتو ئەم ناوچەیەش کەوتووەتە لای رۆژهەڵاتی خوارووی دەریاچەی قەزوێنەوە.

١٠ – شەپۆلێ، لە هۆزوتیرەی ئاریایی دیکە، لە ناوچەی (هەرەههوراتی) گلیان خواردووەتەوەو حاڵی حازر بەو ناوچەیە (رەوخاج = رەوخاك) دەوترێ. ئەم ناوچەیەش کەوتووەتە لای خوارووی ئەفغانستانەوە، یان ناوچەی (بلووجستان)ی ئەمڕۆ دەگرێتەوە.

١١ – شەپۆلێکی دیکەی ئەو هۆزو تیرە ئاریایانە بەرەو چەمو دۆڵی (ئای تەومەنت) کۆچیان کردووەو تا ئێستە نیشتەجێ بوونو حاڵی حا: ناوچەیەش بە چەمو دۆڵی (هێلمەند) ناسراوە.

١٢ – هەندێ لەو هۆزانە، لە شەپۆلێک دا، بەرەوناچەی (رەگ) کۆچیان کردووەو تیایدا نیشتەجێ بوونو ئێستاش، ئەو ناوچەیە بە ناوی (رەی) یەوە دەناسرێت.

١٣ – شەپۆلێکی دیکەی لەو هۆزوتیرانە، بەرەو ناوچەی (سەخرە)، یان (جەحرە) کۆچیان کردووەو تیایدا گلیان خواردووەتەوەو ئەو ناوچەیەش – ئێستا – بە (شاهروود)، کە کەوتووەتە ناوچەی (دامغان)ی ئێستاوە، ناو دەبرێت.

١٤ – هەندێکی دیکە، لەو هۆزوتیرانە لە ناوچەی (ڤەرینە) یان (وەرینە) گلیان خواردووەتەوەو تیایدا نیشتەجێ بوونو ئێستاش بەو ناوچەیە، (ئەلبورز) دەوترێت.

١٥ – شەپۆلێکی زۆر سەرەکیو گەورە، لەو هۆزو تیرە ئاریایانە، لە رێبازی ئەفغانستانی ئەمڕۆوە، بەرەو چەمو دۆڵی «(پەنجان) کۆچیان کردووەو تیایدا نیشتەجێ بوون.

شایانی باسە، ئەو ناوچانەی ئەوان تیایدا نیشتەجێ بوون، بە (هەیتەهیندو) ناویان بردووە، ئەمەش، واتای (نیشتمانی هیندی) دەداتو حاڵیحازریش (هیندستان)ی پێ دەوترێت.

ئەم شەپۆلە، هەر وەک گەورەترین شەپۆل بووە، هەر وەهاش شەپۆلی کۆچکەری پێشڕەو بووە، یان پێشی هەموو شەپۆڵکەوە کۆچی کردووە.

پشکێنەرەکان، وای بۆ دەچن، کە ئەم شەپۆلە پتر لە هەزاران هەزارساڵێ پێش زایین، یان پتر لەوە، بەرەو ئەو چەمو دۆڵەو ئەو ناوچانەی هیندستان کۆچیان کردووە، چونکە مێژووی نووسراوی دینییان، بۆ نزیکەی (هەشت سەد) ساڵێ پێش زایین یان زۆرتر لەمە، دەگەڕێتەوە.

١٦ – شەپۆلێکی دیکە لەو هۆزو تیرانە، لە ناوچەیەکدا، نیشتەجێ بوون (رەنگائەستوسەد) یان پێ وتووەو تا ئێستەش نازانرێت، ئەو ناوچەیە، چ جێگایێ‌و چ ناوچەیێ کەوتووە.

من وای بۆ دەچم، کە ناوچەی شیرازی ئەمڕۆ بێ!

(ط) – لە ئاڤێستادا، ناوی (ئەیریا) هاتووەو لە لایەن (پارثۆلۆمی)یەوە (ئەیریە = airya) نووسراوە.

لە پارسی کۆندا، هەر هەمان وشە بە هەمان رووالەت‌و ئاوازەوە بە کار هاتووە. لە سانسکریتیدا وشەکە بووە بە (ئاریا = ārya̅) و هەندێ جاریش (ئاریە = ārya)یە.

(ئەیریەن ڤەچ) یان (ئەیریەن ڤاچ) یان (ئاریان ڤاچ)، زاراوێکی لێکدراوە، پێك هاتووە، لە وشەی (ئەیریەن)و لە قەدی (ڤەچ).

وشەی (ئێریا)، یان (ئاریا) ناوی گەل ئارییەکانە، کە هەزاران ساڵێك پێش زایین، ناوچەی (ئاسیای ناوەڕاست) یان بەجێ هێشتووەو بەم بەولادا پرژو بڵاو، بەرەو وڵات‌و ناوچەی جۆربەجۆر بوونەتەوەو حاڵی حازریش پێیان دەوترێت گەلی هیندۆ ئەورووپایی‌و گەلی هیندۆ – ئێرانی.

وشەی (ڤەچ = vac)، بۆ چەند جارێ، لە ئاڤێستادا هاتووەو قەدی وشەی (ڤەچەت = vacat)ە، کە بە واتای ناخافتن دێت.

هەر هەمان (قەد) وشەی (ڤەچە = vaca)ی لێوە وەرگیراوە، کە بە واتای (ئاواز) و (گۆرانی) دێت.

وشەی (ڤەژ = vaz) یان ڤاژ = va̅z)یش بە واتای (دۆعا)، (سروود) هاتووە.

جگە لەو واتایانەی وشەی (ڤەچ = vac)، کە باسمان کردن، بە واتای (وشە)، یان (پەیمان) یان (وتار)ی دینیش دیٚ.

وا دەردەکەویٚ، کە وشەی (ڤاچار = vācār)یش، کە حالّی حازر بووە بە (بازار) هەر لەوەوەو بەو هۆیەوە دروستکراوە (ب. ق. ل. ٢٤٤ — ٢٢٤٤).

ئەوجا، لیٚك‌دراوی (ئیٚریەن ڤەچ) بە واتای (ئاریانی ئاخافتن) هاتووە ئەم گەلەش (گەلی ئیٚریەن ڤەچ)، لە وڵاتیٚك‌دا ژیاون، کە هەر بەو ناوەوە ناسراوە.

پات بوونەوەی وشەی (ئەسپ)، لە ئاڤیٚستاداو ناوبانگ دەرکردنی میدیەکان بە ئەسپی ڕەسەنەوە (بە ڕادەیەك، ئەسپ‌و میدیا، هەمیشە پیٚکەوە بەستراون) بەڵگەیەکی دیکەیە، کە میدیەکان لە هەمان گەلن.

(٦) — لە بەرهەمی (کاکەیی)دا، دەربارەی وشەی (واچ = ڤاچ)ەوە ئەوەندە وتراوە، کە بتوانیٚت واتای ڕۆشن بکاتەوەو سەرچاوەی پەیدابوونیشی دیاری بکات (ل — ٨٤ تا ٩٠)

(٧) — دەربارەی زانایی‌و لیٚهاتووی‌و ڕۆشنبیری میدیەکانەوە، لە سەرچاوەی بروا پیٚ‌کراوی زۆردا، باسیان پیٚشڕەوی باسانی زانایانی دیکەی گرتووە.

بۆ ویٚنە، کە کتیٚبی ئیستەر (The book ofEsther)دا، شای (شوش)، (ئەهشەروش) تەگبیرو ڕاویٚژی سەرپیٚچی شاژن (ڤەشتی = vashti)ی خیٚزانی بەردەم حەوت ئەمیرەکانی میدیاو پارس دەخات (تەماشای ل 489— ی هۆڵی بایبل — بە زمانی ئینگلیزی، بکە).

ئەوەی، کە دەبیٚ جیٚگای سەرنج بیٚ، ئەوەیە، کە ناوی (میدیا) بەم جۆرە نووسراوە (میٚدییا = Mēdi - á)و ناوی میرەکانیشی (واتە: ناوی میرەکانی میدیا) بە ڕیشەی (میٚ = mē) دەستیان پیٚ کردووە، ئەوانیش:

(مێریس = meres)، (مارسێنە = mar - sena)، (مێموچەن = mē - mūcán)، کەچی ناوی میرەکانی پارس بەو جۆرە ریشەیە دەستیان پێ نەکردووە.

ئەمەش، بێ‌گومان، ئەوە دەسەلمێنێ، کە ناوی میدی باو، بەو برگەو ریشەیە دەستی پێ کردووەو لەوانەشە زوربەی زۆری ناوی جێگاو شوێنەپیرۆزو گەورەکانیان هەر بەو ریشەیە دەستی پێ کردبێت، یان ئەو ریشەیەی تیادا بووبێت.

هەر لەبەر ناوداری‌و ناوبانگی میدیا، لە کتێبی (دانیال)دا، وا هاتووە، کە داریۆش شای (میدیا) بووەو لەو ڕووەشەوە ناوی (پارس) نەهێنراوە (تەماشای کتێبی دانیاڵ، چاپتەر «5» «30» ل 797، بە زمانی ئینگلیزی - هۆلی بایبڵ - بکە).

یان لە کاتێکدا، کە بابل کەوتە ژێر دەسەڵاتی (کۆرش)ەوە. (کۆرش) فەرمانی دا، کە پشکێنەرەکان بە ناو گەنجینەو خەزینەی گەوهەرو نووسراوەکانی گەنجێنەو ئەنتیکە خانەکەی دا، بگەرێن، بۆ ئەوەی چ نووسراوێکی میدیای ئەگەر هەبوو بۆ کتێبخانە کۆشکی (ئەهمیتا aehmetha)، لە (ئەکباتان = هەمەدان) بیگێرنەوە (تەماشای، ل - 468، چاپتەر - 46 - ی خالی دووەمی هۆلی بایبڵ، بە زمانی ئینگلیزی بکە).

(٨) - زوربەی زۆری ئاڤێستا ناسان، وای بۆ دەچن، کە زمانی ئاڤێستا زمانی دینی، یان شێوەزاری دینی میدیەکان بووبێ (تەماشای، ل - چهار - مقدمە پووراود - فەرهەنگی برهان قاطع، جلد، ١ - ث - بکە).

ئەمە، ئەگەر گومانی لێ نەکرێ‌و ئەم‌لاو ئەولای نەبێ، بێ‌گومان ئەو شێوەزارە دینی‌یە، زمانی رەسمی‌و رۆشنبیری میدیەکان بووە، چونکە ئەو دەم‌و

وەختە دین و سەرپەرشتیکەری دینی پێشڕەوی دەوڵەت و میللەت بوون، لە هەموو روویەکەوە.

ئەگەرچی، بەڵگەی زمانناسیانە، لەو رووەوە زۆرن، بەڵام هەر لەوە زۆرترو قووڵتریشی پێ دەوێت، تاوەکو گومان لە رێڕەوی بیرداو لەو رووەو بە هیچ جۆری نەمێنێ و لەناو ببرێ.

●

## سەرچاوەی کوردیی .

١ - خوسرەو شیرین، خانای قوبادی - محمدی مەلا کریم - چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا، ساڵی ١٩٧٥ .

٢ - پەندی پێشینان، شێخ محمدی خاڵ، چاپخانەی کامەران، سلێمانی، ١٩٧١ .

٣ - دیوانی ئەحمەد موختارجاف. چاپخانەی هەولێر، هەولێر، ١٩٦٩ .

٤ - تەزووی رازونیاز - محەمەدئەمین - پێنجوێنی، بەغدا، ١٩٨٥ .

٥ - ئیدیۆم لە زمانی کوردیی دا، جەلال مەحموود عەلی، چاپخانەی (الحسام)، بەغدا، ساڵی ١٩٨٢ .

٦ - دیوانی شاهۆ، کاردۆخی، چاپخانەی ڕاپەرین، سلێمانی، ساڵی - ١٩٨٦ .

٧ - شین‌وشادی، چاپخانەی (الادیب البغدادیة)، بەغدا، ساڵی - ١٩٧٦ .

٨ - ديوانى كاردۆخى، كاردۆخى، چاپخانەى (دار الحرية للطباعة)، بەغدا، ١٩٧٨ .

٩ - بەرهەمى ژيان، ئەمين نەقشبەندى (بێوەى)، چاپخانەى (شفيق)، بەغدا، ١٩٨٠ .

١٠ - ناسۆرى دەروون، ع. ح. ب چاپخانەى (سلێان الاعظمي) بەغدا، ١٩٦٨ .

١١ - ديوانا مەلايێ جزيرى، صادق بهاء الدين، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ١٩٧٧ .

١٢ - وەلى دێوانە، عوسمان هەورامى، چاپخانەى كۆڕى زانيارى كورد، بەغدا، ١٩٧٦ .

١٣ - ديوانى بێكەس - محمدى مەلا كريم - چاپخانەى (الاديب البغدادية)، بەغدا، ١٩٨٠ .

١٤ - لەيلێو مەجنوون، محەمەد ئەمين هەورامانى، چاپخانەى (العلاء)، بەغدا، ١٩٨٥ .

١٥ - ديوانى رەنجوورى - محەمەد عەلى قەرەداخى، (افاق عربية)، بەغدا، ١٩٨٣ .

١٦ - ميزرا ئۆلقادرى پاوەيى - محەمەد ئەمين هەورامانى، چاپخانەى كۆڕ، بەغدا ١٩٨٤ .

١٧ - كاروانى شيعرى نوێى كوردى، كاكەى فەللاح، چاپخانەى كۆڕ، بەغدا، ١٩٧٨ .

١٨ – ديوانى گۆران، چاپخانەى كۆڕ، بەغدا، ١٩٨٠ .

١٩ – تاريكو روون، هێمن، بەغدا، ١٩٧٤ .

٢٠ – ديوانى پيرەمێرد، محمد رسولٚ هاوار، چاپخانەى (العانى)، بەغدا، ١٩٧٠ .

٢١ – ديوانى مەحوى، محمدى مەلاكريم، مەلا عبد الكريمى مدرس، بەغدا، ١٩٨١ .

٢٢ – ديوانى قانيع، بورهان قانيع، چاپخانەى زانكۆ، سلێمانى، ١٩٧٩ .

٢٣ – رازى تەنيايى، هەردى، سلێمانى، ١٩٨٥ .

٢٤ – فەرهەنگى لەكۆلوڕ. زامدار، چاپخانەى كۆڕ، بەغدا، سالى، ١٩٧٨ .

٢٥ – رۆشنبيرى وەلى دێوانە، محەمەد ئەمين هەورامانى) چاپخانەى (علاء) بەغدا، سالٚى ١٩٧٩ .

٢٦ – قامووسى زمانى كوردى – عبد الرحمن محمد امين زەبيحى – چاپخانەى كۆڕ، ١٩٧٧ .

٢٧ – ميديا، دياكۆنۆف – و. بورهان قانيع، چاپخانەى (دار الحرية)، بەغدا، ١٩٧٨ .

٢٨ – فەرهەنگى مەهاباد – گيو موكريانى، چاپخانەى كوردستان، هەولێر، سالٚى ٢٥٧٣ – ى كوردى .

٢٩ – فەرهەنگى مەردۆخ، كوردى، فارسى، عەرەبى، ناشر : انتشارات غريقى – سنندج – ١٩٦٢ .

٣٠ – ديوانی مەولەوی، مەلا عبد الكريمی مدرس، چاپخانەی (النجاح)، بەغدا، ساڵی ١٩٦١ .

٣١ – ديوانی صەيدی هەورامی، كاردۆخی، چاپخانەی كامەران، سلێمانی، ١٩٧١ .

## سەرچاوەی بێگانە :

(١) – أوستا، نامەی مينوی أيين زرتشت، تاليف ابراهيم پورداود، انتشارات مرواريد، تهران، ساڵی ÷ ١٣٤٢ .

٢ – تأريخ كرد وكردستانو (توابع) تاليف شيخ محمد مردوخ كردستانی – چاپی سێیەم .

٣ – دستورنامە، در صەرف‌ونحو پارسی. تاليف دكتر محمد جواد مشكور از انتشارات : موسسە مطبوعاتی مشرق، خيابان شاه أباد – ١٣٤٦ .

٤ – فرهنگ فارسی ؛ پهلوی، تاليف دكتر بهرام فرەوشی، سبلسلەی انتشارات انجمن اثار ملّی .

٥ – تأريخ زبان پارسی. دكتر پرويز ناتل خانلری، جلو أول چاپ ششم انتشارات بنياد فرهنگ ايران .

٦ – برهان قاطع – تاليف محمد حسين بن خلف تبريزی متخلص ببرهان .

٧ – تأريخ مشرق قديم، حسن پيرنيا (مشير الدولة) مركز بخش انتشارات عطار.

## سەرچاوەی بێگانەی دیکە.

١ – اوستا:

گاثەها، سرودهای زرتشت، یسنا، یشت‌ها، ویسپرد، فردەاوستا، ترجمة، تفسیر یادداشتها، واژەنامه نوشتەوتحقیق، هاشم رضی، ١٣٦٣، انتشارات فرەهر، تاران.

٢ – گاتها. سرودهای پیغمبر ایران سپیتمان «زرتشت».

کهنترین بخشی است از نامه اسمانی اوستا
گزارس پورداود، نشریه انجمن زرتشتیان ایرانی (١٩٥٢) بمبای.

## هەندێ سەرچاوەی ئینگلیزی :


1 — S. N. Sokolov, The Avestan Language.

Translated, by L. Navrozov.

Nauka Publishing House.

Central Department of Oriental Literatuve, Moscow, 1967.

2 — Th Holy Bible, Containing the Old and New Testaments set forth in 1611.

A nd Commonly known as the king James

Version, Amevican Bible Society, New York.

3 — A History of Sanskrit Literature, by Arthur A. Macdonel, M. A. Dh. D.

4 — An Avestan Grammar, in Comparison With Sanskrit, by A. . William Jackson, of Columbia College, New York City. 1892.

5 — Akurdish English Dictionary, Taufig Wahby and C. J. Edmonds, Oxford, At the Clarendon Press, 1966.

6 — The Advanced Dictionary Of Current English A. S. Hornby, E. . Gatenby H. Wakefield

London

Oxeord University Pres.

# سەرچاوەی عارەبی


١ – القنديداد – د. داود الجلبي الموصلي – مطبعة الاتحاد الجديدة – الموصل ١٩٥٢ .

٢ – تراث فارس – ا. ج أيرى. وقد ترجمه الى العربية نخبة من اساتذة جامعة القاهرة، كلية الاداب وهم :

محمد كفاحى، السيد يعقوب بكر، احمد الساوائي، محمد صق خفاجة . اشترك في كتابته، وراجع ترجمته يحيى الخشاب، قاهرة، ١٩٥٦ .

٣ – المنجد في اللغة والادب والعلوم، بيروت، المطبعة الكاثوليكية، ١٩٥٦ .

٤ – ماكتب عن اللغة الكردية، ترجمه محمد امين الهورامان، مطبعة المجمع العلمي العراقي، ١٩٨٠ .

٥ ـ من تراثنا اللغوي القديم، طه باقر، مطبعة المجمع العلمي العراقي، ١٩٨٠ .

٦ – ايران في عهد الساسانيين. كريستنس – ترجمة يحيى الخشاب، ومراجعة عبد الوهاب العزام، القاهرة، ١٩٥٧ .

٧ – الفردوسى – الشاهنامه – دار العلم للملايين – بيروت – ترجمة سمير مالطى، ١٩٧٧ .

٨ – مروج الذهب ومعادن الجوهر، المسعودي، ح/١، ٢، ٣، ٤، دار الاندلس للطباعة والنشر، بيروت، الطبعة الثانية ١٩٧٣ .

٩ – حملة العشرة الاف – الحملة على فارس – للمؤرخ الاغريقي زينوفون، ترجمها عن الانكليزية يعقوم افرام منصور، مطبعة جامعة الموصل – ١٩٨٥ .

١٠ – دراسات كردية – في بلاد سوبارتو – الدكتور جمال رشيد، دار افاق عربية، بغداد – ١٩٨٤ .

## له بەرهەمەکانی نووسەر

١ – چۆن ئەبیتە مامۆستایەکی سەرکەوتووی زمانی ئینگلیزی. چاپخانەی (سلمان الاعظمي)، بەغدا، ١٩٧٢ .

٢ – فۆنەتیکی زمانی کوردی، چاپخانەی (الجاحظ)، بەغدا، ١٩٧٤ .

٣ – سەرەتای فیلۆلۆژی زمانی کوردی، چاپخانەی (المعارف) بەغدا، ١٩٧٤ .

٤ – رۆشنبیریی ی وەلی دیوانە. چاپخانەی (علاء) بەغدا، ١٩٧٩ .

٥ – زارەکانی زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا. چاپخانەی (الموسسة العراقية، للطباعة) بەغدا، ١٩٨١ .

٦ – میرزا ئولقادری پاوەیی، چاپخانەی کۆڕی زانیاری، بەغدا، ١٩٨٤ .

٧ – کاکەیی، چاپخانەی (الحوادث)، بەغدا، ١٩٨٥ .

٨ - لەیلی‌ومەجنوون، چاپخانەی (علاء)، بەغدا ١٩٨٥ .

٩ - فەرهەنگی قوتاییان - وەرگێرانی : عەبدولاّشالّی‌و جەمال عەبدول‌و محەمەد ئەمین هەورامانی .

١٠ - ما کتب عن اللغة الکردیة (ترجمة). مطبعة المجمع العلمي الکردي، بغداد، ١٩٧٨.

ئەو بەرهەمانەی کە ئامادە کراون :

---

١ - فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ - ئەمەیە لەبەر دەستت‌دا .
٢ - زمانی ئاڤێستا - وەرگێرانە لە ئینگلیزی‌یەوە بۆ کوردیی .
٣ - مێرووی رێبازی زمانی کوردیی - هێشتا سپی نەکراوەتەوە .

٤-فەرهەنگی زاراوو ئیدیومی زمانی کوردیی. ئامادە کراوەو کۆر - دەستەی کورد - لە کۆبوونەوەیەکی مانگی (٢ - ٣)ی ٩٨٧ دا بریاری لە چاپ‌دانی داوە.

رقم الايداع في المكتبة الوطنية ببغداد ٥٨٠ لسنة ١٩٨٧

مطبعة سومر هاتف ٧١٩٩٧٤٣